# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٤٩)- (١٦)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٣



## کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس

## خستنەڕووی مەترسییەکانی ئێستا و ١٠ ساڵی داهاتووی جیهان




# سەردانی ڤیەننا


## دیدار لەگەڵ دکتۆر فیشەر سەرۆکی پەرلەمانی نەمسا و پییێر مۆروا سەرۆکی سۆشیالیستی ئینتەرناشناڵ

٥٠

لە ١ی حوزەیرانی ١٩٩٣دا، من و کاک موحسین دزەیی سەردانی ڤیەننامان کرد، ئەویش لەسەر بانگهێشتی فەرمیی دۆستی گەلەکەمان و، دۆستی تایبەتیم، دکتۆر فیشەر، سەرۆکی پەرلەمانی نەمسا بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی حیزبی سۆشیالیستی نەمسا. لە دیدارێکدا لەگەڵ فیشەر بە دووورودرێژی باسی بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە بەگشتی کرا. فیشەر بایەخ و گرنگییەکی زۆری بە بابەتەکان دا. کۆنگرەکەیان ڕۆژێکی خایاند، بەڵام کۆنگرەیەکی ڕێکوپێک بوو و بەبێ گرفت بەڕێوە چوو.

سەردانەکە دەرفەتێکی باش بوو چەندین کەسایەتی و هەروەها پییێر مۆروا، سەرۆکی سۆشیالیستی ئینتەرناشناڵ ببینم. هەروەها دەرفەتێکی باشیش بوو بۆ چارەسەری سەردانی پزیشک بکەم، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو بەهۆی جیووب ئەنفی (سینۆزێت)ـەوە هەستم بە ئازار دەکرد، نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوویان بۆ کردم، سوپاس بۆ خوا بە تەواوی چارەسەر بوو. هەروەها لەو دەرفەتەدا لەگەڵ هەڤاڵانی ڕێکخراوی نەمسا کۆ بوومەوە باسی بارودۆخی گشتی و کوردستانم بۆ کردن.

# چاپکراوی نوێ




لە خانەی وەشانی زانکۆی جیهان-جیهان پرێس، بەرگی یەکەمی دیوانە شیعری (یقول المعلم) لەلایەن دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر بە زمانی عەرەبی چاپ کراو کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، ئەم دیوانە شیعرییە لە چەندین بەش پێکهاتووە، تایبەت بە خۆشەویستی و پێنووس و هەڵبژاردەی هەمەجۆر، دکتۆر نەوزاد وەك پزیشك و شاعیرو شێوەکارو مامۆستا و پەروەردکار توانیویەتی زۆر ڕاشکاوانە پێداگری لەسەر کۆی مەبەست و مەرامەکانی نێو دێڕ بە دێڕی ئەو بەرهەمەی بکات، ڕۆڵی قوتابخانەو مامۆستای لە پێگەیاندنی نەوەیەکی خاوەن مۆراڵ و ڕەوشتی ڕەسەن بەرجەستە کردووە، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە ڕۆڵی مامۆستا تەنیا فێرکردنی خوێندەواری و پێدان و گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو لەوە زیاتر و پیرۆزترە، ئەویش ئاراستەکردنی پەروەردەیی و سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و خۆشویستنی نەتەوەیە.

ئەم کتێبەی دکتۆر نەوزاد سەدان وتە و ئامۆژگاری و پەند و چەمکی پەروەردەیی تێدایە، وەك ڕێبەرێکی پەروەردەیی وایە کە مامۆستا لەمەوە دەتوانێت بەها مرۆیی و مۆرالی و نیشتمانی و جوانییەکانی ژیان لای قوتابی پەرە پێ بدات، لە پێناو ئامادەکردنی نەوەیەك هەڵگری بیروبۆچوون و هزری بنیاتنەرو ئامانجدار بێت.

دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر پزیشکێکی پسپۆرە لە نەشتەرگەریی دڵ، نموونەی مرۆڤێکی سەرکەوتووە و توانایەکی بێ سنووری هەیە لە زانست و پەروەردەو ئەدەب و نووسیندا، یەکێکە لەوانەی پێشەنگن لە دامەزراندنی زانکۆ و قوتابخانەو ناوەندی هونەری و کەلەپووری و پیشەیی، جگە لەمانەش هونەرمەندێکی شێوەکاری داهێنەرە، چەندین کتێبی بڵاوکردووەتەوە ، گرنگترینیان (کوردستان لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا) کە (١٢)بەشە، هەروەها ئەلبوومێکیشی بە دەیان تابلۆ چاپ کردووە، دەستخۆشی لە دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر دەکەین بۆ ئەم بەرهەمەی کە ناوو ناوبانگی مامۆستای بەم شێوەیە لەمیانی دێڕە هۆنراوەکانی ناو ئەم دیوانە بەرز ڕاگرتووە.. بە هیوای داهێنان و بەرهەمی زیاتر.





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالّح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالّح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*


## مامۆستا مەلا خدر مستەفا خەلیفانی:




**سەرۆک مسعود بارزانی وەک باوکێک پێویستیی ئەم قۆناغەیە بۆ کوردستان**

## ئیسماعیل مستەفا ڕەشید:



**بە گوژمەی ١٨ ملیار دینار سایلۆیەک لە بەردەڕەش دروست دەکرێت کە توانای هەڵگرتنی ٤٠ هەزار تۆن گەنمی هەیە**

## دکتۆر هومام ئەلشەماع:



**بانکەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە متمانەی جەماوەر بەدەست بهێننەوە**

## پرۆفیسۆر مارک کاتز:



**شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا هاوشێوەی شەڕی عێراق و ئێران درێژخایەن دەبێت**

د.کابان عەبدولکەریم شێخ عەلی:



**لە کوردستان جێگەی هزری توندوتیژیی نامۆ بە ئیسلام و کەلتووری کوردەواری نابێتەوە**




**هەڵکشانی ڕێژەی تاوان و جێبەجێنەکردنی سزای لەسێدارەدان، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت**

**داتاشۆ دەبێتە تیڤیەکی کوالیتی بەرز**



**ئایا کەشی سارد هاندەرە بۆ نەخۆشی؟**




**١٩٨٦/١/٢٠ ئەو ڕۆژەی بە یەکجاری ئەیاز زاخویی ماڵئاوایی لە (دایێ و چوخک و کەڤوک و نەورۆز) کرد**



لاجان ماهیر:

**منداڵی ئۆتیزم بەشێکیان بەهرەدارن و پێویستە بەهرەکانیان وێنا بکرێت**



# دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی بیری نەتەوەیی لەلای مستەفا بارزانی





سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، زۆر کەس باسی ژیاننامە و لایەنی ڕێبازی شۆڕشگێڕیی مەلا مستەفا بارزانیی نەمریان کردووە، بە گرنگییەوە ئاماژەیان بە شۆڕشی نەتەوەیی و دیموکراسیی ئەیلوول کردووە، هاوکات بە ڕێزو پێزانینەوە هەڵوێستە سیاسییەکانیان هەڵسەنگاندووە لە ڕووی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردەوە لەگەڵ دراوسێکاندا، هەروەها لەگەڵ کێشە و دۆزی گەلی کوردستانی عێراق و ڕژێمی سیاسی لە عێراقدا و پرسی شەڕ و ئاشتی و پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب، لەگەڵ بارودۆخی ئیقلیمی و گشتیی نێودەوڵەتی، بەڵام کەم کەس بە وردەکاری و دووروودرێژییەوە چوونەتە قووڵایی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی لای ئەو ڕابەرە مەزنە و ئەو گۆڕانکارییانەی لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا ڕوویان داوە.

**لە میانی وتارە مێژووییەکەیدا لە کۆنگرەی باکۆ- کە لە تاراوگە بوو- لە ١٩/ ١/ ١٩٤٨، کە کوردانی ئێران و عێراق و سووریا ئامادەی بوون، لەم کۆنگرەیەدا بۆ یەکەم جار و بە ئاشکرا و ڕاشکاوی بارزانیی نەمر باسی پرسە سیاسی و فکرییەکان و پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی کرد**

## ● لە پاڵپشتیکردنی کۆماری کوردستانەوە لە مەهاباد بۆ کۆنگرەی باکۆ

پێش هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە دەستی بەسەر هەموو خاکی مێژوویی کوردستاندا گرتبوو، جگە لەو بەشەی کە بە دەوڵەتی سەفەوی – ئێرانییەوە لکا بوو، ئامانجی گشتی بانگەوازەکان و بزووتنەوە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی کورد بریتی بوون لە ڕزگارکردنی کورد و نیشتمانەکەیان لە هەموو شوێنێك، بەڵام دوای قۆناغی



**بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی لە ساڵانی سەردەمی ئەودا، سیاسەتێکی دروستی پەیڕەو کرد، لەبەر ڕۆشنایی پابەندبوون بە جەوهەری هزری نەتەوەیی و دیموکراسی**

دابەشکردن، بزووتنەوەی هەر بەشێك مەحکووم بوو بە چەند مەرجێك و واقیعی تازەی سنوور و جیۆسیاسییەوە، هەروەها بە یاساگەلێکی نوێی لای دەوڵەتانی سەربەخۆ، لەوانە سووریا و تورکیا و عێراق و ئێران و هەندێ بەشی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، بە شێوەیەك کە بەرنامەکانی هەموو بزووتنەوەکانی خەباتی کوردی تایبەت بوون بە کێشەی هەر بەشێکیان بە تەنیا، لە چوارچێوەی قەوارەگەلێکی تازەدا، بۆیە بزووتنەوەی کوردی مۆرکی سەرتاپاگیری نەتەوەیی و مێژوویی خۆی لە دەست دا، کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گەشەی کردبوو، بەمەش گۆڕا بۆ قۆناغی مامەڵەکردن لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی هەموو بەشێك، بێ ئەوەی هەستی نەتەوەیی بەرانبەر بە یەکدی لە دەست بدرێت، بە حوکمی یەك کەلتووری و ئیرادەیەکی هاوبەش و مێژووی کۆکەرەوەی نێوان کورد لە هەموو شوێنێك.

بیری نەتەوەیی لای بارزانیی نەمر لەم چوارچێوەیە دەرنەچووە، ئەو لە ژینگەیەك پەروەردە بووە کە هەستی سەرتاسەریی نەتەوەیی باڵی بەسەردا کێشابوو، ئەو ژینگەیەی کە لە پێکەوەڕۆیی دانەبڕابوو، کارلێك بوو لەگەڵ بزووتنەوەی (خۆیبوون)ی کوردستانی کە لە کوردستانی سووریاوە سەری هەڵدا، هەروەها لەگەڵ هەردوو ڕاپەڕینەکەی عوبەیدوڵڵا نەهری و شێخ سەعیدی پیران لە کوردستانی تورکیا، لە بەرجەستەبوون و دەرکەوتنیدا بەشداریکردنی کردەیی لە پرۆژەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهابادی ئێراندا، سەرەتاکان بەم شێوەیە بوون، کاتێ بیری نەتەوەیی لەلای بارزانی سەری هەڵدا، بە ئەزموونیش دەوڵەمەند بوو، هاوکات بە ئاگابوو لە تایبەتمەندییەکانی فرەیی و لایەنە هاوبەشەکانی خەباتی کورد و ئاشنابوون بە ڕەوشی گەلی کورد لە هەموو شوێنێکدا.

لە میانی وتارە مێژووییەکەیدا لە کۆنگرەی باکۆ- کە لە تاراوگە بوو- لە ١٩/ ١/ ١٩٤٨، کە کوردانی ئێران و عێراق و سووریا ئامادەی بوون، لەم کۆنگرەیەدا بۆ یەکەم جار و بە ئاشکرا و ڕاشکاوی بارزانیی نەمر باسی پرسە سیاسی و فکرییەکان و پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی کرد، دەقی وتارەکەی لە کتێبەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بڵاو کراوەتەوە، کە تێیدا ستراتیژیەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی خستووەتە ڕوو، لەم قۆناغەشدا دوژمنان و دۆستانی لە یەکدی جیا کردووەتەوە، ناوەرۆکی ستراتیژیی هزری و بنەڕەتی لە فیکری هەمەلایەنەی نەتەوەیی بارزانی بە ڕوونی لە کۆنگرەی باکۆ بەدەرکەوت.

زۆرینەی مێژوونووسان دووپاتی دەکەنەوە کە ئەمە یەکەم جار بووە کە بارزانی ئاماژە بە بواری فیکری دەکات، باس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بزووتنەوە و ململانێیەکانی ناوچەکە دەکات. بە ڕای من ئەمە هەوڵێك بووە بۆ دۆزینەوەی پێگەی کورد لە ناوچەکە، چونکە کورد پێش ئەوە هیچ پێگە و ڕۆڵێکی نەبووە کە باس کرابێت. بارزانی هەوڵی دەدا لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بگەیەنێت کە ٢٠ ملیۆن کورد - ئەو کاتە — لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوون، دەتوانن ڕۆڵی گرنگ لە ناوچەکە ببینن، کورد پابەندن بە شۆڕشی جیهانییەوە دژی کۆلۆنیالی داگیرکار، ئەوان ئاشتیخوازن، ئەم وتارە چووەتە نێو ئەرشیڤی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و باس و خواستی زۆری لەسەر کراوە.

بەڵام وتارە سەرتاپاگیرییەکەی لە — کۆنفرانسی سیاسی و سەربازیی کانی سماق لە ١٩٦٧/٤/١٥(بە ڕێکەوت من لەوێ بووم، یەکەم سەردانم بوو بۆ لای بارزانی و ناوچە ئازادکراوەکان، ئاگاداری ئەو کۆنگرەیەی سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگە و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی بووم)، وتارەکە زیاتر جەختی کردەوە لە کاروبار و ئایندەی هەرێم، گواستنەوەی لە گشتی نەتەوە بۆ تایبەتیی کوردی عێراق بەرجەستە کرد. بارزانی سەرۆکی حزبێکە سەرکردایەتیی شۆڕش دەکات لە جوگرافیای کوردستانی عێراقدا، شۆڕشیش دروشمی (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) بەرز دەکاتەوە، کاتێکیش شۆڕش بەرپا بوو، کە بە بڕیاری سەرکردایەتیی پارتی بوو لە عێراق، کوردیش سەرکردایەتی کرد، بەڵام کاروباری گشتیی نەتەوەیی کوردستانی لە چوارچێوەی

پەیوەندییەکانی هەماهەنگی و هاوکاری بە سەرپەرشتیی ئیدریس بارزانیی هەمیشە لە یاد ڕێکخرا، ئەمەش بێ ئەوەی هاوسۆزیی نەتەوەیی کورد لەگەڵ شۆڕش و خەباتی گەلی کوردستانی عێراق فەرامۆش بکرێت لە هەموو شوێنێکدا، لە سۆنگەی ئەوەی کە کوردی ناوچە و جیهان دەرکیان بەوە دەکرد کە ئەم ئەزموونە خەباتگێڕ و درێژخایەنە گرنگ و پڕ لە پەند و وانەیە، کە بەڕاستی سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە وەدیهێنانی مافەکان لە چوارچێوەی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، بەپێی ئیرادەی گەلی کوردستانی عێراق.

بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی لە ساڵانی سەردەمی ئەودا، سیاسەتێکی دروستی پەیڕەو کرد، لەبەر ڕۆشنایی پابەندبوون بە جەوهەری هزری نەتەوەیی و دیموکراسی کە لەسەر زەمینەی واقیعدا بەم شێوازنەی خوارەوە بەرجەستە بوو:

یەکەم- پەنابردن بۆ بەرزکردنەوەی دروشمی توندڕۆیی نەتەوەیی، دوورکەوتنەوە لە پڕۆپاگەندەی ڕاگەیاندن، بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی کورد لە هەموو شوێنێك، بەڵکو بەرجەستەبوونی بابەتییانە لە کاروباری گەلی کوردستانی عێراق، هەروەها قبووڵکردنی تایبەتمەندیی بزووتنەوەکانی کورد لە بەشەکانی دیکە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا لەسەر ئەم بنەمایە.

دووەم- دانان بە پێکهاتەی نەتەوەیی، کەلتووریی فرەیی لە کۆمەڵگەی کوردستانی عێراقدا، قبووڵکردنی یەکدی بە جیاوازیی ئیتنی و ئایینی و ئایینزایی بە هەبوون و بە ماف.

سێیەم – پارێزگاریکردن لە پەیوەندیی تەواوی نەتەوەیی و نیشتمانی لەسەر ئاستی عێراق، پەیوەندیی دۆستایەتی و پێکەوەژیانی نێوان گەلانی عێراق و بە دەستپێکێك دابنرێت بۆ ئەوەی ئێستا و ئایندەی لەسەر بنیاد بنرێت.

چوارەم- پابەندبوونی هەمیشەیی و بەردەوام بە پرەنسیپی سامی کە لای گەلانی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین ناسراوە و لەسەری ڕێککەوتوون، تا ئێستا بووەتە بنەمای بنەڕەتیی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی گەلان لە ئازادی و سەربەخۆیی و بنیادنانی دەوڵەت.

لەبەر ئەو ڕێبازە نەتەوەیی و دیموکراسییە، بارزانیی نەمر بوو بە مایەی ڕێز و خۆشەویستی و پێزانینی گەلی کوردستانی عێراق، هەروەها لەلای کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و ئازادیخوازانی ناوچەکە و جیهان.

بە داخێکی زۆرەوە دەبینین لەم هەلومەرجەی ئێستادا چەند ڕەوت و گرووپێکی سەرکێش لە هەندێ بەشی کوردستان بەتایبەتیش لە گۆڕەپانی کوردی سووریادا گەشە دەکەن، کە زیان و تەگەرە بۆ کێشەکانی کورد دێننە ئاراوە، چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراسی بۆ کێشەی نەتەوەیی کورد بەپێی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین ڕەت دەکەنەوە، هەروەها نەریتی ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوە لە هەموو بەشەکان دەبەزێنن، تەنانەت بە زۆری زۆردارەکی دەست دەخەنە نێو کاروباری تایبەت بۆ بەرژەوەندیی ئەجێندای ڕژێمە شۆڤێنییەکانی هەرێمەکە، لە کاتێکدا هەر ئەوان دەستەوەستانن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ بزووتنەوەکە لە وڵاتە ڕەسەنەکانی خۆیاندا، ئەوانە چارەنووسی بزووتنەوەکانی کورد لە وڵاتەکانیان دەخەنە بەر مەزادی بەرژەوەندییە حزبی و ئایدیۆلۆژییەکان، هەروەها مەیلی بەسەربازیکردنی ناکام و بێ تواناکان لە ئافرەتان و پیاوان بڵاودەکەنەوە، ئاژاوە و ململانێ دەنێننەوە لە ناوەندە کوردییەکانی بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا.

بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەم هەلومەرجەی ئێستادا چەند پێویستی بەوەیە کە سوود لەو ڕێڕەوە خەباتگێڕییە ببینێت کە بزووتنەوەی کورد لە عێراق بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر پەیڕەوی کرد، هەروەها پابەندبوون بەتایبەتیش بە شێوازی ئیدارەدانی سەرکەوتووانەی پەیوەندییە نەتەوەییەکان لەسەر بنەمای هاوکاری و هەماهەنگی، هاوکات ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانی دیکە لە ڕووی سیاسەت و بیروبۆچوون و بەرژەوەندییەکان.

**لەبەر ئەو ڕێبازە نەتەوەیی و دیموکراسییە، بارزانیی نەمر بوو بە مایەی ڕێز و خۆشەویستی و پێزانینی گەلی کوردستانی عێراق، هەروەها لەلای کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و ئازادیخوازانی ناوچەکە و جیهان**

# شوناس.. گرفتی پێناسە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هاوچەرخدا

تا ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر دەستەواژەیەکی یەکگرتوو سەبارەت بە مافی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی بازنەی زۆربەی حوکمڕان لە دەوڵەتی نەتەوەییدا ڕێك نەکەوتووە. بەشێك لە نەبوونی ئەو ڕێککەوتنە بۆ فرەبوونی ئەو پێکهاتانە لە بواری چەندایەتی و چلۆنایەتی و شوناسدا دەگەڕێتەوە.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دەستنیشانکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا تا ئێستا بەرجەستەبوونی ڕێککەوتن و سازشی دیاردەی دروستبوون و بەردەوامبوونی مۆدیلی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی دوای ڕێککەوتننامەی ویستفالیایە کە لە ساڵی ١٦٤٨دا کۆتایی بە شەڕی نێوان ئایینزا کرستیانییەکان لە ئەورووپا و بە ڕۆڵی سیاسیی کەنیسە هێنا و، پرەنسیپی سەروەریی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەستتێوەرنەدان لە کاروباری سنووری دەوڵەتانی ئەورووپای دروست کرد.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هاوچەرخ و دەوڵەتی نەتەوەیی بەردەوام کاری کردووە بۆ سنووردانان و دەستنیشانکردنی ئاست و ناوەڕۆکی داواکاریی ئەو پێکهاتانە لە ڕێگای ئەوەی کە چەمکی مافی مرۆڤ و تاکەکەس لە جیاتی مافی تاکە کەسێکی ئەندامی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی خاوەن کەلتووری تایبەتدا بێت و، جێبەجێکردنی مافی ئەو پێکهاتانەی بە هەڕەشە لە سەر بوون و بەردەوامبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی داناوە.

لە بواری فرەکەلتووریدا کە لەم بابەتەدا لە جیاتی دەستەواژەی «میلٚتی کەلتووری لیبراڵی» بەکاری دەهێنم، ژمارەیەك پێکهاتە لەو بازنەیەدا واتە فرەکەلتووری کۆدەبنەوە کە کۆمەڵگەی فەرمیی نێودەوڵەتی بە مافی کەمایەتی ناوی دەبات.

هەر لە بازنەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە کەلتوورییەکانی بە دەر لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی زۆربەی حوکمڕان لە دەوڵەتی نەتەوەییدا، کۆمەڵێك دەستەواژەی دیکە بەکار دێن و هەر یەك لەوانە ئەستەمە لە نێو مافی کەمایەتییەکان کۆبکرێتەوە، لە کاتێکدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی زۆربەی بەردەوام بە ژمارە دەستنیشان کراوە و، هەندێ جاریش کەمایەتییەك بە ژمارە ڕۆڵی زۆربەی بینیوە، وەك حوکمی سپی پێستەکان لە ئەفەریقیای باشوور لە سەردەمی سیستمی ئەپارتاید، و حوکمی کشتالییەکان لە ئیسپانیا کە خۆیان بە سەر دەوڵەتدا سەپاند، لە عێراقیشدا حوکمی سوننە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تا ساڵی ٢٠٠٣.

هەر چەندە کارکراوە کە دەستەواژەی «مافی فرەکەلتووری» بە فراوانی بۆ دارشتنی جۆرە سیاسەتێك بەکار بێت، کە ئاستێك لە ددانپێدانانی گشتی و پشتگیریکردنی ناوەندێکی بەرفراوانی کۆمەڵگە ڕەگەزییە کەلتوورییەکانی دەرەوەی بازنەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دەسەڵاتدار، و مافەکانیان دابین بکات، بەڵام هەر جۆرە پێکهاتەیەك لەو ناوەندە فراوانە، شوناس و تایبەتمەندیی خۆی

**به شێوەیەکی کردەیی ناکۆکی لەسەر پێناسەکردنی دەستەواژەی کەمایەتی و مافەکانی هەیە. بۆ نموونە لە بەریتانیا دەستەواژەی کەمایەتییەکان تەنیا بۆ ئەو پێکهاتانە بەکار دێت، کە بە نوێی کۆچیان بۆ ئەو وڵاتە کردووە**

**دانیشتووانی ڕەسەن لە زۆربەی وڵاتان بە دەستەواژەی کەمایەتی قایل نین، و ئەگەر بڕوانینە ئۆسکوتلەندا و ویلز ئەوا خۆیان بە گەل، یان نەتەوە دادەنێن**



**د. کاوە مەحموود**
سکرتێری حزبی شیوعیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

هەیە و ئەندازەی داواکارییەکانیشیان لە یەك ئاستدا نین.

لە چوارچێوەی پێکهاتەکانی دەرەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ناوەندی دەسەڵات لە دەوڵەتی نەتەوەییدا ڕەچاوی دەستەواژەی کەمایەتییە کۆنەکان. کەمایەتییە نوێکان وەك پەناهەندە و کۆچبەرەکان. کەمایەتییە سەقامگیرەکان و دانیشتووانی ڕەسەن دەکرێت.

هەڵبەتە هەر یەك لەو دەستەواژانە پێناسەی خۆی هەیە و، ئەندامانی ئەو پێکهاتانە بەوە قایل نابن کە هەر هەموویان بە کەمایەتی بناسرێن. بەشێکی فراوان لە تاکە کەسی ئەو گرووپانە نایانەوێت تەنیا لە چوارچێوەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و تاکە کەسیدا تەماشای مافەکانیان بکرێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا وەك تاکە کەسێك و مرۆڤێك کە بەشێکن لە چوارچێوەی و لە نێوەندی شوناسێکی هاوبەش و تێکەڵ لەگەڵ پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەیی و کار دەکەن کە لە چوارچێوەی ئەو پێکهاتەیە مافەکانیان دابین بکرێت و، خۆیان بە بەش و نوێنەری ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دەزانن و، مافە ڕەواکانیان وەك تاکە کەس بە بەشێکی جیانەکراوە لە مافی بە کۆمەڵی پێکهاتەکە دەزانن.

بە شێوەیەکی کردەیی ناکۆکی لەسەر پێناسەکردنی دەستەواژەی کەمایەتی و مافەکانی هەیە. بۆ نموونە لە بەریتانیا دەستەواژەی کەمایەتییەکان تەنیا بۆ ئەو پێکهاتانە بەکار دێت، کە بە نوێی کۆچیان بۆ ئەو وڵاتە کردووە، هەروەها بەتایبەتی ئەگەر ئۆسکوتڵەندا و ویلز بە نموونە بهێنینەوە، دەستەواژەی کەمایەتی بە ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانەی کە مێژووی دێرینیان لە دەوڵەتدا هەیە، ناوترێت، بەڵام لە ئۆتریش پێکهاتەی دێرینی وەك سلۆفینستەکان بە کەمایەتی دادەنرێن. لە هەمان کاتدا دانیشتووانی ڕەسەن لە زۆربەی وڵاتان بە دەستەواژەی کەمایەتی قایل نین، و ئەگەر بڕوانینە ئۆسکوتڵەندا و ویلز ئەوا خۆیان بە گەل، یان نەتەوە دادەنێن.

سەبارەت بە دابینکردنی مافەکانی ئەو پێکهاتانە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا کۆمەڵێك دەستەواژەی جیاواز بەکار دەهێنرێت، لەوانە: مافی کەمایەتییەکان، سیاسەتی هەمەچەشنی، لێکۆڵینەوەی کەلتووری، مافی کەلتووری، تێکەڵبوونی کەلتووری، خۆگونجاندن و...هتد.

لە گوتاری نێودەوڵەتیی هاوچەرخدا ناڕوونییەك لە نێوان مافی دانیشتووانی ڕەسەن و مافی کەمە نەتەوەییەکان دروست بوو. بەشێك لە هۆکاری ئەم ناڕوونییە بۆ ئەو ڕەفتارە نامرۆییانە و بەدڕەوشتییانە دەگەڕێتەوە کە کۆلۆنیالیستە ئەروپییەکان دژ بە دانیشتووانی ڕەسەن لە ئەمریکا و ئۆستراڵیا و نیوزلەندا و ئەمریکای باشوور ئەنجامیان دا، کە لە ئاکامدا دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە زۆر چەوسانەوە و بە لاوازی دەرکەوتن و زیاتر پێویستییان بە پاراستن هەبوو.

جیاوازیی نێوان داواکاریی کەمە نەتەوەییەکان و

**ئاراستەی زۆربەی کەمایەتییەکان خۆگونجاندنە و کار بۆ خۆتێکەڵکردن لە نێو دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکەن، لە کاتێکدا دانیشتووانی ڕەسەن کار بۆ سەربەخۆیی دامەزراوەکانی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەکەن**

**ئەوەی لە سەد ساڵەی تێکۆشانی ڕەوای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی کوردستانی ڕەچاو دەکرێت، کارکردنی نەیارانی کوردستان و تەنانەت تا ڕاددەیەکی بەرچاو کارکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتییە بۆ ئەوەی مامەڵە لە گەڵ بابەتی کوردستان وەک کێشە و گرفت بکرێت**

**یەکێک لە گرفتە گەورەکان کە تا ئێستا لۆژیکی لیبرالی نەیتوانیوە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، مەسەلەی پەیوەندیی نێوان ئەمنی نەتەوەیی دەوڵەت و پرەنسیپی عەدالەتە**

**ئاست و میچی مافدان بە خستنەڕووی داواکارییەکان هەندێ جار و لە هەندێ نموونەدا دەگاتە ئازادیی باسکردن و بانگەشەکردن بۆ مافی جیاخوازی بە شێوەیەکی دیموکراسییانە، وەک نموونەی ئۆسکۆتلەندا کە سەربەخۆخوازەکان حوکمی ئەو هەرێمە دەکەن**

**کاتێک گەلی کاتالۆنیا ڕیفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی کرد و بڕیاری گەل بۆ سەربەخۆیی بوو، حکومەتی ئیسپانیا هێزی بەکار هێنا و سەرکردە سەربەخۆخوازەکانی دادگایی و بەند کرد**

**لە مێژووی ئەوروپادا سەبارەت بە مامەڵەکردن لە گەڵ بزاڤە نەتەوەییە سەربەخۆخوازەکان، تاوانی تیرۆر درایە پاڵ بەشێک لەو بزافانە، نەک لە بەر ئەوەی هێز بەکار دەهێنن، بەڵکو لە بەر ئەوەی داوای سەربەخۆیی دەکەن**

داواکاریی دانیشتووانی ڕەسەن لە بواری مافەکاندا لە چەند خاڵێکدا بە دی دەکرێت، لەوانە:

- ئاراستەی زۆربەی کەمایەتییەکان خۆگونجاندنە و کار بۆ خۆتێکەڵکردن لە نێو دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکەن، لە کاتێکدا دانیشتووانی ڕەسەن کار بۆ سەربەخۆیی دامەزراوەکانی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەکەن.

- کەمایەتییەکان جەخت لەسەر مافە تاکەکەسی و چوارچێوەی مافی مرۆڤ دەکەنەوە، لە کاتێکدا دانیشتووانی ڕەسەن دەڕواننە پەیڕەوکردنی بە کۆمەڵی مافی پێکهاتەکەیان.

- ڕۆڵە و ئەندامانی کەمایەتییەکان نارواننە جیاکاری و جوداخوازی لەگەڵ پێکهاتەی زۆربە و دەسەڵاتدار لە دەوڵەتدا، بەڵام ئەندامانی دانیشتووانی ڕەسەن خولیایان بۆ خودموختارییە.

یەکێك لەو پرسیارانەی کە لەم ستوونەدا بە گرنگی دەزانم، پەیوەندی بە دەستنیشانکردنی شوناسی دۆزی ڕەوای مەسەلەی کوردستانە لە نێو سەرجەم ئەو پێناسانەی دەخرێنە ڕوو.

ئەوەی لە سەد ساڵەی تێکۆشانی ڕەوای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی کوردستانی ڕەچاو دەکرێت، کارکردنی نەیارانی کوردستان و تەنانەت تا ڕاددەیەکی بەرچاو کارکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتییە بۆ ئەوەی مامەڵە لە گەڵ بابەتی کوردستان وەك کێشە و گرفت بکرێت، هەندێ جاریش بە مەسەلە و دۆز ناو براوە، کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت، وەك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، یان وەك نەتەوەیەك، نەك دۆزێك پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت وەك نیشتمان. ئەم ئاراستەیە لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا ڕەنگی دایەوە، کە سەرجەم گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتی عێراقی بە ئاستی جیاوازی شوناسەوە بە پێکهاتە دادەنێت و، وشە و دەستەواژەی کەمایەتی بۆ هیچ گرووپێك بەکار ناهێنێت، دانەرانی دەستوورەکە پێیان وا بووە، بەم جۆرە زۆربەی گرووپە ئەتنی و نەتەوەییەکان ڕازی دەکەن و بەم جۆرەش بانگەشەی ڕووکەشی بۆ فۆرمێك لە چەمکی فرەکەلتووری لیبراڵی دەکەن.

ڕەنگدانەوەی ئەم ئاراستەیە لە دەستووردا ئەوە بوو کە پەیوەندی کوردستان بە عێراقەوە لە چوارچێوەی فیدراڵی دەستنیشان بکرێت، ئەمەش بەردەوامبوونی ئەم بۆچوونەیە کە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان وەك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێو دەوڵەتی نەتەوەیی عێراقدا دەکات، نەك ئەوەی کە خودی کوردستان نیشتمانە و مافی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەیە.

یەکێتیی ئەوروپا تا ئێستا لە چوارچێوەی عەقڵییەتی سەنتراڵیزمی ئەوروپاییی، داکۆکی لە مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات و کار بۆ گشتاندنی ئەو مۆدێلە وەك ئەزموونێکی سەرکەوتوو بەتایبەتی لە باری پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و ئەو کەمایەتییە نەتەوایەتییانەی کە تیایدا کۆکراونەتەوە، دەکات، ئەمەش لە بازنەی هەڵبژاردنی نموونەیەکە کە پشت بە فرەکەلتووری و دیموکراسیی لیبراڵی و پاراستنی سەقامگیری دەبەستێت کە مەبەست لێی پاراستنی ئەمن و سەروەریی دەوڵەتە. هەنگاوەکانی یەکێتیی ئەوروپا لەم بوارەدا بە گشتاندنی ئەوەی بە باشترین شێوازی دەزانێت، کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی ئەزموونی خۆیاندا بە پێوەر دانراون و، دواتر دارشتنی یاساییان لە دەوڵەتانی دیکەی دەرەوی سنووری خۆیان بۆ بکرێت، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان لە پاشماوەکانی ئیمپراتۆریەتە هەڵوەشاوەکانی ڕووسیای سیزاری و پاشتر یەکێتیی سۆڤیەت و ئیمپراتۆری عوسمانی و ئیمپراتۆری نەمساویدا، لە هەندێ حاڵەتی تایبەتیشدا دەستتێوەردانی سنووردار لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بکەن.

گشتاندنی ئەو پێوەرانە لە باڵاترین نموونەی چارەسەر کە خۆی لە حوکمی زاتیی هەرێمایەتی کە فیدراڵییش دەگرێتەوە، دەرناچێت. ئەو چارەسەرانە زۆر بە شێوەیەکی سادەیی خراونەتە ڕوو، چونکە پاشخان و تایبەتمەندیی مەسەلەی نەتەوایەتی لەو ناوچە فراوانانەی کە چارەسەرەکەی وەك ڕەچەتە و مۆدێل بۆی ڕەوانە دەکەن، بە هەند وەرنەگرتووە و، ئەوەی ڕەچاو نەکردووە کە بارودۆخی پەرەسەندنی ئەو مەسەلانە و پاشخانی مێژوویان جیاوازی هەیە و، ناکرێ دوور لە واقیعی هەر بابەت و مەسەلەیەك و ئاستی پەرەسەندنی لە هەر ناوچەیەکدا، تەنیا لە بازنەی مانەوەی قەوارەی ئەو دەوڵەتانە وەك پێوەرێکی سەرەکی، بیر لە چارەسەری کێشەکان بکرێتەوە و، هەنگاوی پراکتیکی بۆ سەقامگیریی بەردەوام مسۆگەر بکرێت.

یەکێك لە گرفتە گەورەکان کە تا ئێستا لۆژیکی لیبراڵی نەیتوانیوە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە،

مەسەلەی پەیوەندیی نێوان ئەمنی نەتەوەیی دەوڵەت و پرەنسیپی عەدالەتە. ئەمنی نەتەوەیی دەوڵەت خۆی لە پاراستنی قەوارەی دەوڵەت دەبینێتەوە، بابەتی عەدالەتیش لە جێبەجێکردن و پاراستنی مافی کەمە نەتەوایەتییەکان، یان پێکهاتەکان کە مانای کۆتاییهاتنە بە هەژموونی نەتەوەی زۆربە، یان تایفە و ئەتنیکی زۆربە لە دەوڵەتدا کە کار بۆ سەروەریی زمان و کەلتوور و ئایین و ئایینزای خۆی دەکات.

یەکێك لە گرفتەکانی گشتاندنی نموونەی ئەورووپایی بۆ چارەسەرکردنی بابەتی مافی کەمە نەتەوەییەکان بە جۆرێك ئەو نموونەیە خۆی لە یاساکانی وڵاتی دیکە ببینێتەوە، دوو ڕوویە لە پەیڕەوکردنی شێوازی نموونەکان.

بە پێی مۆدیلی لیبراڵیی ئەورووپایی باس لە هەمە جۆری و فرەشێوازیی چارەسەرەکان دەکرێت، وەك بڵێی ئاستی شێوازی چارەسەرەکان فراوانە. ئەو چارەسەرانە خۆی لە چەندین شێواز دەبینێتەوە، وەك: نووسینی بۆردی شەقامەکان و نیشانەکانی هاتوچۆ بە زمانی کەمە نەتەوایەتییەکان، یان پێکهاتەکان و، بوونی قوتابخانەی سەرەتایی بە زمانی کەمە نەتەوایەتییەکان و، دانانی زمانی کەمە نەتەوایەتی بە زمانی فەرمی، مافی ڤیتۆ، خوێندنی باڵا و حوکمی زاتیی هەرێمایەتی.

ئاست و میچی مافدان بە خستنەڕووی داواکارییەکان هەندێ جار و لە هەندێ نموونەدا دەگاتە ئازادیی باسکردن و بانگەشەکردن بۆ مافی جیاخوازی بە شێوەیەکی دیموکراسییانە، وەك نموونەی ئۆسکۆتلەندا کە سەربەخۆخوازەکان حوکمی ئەو هەرێمە دەکەن. بۆ نموونە سەرۆك وەزیرانی ئێستای ئۆسکۆتلەندا لە پێناوی سەربەخۆیی نیشتمانەکەی و جیابوونەوە لە بەریتانیا تێدەکۆشێت، بەڵام کاتێك ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەو وڵاتە کرا، هەرچی دەزگا و توانای سەرمایەداری و لیبراڵی بەریتانیا و ئینگلیز هەبوو، دژ بە سەربەخۆیی ئەو وڵاتە تەیار کرا و، ڕیکلامیان کرد و خەڵکی ئەو وڵاتەیان لە سەربەخۆیی تۆقاند، لە ئاکامدا هەڵبژاردەی سەربەخۆیی سەری نەگرت. بەڵام کاتێك گەلی کاتالۆنیا ڕیفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی کرد و بڕیاری گەل بۆ سەربەخۆیی بوو، حکومەتی ئیسپانیا هێزی بەکار هێنا و سەرکردە سەربەخۆخوازەکانی دادگایی و بەند کرد.

لە مێژووی ئەورووپادا سەبارەت بە مامەڵەکردن لە گەڵ بزاڤە نەتەوەییە سەربەخۆخوازەکان، تاوانی تیرۆر درایە پاڵ بەشێك لەو بزاڤانە، نەك لە بەر ئەوەی هێز بەکار دەهێنن، بەڵکو لە بەر ئەوەی داوای سەربەخۆیی دەکەن. بەم شێوازە مامەڵە لە گەڵ بزاڤی باسك و سوپای کۆماری ئێرلەندا کرا.

ئەوەی لە بواری مافی کەمە نەتەوایەتییەکان تەنانەت لە نموونەی ئەورووپا ڕەچاو دەکرێت، مەسەلەی تەکیفی یاساییە بۆ مافی کەمە نەتەوایەتییەکان کە سەرەڕای گشتاندنی نموونەکانی خۆیان و کارکردن بۆ دانانی پێوەری قانوونی بۆیان، دابینکردنی ئەو مافانە لە چوارچێوەی قانوونی ناوخۆیی نەك نێودەوڵەتی مایەوە، پڕۆژە و ڕاگەیاندنە هەرێمایەتییەکانیش وەك ڕاگەیاندنی کۆبنهاگن لە ساڵی ١٩٩٩ تایبەت بە ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری لە ئەورووپادا کە بە یەکەمین بەیاننامەی ڕێکخراوێکی ئەورووپایی دوای هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت دادەنرێت، لە ماددەی ٣٦یدا تەنیا ئاماژە بە حوکمی زاتیی هەرێمایەتی دەکات، بەم شێوەیە نموونەی فرەکەلتووریی لیبراڵی نەیتوانی مەودایەکی نێودەوڵەتی بە مافی کەمە نەتەوایەتییەکان لە دەوڵەتی نەتەوەییدا ببەخشێت.

ئەم بابەتە واتە مەودای فراوانکردنی مافی نەتەوەیی بەدەر لە نەتەوەی زۆربە لە دەوڵەتدا کە بگاتە مافی بڕیاردانی چارەنووس، بەتایبەتی بە نیسبەت دۆزی ڕەوای گەلی کوردستانەوە، پێویستی بە سەرلەنوێ تکیفکردنی مەسەلەکە هەیە کە نەك بە یاسای ناوخۆیی دەوڵەت تەماشا بکرێت، بەڵکو لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەم بۆچوونە لە بەشی سێیەمی ئەم بابەتە ئاماژەی پێ دەکەم.

گرفتی دیکەی بواری گشتاندنی نموونەی فرەکەلتووریی لیبراڵی پەیوەندی بە گشتگیریی نموونەکانی چارەسەرکردنەکانی کێشەی کەمە نەتەوایەتییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا هەیە، بێ ئەوەی ڕەچاوی تایبەتمەندیی هەلومەرجی ئەو وڵاتانە و مێژووی پەیوەندیی نەتەوەکان لە گەڵ یەکتردا بکەن، کە لە ئاکامی هەرسهێنانی سێ ئیمپراتۆریەت قەوارەی نەتەوەیی و سنووری ئەو دەوڵەتانە گۆڕانکاریی جۆراجۆری بە سەردا هاتووە، نموونەی دەوڵەتی هاوردەش بە

**نموونەی فرەکەلتووریی لیبراڵی نەیتوانی مەودایەکی نێودەوڵەتی بە مافی کەمە نەتەوایەتییەکان لە دەوڵەتی نەتەوەییدا ببەخشێت**

**لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەوڵەتانی ئەورووپا چەندین شانیان بۆ سەرکردەی نەتەوە جیاوازەکان ڕێك خست و، کاریان دەکرد کە ئەو شاندانە سوود لە شێوازی پەیڕەوکراو لە ڕۆژئاوادا وەربگرن**

**کاتێک ئەو کەمایەتییە وەک پێکهاتەیەکی مرۆیی کە تایبەتمەندیی کەلتووری خۆی هەیە، داوای مافە بە کۆمەڵەکەی دەکات، کە بەشێکی سەرەکیی ئەو داواکارییە بریتییە لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی، ئەوا ڕستە و دەستەواژەی هاووڵاتیبوون و مافی مرۆڤ بەو سنوورەی کە زۆربە لە دەوڵەتی نەتەوەیی بڕیاری دەدا، بۆ گەمارۆدانی مافی کەمایەتی بەکار دێت**

**لە عەقڵییەتی باوی نەتەوەی زۆربە، کەمە نەتەوایەتییەکان هەردەم مەترسین لەسەر ئاسایشی دەوڵەت، چونکە ئاسایشی دەوڵەت بە پێی بۆچوونی ئەوان بریتییە لە بەردەوامبوونی هەژمونی زۆربە**

پێی بەرژەوەندیی دەوڵەتە ئیمپریالیستە براوەکانی شەڕ سەپێندراوە، لە ئاکامیشدا قەیرانی دەوڵەت لە پانتاییەکی فراوانی ئەو دەوڵەتە دروستکراوانە تا ئێستا بەردەوامە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەوڵەتانی ئەورووپا چەندین شاندیان بۆ سەرکردەی نەتەوە جیاوازەکان ڕێك خست و، کاریان دەکرد کە ئەو شاندانە سوود لە شێوازی پەیڕەوکراو لە ڕۆژئاوادا وەربگرن. ئەو شاندانە بە ئەرێنی تەماشای مۆدێلەکانی نێو یەکێتیی ئەورووپایان دەکرد و، بە گەرمی باسی یەکتر قبووڵکردن و بەیەکەوە ژیانیان دەکرد، بەڵام کاتێك ئەو شاندانە بۆ وڵاتی خۆیان دەگەڕانەوە، توانای ڕێککەوتنیان لەسەر گەڵاڵەنامەیەکی سادەی لە یەکتر تێگەیشتن نەبوو.

کاتێك کە ڕۆژئاوا تووشی کۆسپ و گرفت لە گشتاندنی نموونەکانی دەبێت، بیانووی ئەوە دەهێنێتەوە کە چارەسەرەکان لە ئەورووپادا بۆیە سەرکەوتوو بووە، چونکە کەمە نەتەوایەتی لە ئەورووپادا بە هۆی پرۆسەی مۆدێرنەوە شوناسێکی مەدەنی وەرگرتووە و، لە شوێنەکانی دیکە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شێوازێکی ئەتنی پشتبەستوو بە پەیوەندیی ڕەچەڵەك و هەژموونی هۆز و عەشرەتگەرییەوە هەیە. ئەم بیانووەش پێچەوانەی گرفتەکانی شوناس و کێشەی نەتەوەیی و کەمایەتییە لە خودی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپادا.

لە بابەتی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی زۆربە و دەسەڵاتی کەمایەتی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا، چەمکێکی سیاسیی گرنگ کە لە کۆتاییدا بووەتە پێوەرێك لە هەڵوێستوەرگرتنی هەردوو لایەنی هاوکێشەکە، مەسەلەی پەیوەندیی نێوان چەمکی ئەمنی نەتەوەیی و چەمکی عەدالەتە.

ئەمنی نەتەوەیی لە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا بەو نموونەیەی لە ئەزموونی ئەورووپای دوای ڕێککەوتننامەی ویستفالیا دروست بوو، بریتییە لە پاراستنی ئەمنی دەوڵەت کە بریتییە لای دەسەڵاتداران کە نوێنەری نەتەوە، یان تایفە، یان پێکهاتەی زۆربەن بە ژمارە، مانەوەی دەوڵەت و پاراستنی سنوورەکەی و ماوەنەدان بە کەرتبوون، یان داماڵینی بەشێك لەو دەوڵەتە. ئەم ئاسایشە نەتەوەییە لەم جۆرە دەوڵەتانە دەگاتە پێدانی بەرگی پیرۆزی بە چەمکی مانەوەی دەوڵەت بەو سنوورە کە پێی دروست بووە، بەم جۆرە چەمکی نیشتمانپەروەری لای پێکهاتە، یان نەتەوە، یان تایفەی زۆربەی حوکمڕان لە دەوڵەتدا بریتییە لە پاراستنی ئەو دەوڵەتە و مەشرووعییەتدان بە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی دژ بەوانەی بوونی ئەو دەوڵەتە دەخەنە مەترسییەوە، یان کار بۆ جیابوونەوە دەکەن. لایەنێکی دیکەی هاوکێشەکە بریتییە لە چەمکی عەدالەت کە پێکهاتەیەك، یان نەتەوە، یان تایفەیەك لە دەوڵەتی نەتەوەییدا کەمایەتی پێك دەهێنن و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن و بە کۆمەڵ واتە فراوانتر لە مافی تاکەکەس بە بیری لیبراڵی بانگەشەی بۆ دەکات و، چەمکی هاووڵاتی بۆ دەدۆزێتەوە و دەیخاتە خانەی یەکسانییەوە کە هەندێ جار بە دەستەواژەی دەستووریش ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام کاتێك ئەو کەمایەتییە وەك پێکهاتەیەکی مرۆیی کە تایبەتمەندیی کەلتووری خۆی هەیە، داوای مافە بە کۆمەڵەکەی دەکات، کە بەشێکی سەرەکیی ئەو داواکارییە بریتییە لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی، ئەوا ڕستە و دەستەواژەی هاووڵاتیبوون و مافی مرۆڤ بەو سنوورەی کە زۆربە لە دەوڵەتی نەتەوەیی بڕیاری دەدا، بۆ گەمارۆدانی مافی کەمایەتی بەکار دێت و، ئەوەی پێی دەڵێن «عەدالەت» جێبەجێ نابێت و، ئەوەی ڕەوایە بۆ نەتەوەیەك کە زۆربە لە دەوڵەتدا پێك دێنێت، ڕەوا نییە بۆ نەتەوەیەکی دیکە کە کەمایەتییە لەو دەوڵەتەدا، لەم حاڵەتەشدا هەر داواکارییەکی کەمایەتی بە چاوی گومانەوە لەلایەن زۆربەوە تەماشا دەکرێت و، زۆر جار لێی کەم دەکرێتەوە و سەروگوێ دەکرێت و، بە شێوەیەکی کردەیی جیاکاریی نەتەوەیی دروست دەبێت و، چەوسانەوەی ڕوون بە دیار دەکەوێت.

لە عەقڵییەتی باوی نەتەوەی زۆربە، کەمە نەتەوایەتییەکان هەردەم مەترسین لەسەر ئاسایشی دەوڵەت، چونکە ئاسایشی دەوڵەت بە پێی بۆچوونی ئەوان بریتییە لە بەردەوامبوونی هەژموونی زۆربە، بۆیە زۆربە پێی وایە کە دابینکردن و بەردەوامبوون لە حوکمدا، لەوەدایە کە کەمایەتی زۆر بچووك و لاواز بێت، چونکە دەوڵەتی بەهێز پێویستی بە کەمایەتیی بێ هێز هەیە و، هەردەم ئەو زۆربەیە لۆژیکی جۆن ستیوارت مل (١٨٠٦-١٨٧٣)ی بەکارهێناوە کە وتوویەتی: «کۆمەڵە کەلتوورییە بچووکەکان واز

لە عێراقدا هەرچەندە کە کوردستانی باشووری بە مەرجەوە پێوەی لکێندرا، بەڵام نزیکەی هەشتا ساڵ زیاتری ویست کە دەوڵەتی عێراق ددان بەوەدا بنێ، کە کوردستان بە پێی دەستوور هەرێمە، هەڵبەتە ئەمەش بە فەرزکردنی ئەمری واقیع و بە تێکۆشانی گەلی کوردستان، نەک بە قەناعەتی نەتەوە، یان تایفەی زۆربە کە تا ئێستا بە دەمیدا نایەت و لە گوتاری سیاسیی خۆیدا وشەی فیدراڵی بەکار ناهێنێت

لە مێژووی عێراقدا بەردەوام گومان لە داواکارییەکانی گەلی کوردستان کراوە، تەنانەت ئەگەر لە دەستووردا باس لە شەراکەتی عەرەب و کورد کرابێت، هەروەک لە دەستووری ١٩٥٨ هاتبوو

تا ئێستا هزری لیبراڵی و فرەکەلتوورییەکەی کە بانگەشەی بۆ دەکات، نەبووەتە هۆی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی بنبڕ لە یەکێتیی ئەورووپا

لە میراتی کەلتووریی خۆیان دەهێنن و خۆیان دەخزێننە نێو کەلتووری نەتەوە بەهێزەکانەوە».

نموونەکانی ئەم هەژموونە و مەترسی لە کەمایەتی نەتەوەیی لە نێو دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا، تەنیا لە نموونەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، بەڵکو لە شوێنی دیکەش ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت.

لە عێراقدا هەرچەندە کە کوردستانی باشووری بە مەرجەوە پێوەی لکێندرا، بەڵام نزیکەی هەشتا ساڵ زیاتری ویست کە دەوڵەتی عێراق ددان بەوەدا بنێ، کە کوردستان بە پێی دەستوور هەرێمە، هەڵبەتە ئەمەش بە فەرزکردنی ئەمری واقیع و بە تێکۆشانی گەلی کوردستان، نەك بە قەناعەتی نەتەوە، یان تایفەی زۆربە کە تا ئێستا بە دەمیدا نایەت و لە گوتاری سیاسیی خۆیدا وشەی فیدراڵی بەکار ناهێنێت، تەنانەت هەندێ لایەنی دیموکرات و چەپی عێراقیش لە گوتاری سیاسیی خۆیاندا دەستەواژەیەکیان بەکار دەهێنا کە لە مێژووی سیستمی سیاسی لە جیهاندا نەبووە، ئەوەش دەستەواژەی «عێراقی ئیتحادیی موەحەد»ـە.

لە مێژووی عێراقدا بەردەوام گومان لە داواکارییەکانی گەلی کوردستان کراوە، تەنانەت ئەگەر لە دەستووردا باس لە شەراکەتی عەرەب و کورد کرابێت، هەروەك لە دەستووری ١٩٥٨ هاتبوو. هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥٩ کاتێك مامۆستایانی کوردستان داوایان لە عەبدولکەریم قاسم کرد، کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی مەعاریفی کوردستان دابمەزرێت و خوێندنی کوردی بە ئەلفابێتی لاتینی بێت. عەبدولکەریم قاسم زۆر بە تووڕەییەوە وتی: «هەرگیز بوار نادەین ئەلفابێتی عەرەبی بگۆڕن و خوێندنی کوردی بە ئەلفابێتی لاتینی بێت، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی دروست دەبێت، نەك مەعاریفی کوردستان..». ئەم زانیارییە لە کتێبی کۆنگرە ناوخۆییەکانی مامۆستایانی کورد ١٩٥٩، ١٩٦٠ لە نووسینی سەرباز مەجید خۆشناو و یادەوەرییەکانی مامۆستا محەمەد سەعید ساڵح و وتارێکی کەریم شارەزا هاتووە.

ئەم نموونەیە لە شوێنی دیکەش دووبارە بووەتەوە، بۆ نموونە کۆماری تترستان لە ڕووسیای فیدراڵ کە لە ساڵی ٢٠٠٠ داوایان کرد ئەلفابێتی خوێندن لە سلاڤییەوە بۆ ئەلفابێتی خۆیان بگۆڕدرێت، داواکارییەکەیان لە لایەن پەرلەمانی ڕووسیای فیدراڵەوە بە توندی ڕەت کرایەوە.

تا ئێستا هزری لیبراڵی و فرەکەلتوورییەکەی کە بانگەشەی بۆ دەکات، نەبووەتە هۆی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی بنبڕ لە یەکێتیی ئەورووپا. ئەگەر تەماشای هزری سۆشیالیستیی سۆڤیەتی بکەین، کە باسی دروستبوونی ئومەی سوشیالیستی دەکرد، ئەو چەمەکەش لەگەڵ هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت کۆتایی هات و چەندین دەوڵەت دروست بوون، بە هەمان شێوە تێزی ئومەی دیموکراتی کە بەڕێز ئۆجەلان باسی دەکات لە واقیعی پراکتیکدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەمکێکی نەزۆکە.

تا ئێستا تێکرای ئەم چەمکانە نەیتوانیوە ئەلتەرناتیف و جێگرەوەی هزری لینینزم سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی بن، کە وەك دیاردەیەکی مێژوویی و لە چوارچێوەی شوناسی کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و، خۆی لە مافی ڕەهای بڕیاردانی چارەنووسی گەلان، بە مافی جیابوونەوە، دەبینێتەوە.

گەلی کوردستان لە باشوور و لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دەستەواژەی دانیشتووانی ڕەسەنی لیبراڵی لەسەردا جێبەجێ نابێت، ئەو دەستەواژەیە لە لایەن هزری لیبراڵییەوە بۆ دانیشتووانی هیندە سوورەکانی ئەمریکای باکوور و دانیشتووانی ڕەسەنی ئەمریکای باشوور و نیوزلەندا و ئوسترالیا داتاشراوە. بەهەمان شێوە دەستەواژەی کەمایەتی لە دەوڵەتە نەتەوەییە فەرزکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەردا ناشێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێ تەکیفی یاسایی دۆزی ڕەوای کوردستان بکەین و لە چوارچێوەی یاسا ناوخۆییە فەرزکراوەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان کە کوردستان بەسەریاندا دابەش کراوە، دەر بهێنین و، مەودا و ڕەهەندی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە مسۆگەر بکەین، پێویستە گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان باس لەوە بکات کە کوردستان نیشتمانێکی کۆلۆنیالکراوە و کراوە بە موستەعمەرەیەکی دابەشکراو بە سەر چوار دەوڵەتی نەتەوەیی داتاشراو دوور لە ئارەزوو و ئیرادەی گەلی کوردستان.

**تێزی ئومەی دیموکراتی کە بەڕێز ئۆجەلان باسی دەکات لە واقیعی پراکتیکدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەمکێکی نەزۆکە**

**گەلی کوردستان لە باشوور و لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دەستەواژەی دانیشتووانی ڕەسەنی لیبراڵی لەسەردا جێبەجێ نابێت**

**پێویستە گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان باس لەوە بکات کە کوردستان نیشتمانێکی کۆلۆنیالکراوە و کراوە بە موستەعمەرەیەکی دابەشکراو بە سەر چوار دەوڵەتی نەتەوەیی داتاشراو دوور لە ئارەزوو و ئیرادەی گەلی کوردستان**

# نیشتمان هەمووان کۆدەکاتەوە

## با تۆزێک نیشتمانپەروەری لە عەرەبی عێراق فێر بین

لە پاڵەوانێتیی جامی ٢٥ کەنداوی عەرەبی و پێشتریش لە جامی جیهانیی ساڵی ٢٠٢٢ی قەتەر، ئاپۆڕای هەزارەها خەڵکی جیاوازی نەتەوە و پێکهاتە و ئایین و ئایینزا ئامادەی بوون، بەڵام هەمووان بە شانازییەوە و بە ئاڵای وڵاتەکانیانەوە سروودی نیشتمانییان بەو پەڕی سۆزەوە گوتەوە. لە بەسرەی دەوڵەمەند بە سامانی سرووشتی و هەژار لە ژێرخانێکی بەهێز و بێکاری و بێخزمەتگوزاریدا، نزیکەی حەفتا هەزار کەس ئامادەی بوون، زۆربەیان کچ و کوڕ بوون و دڵنیاشم زۆربەیان بێکار و هەژار بوون و سەدان ڕەخنە و گلەییان لە حکومەت هەبووە، دڵیان پڕە لە حکومەت و حزب و سیاسییەکان، کەچی هەمووان پێکەوە بە شانازییەوە بە دەنگێکی بەرز ناوی عێراقیان گوتەوە و ئاڵای عێراقیان شەکاندەوە و سروودی نیشتمانییان بەو پەڕی سۆزەوە گوتەوە، ئەوان وێڕای ئەو هەموو وێرانی و گرفت و کێشانە، شانازی بە مێژووی خۆیانەوە دەکەن، ئەی بۆ لای خۆمان پەلاماری پیرۆزییەکانی کورد دەدەن و خاك دەفرۆشن و ئاڵای کوردستان بە پەڕۆیەك لەقەڵەم دەدەن و ئەی ڕەقیبیان پێ حەرامە و گاڵتە بە خەبات و مێژوو و نیشتمان و سەرکردەکانیان دەکەن، ئەم جۆرە کوردانە دەشڵێن: بۆ کورد دەوڵەتی نییە؟

لای خۆمان پەلاماری پیرۆزییەکانی کورد دەدەن و خاک دەفرۆشن و ئاڵای کوردستان بە پەڕۆیەک لەقەڵەم دەدەن و ئەی ڕەقیبیان پێ حەرامە و گاڵتە بە خەبات و مێژوو و نیشتمان و سەرکردەکانیان دەکەن، ئەم جۆرە کوردانە دەشڵێن: بۆ کورد دەوڵەتی نییە؟

جیانەکردنەوەی حکومەت و حزب لە نیشتمان کێشەیەکی گەورەی کوردە، نیشتمان موڵکی هەمووانە و موڵکی میللەتە بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و ئایینزا و پێکهاتە و ڕەگەز و چین و توێژەکانیەوە، هیچ لایەنێکی سیاسی و حزب و حکومەتێکیش ناتوانێت نیشتمان قۆرخ بکات بۆ خۆی، ناسنامەی گەلی کورد و کوردستانیان نیشتمانە، ئێ خۆ نابێت بە هۆی گرفت و کێشە و کەموکورتییەکی حزب و کەسایەتییەك و لایەنێکی سیاسی و کەسانێك لە حکومەتدا، تۆ بێیت و بەر ببیتە سەروگوێلاکی پیرۆزییەکانی نیشتمان، ئەوانەی ئەم کارە دەکەن لە دەستەبژێر و کەسانی ناسراو بۆ مەرامی شەخسی خۆیان و بەرژەوەندیی تایبەتی و کۆکردنەوەی دەنگ، یان بەدەستهێنانی فۆڵەوەری ناو سۆشیاڵ میدیایە، تاکی عەرەب و تورك و فارس لە دەوروبەرمان وێڕای ناڕەزایەتی و گلەییان لە حوکمڕانەکانیان، بەڵام دەستبردن بۆ پیرۆزییەکانی نیشتمان بە تاوانێکی گەورە دادەنێن و ڕاستەوخۆ هەمووان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

جیانەکردنەوەی حکومەت و حزب لە نیشتمان کێشەیەکی گەورەی کوردە، نیشتمان موڵکی هەمووانە و موڵکی میللەتە بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و ئایینزا و پێکهاتە و ڕەگەز و چین و توێژەکانیەوە

من لە تاکێکی کورد و گەنجێکی ئەم نیشتمانەم تێدەگەم کە تا کێشەکانی هەژاری و بێکاری بۆ چارەسەر نەکەیت، یان هەلی کاری بۆ نەدۆزیتەوە، هەست و سۆزی بۆ نیشتمانەکەی زیاد نابێتەوە، حوکمڕانەکان چەند باشتر بن، هەست و سۆز و نیشتمانپەروەری لای هاونیشتمانی زیاتر دەبێت، زۆر کودەتا و شکستی دەسەڵات و حکومەتمان بینی، بە دەگمەن و زۆر نامۆ کەسانێکمان بینی، سووکایەتی بە ئاڵا و پیرۆزییەکانی نیشتمانەکەیان بکەن. زۆر جار بە دەستی ئەنقەست گەنجەکانمان لە خشتەدەبرێن بۆ ئەجیندای دەرەکی و کاڵکردنەوەی هەست و ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری، ئەمە بە پیلان و بەرنامەڕێژی دەکرێت و ملیۆنەها دۆلاری بۆ خەرج دەکرێت، بێ ئەوەی بزانین شوێنەوارەکانی چەند وێرانکەر و کاولکەرە، نەك بۆ حکومەت و دەسەڵات و حزب، بەڵکو بۆ خودی هاونیشتمانیان و خودی گەنجەکەش، نەوەیەك پەروەردە دەکەین کە بارودۆخی ژێردەستەیی و خراپیی پێشووی نەبینیوە و پۆپۆلیستەکان لەخشتەیان دەبەن و زیان بە کۆمەڵگە و نیشتمان و خودی خۆیان دەگەیەنن، بێئاگان لەوەی دژایەتیکردنی نیشتمان و نەتەوەی خۆت دژی هەموو ئایین و بنەماکانی دیموکراتی و ئەخلاقییاتی سیاسەتکردنە، تۆ سەیر بکە ئیسلامی



## دڵشاد میران

سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار

بۆ گوڵانی نووسیوە

سیاسی ئایین بەکار دەهێنێت بۆ ئامانج و مەبەستی دونیایی و هاتنەسەر حوکم، هەموو ئەم ڕەوتە سیاسییانەی لەم دواییەدا پەیدا بوون، بەوانەشی وەکو پەکەکە و حزب و ڕەوتە سیاسییەکانی لەم دواییەدا پەیدابوون، هەموویان بە شێوەیەکی زۆر خراپ کۆپیی ئایدیۆلۆژیای دەرەوە دەهێننە ناو کوردی داماو، کە هێشتا لە قۆناغی ڕزگاریدایە و کیانێکی سەربەخۆی خۆی نییە و دەوڵەتی نییە، تاوەکو نیشتمانەکەی پێ بپارێزێت. تۆ سەیر بکە لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا کە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کورد هەن و لە ناو جەرگەی پاریسدا بۆ دووەم جار کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدرێت، کەچی لەبەر ئەم پۆپۆلیستانە کورد پارچە پارچە بووە و ژمارەیەکی کەمی کورد کۆدەبێتەوە لەبەر ئەم ئایدیۆلۆژیا بیرتەسکە و ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکە، هەموو ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییانە هیچ فشار و دەرئەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە.

لە ناو نەتەوە و میللەتە پێشکەوتووەکاندا پرسی خاك و نیشتمان و پیرۆزییەکانی نیشتمان زۆر زیاتر لە ناو کەسانی نارازی و ڕەخنەگر و ئۆپۆزیسیۆندا جێگەی بووەتەوە، تۆ سەیری گەلی ئۆکراینا بکە، کاتێك هێرش کرایە سەریان، ئۆپۆزیسیۆن و حوکمڕانەکان بوونە یەك و پارێزگارییان لە پیرۆزییەکانی نیشتمان و ئاڵا و سروود و گەلەکەیان کرد، هەمووان خەریکی دروستکردنی مێژوون، تەنیا کورد نەبێت، هێرش و دژایەتیی خەبات و مێژوو و سەرکردەکانی خۆی دەکات، زۆر جار خەڵکی دیکە شانازی بە مێژوو و خەبات و شۆڕش و سەرکردەکانمانەوە دەکەن، کەچی لای ئێمە ئەمەیان حەرام کردووە، ئەوەیان لەبیر کردووە پارێزگاریکردن لە نیشتمان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئینتما ئەرکی ئەخلاقی و ئایینی و تەنانەت باوکایەتیی ئێمەشە بۆ منداڵەکانمان، بێسەروبەریی پەروەردە و خوێندن و جەخت نەکردنەوە لەسەر ئەم بابەتە و نەبوونی بەرنامەیەکی کورتخایەن و درێژخایەن، زیانی گەورەی لێ داوین، دامەزراوە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بە ئەرکی خۆیان هەڵناسن لە ناوخۆی هەرێم و لە دەرەوەی هەرێم، سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەعی کورد و سەرکردەیەکی دیاری ناوخۆ و عێراق و جیهان زۆر جەختی لەسەر پەروەردە کردەوە، بەڵام با بێین و بزانین لە دوای ئەم داواکارییەی سەرۆك بارزانی چیمان کردووە، لە کاتێکدا لە ناوخۆی عێراق و دەورپشتی خۆمان هزر و ئایدیۆلۆژیەت و سیاسەتی کاڵکردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەریمان کاری لەسەر دەکرێت، من تێناگەم بە ناوی ڕۆشنبیر و پەرلەمانتار و سیاسەتمەدارەوە چۆن بەو ئاشکرا و ڕوونییە دژایەتی پیرۆزییەکانی نیشتمان و قەوارە و داهات و قووتی خەڵك دەکەن، ئەگەر هان نەدرابن.

**تاکی عەرەب و تورك و فارس لە دەوروبەرمان وێڕای نارەزایەتی و گلەییان لە حوکمڕانەکانیان، بەڵام دەستبردن بۆ پیرۆزییەکانی نیشتمان بە تاوانێکی گەورە دادەنێن و ڕاستەوخۆ هەمووان ڕووبەڕووی دەبنەوە**

لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بە سەدان ئاوارە و پەناهەندەی عەرەب و نەتەوەکانی دیکە ڕوومان تێ دەکەن، کەچی کەلتوور و زمان و نەریتی ئێمە کاڵ دەبێتەوە لەبری ئەوەی وەکو وڵاتانی پێشکەوتووی ئەورووپا ئەوان فێری زمانی کوردی و کەلتووری ئێمە بن، ئێمە ناتوانین خۆمان گۆشەگیر بکەین و ڕێگە لە هاتنی ئەوان بگرین، چونکە لە ڕوانگەی ئابووری و پتەوکردنی پەیوەندیی نەتەوەیی و ئایینییەوە ناکرێت ڕێگر بین لە زۆر شت، بەڵام خۆ دەبێت هاوکات کەلتوور و زمان و هونەر و نەریت و جلوبەرگی کوردی و دواتر ئاڵا و مێژووی خۆت کاڵ نەکرێتەوە و کاری جددی لەسەر بکرێت، کاتی ئەوە هاتووە ئەم بابەتە نیشتمانپەروەری و نەتەوەییە لە ئاستی حوکمڕانی و پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆشنبیر و دەستەبژێری سیاسییەوە کاری جددی لەسەر بکرێت.

**زۆر جار بە دەستی ئەنقەست گەنجەکانمان لە خشتەدەبرێن بۆ ئەجیندای دەرەکی و کاڵکردنەوەی هەست و ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری، ئەمە بە پیلان و بەرنامەڕێژی دەکرێت و ملیۆنەها دۆلاری بۆ خەرج دەکرێت**



د.کابان عەبدولکەریم شێخ عەلی بۆ گوڵان:

# لە کوردستان جێگەی هزری توندوتیژیی نامۆ بە ئیسلام و کەلتووری کوردەواری نابێتەوە

**لە کوردستاندا نەك هەر كێشەی ئایینی نەبووە، بەڵكو زانا و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و پەیڕەوكارانی ئایین و ئایینزاكانی دیكەش بە باشی لە پەیامی دین تێگەیشتوون، بەوەی ئایین بۆ چاكسازی و ڕێزگرتن لە كەرامەتی مرۆڤە، لەم ڕوانگەیەوە پێكەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی كوردستاندا مێژوویەكی كۆنی هەیە، بۆ قسەكردن لەسەر مێژووی پێكەوەژیان لە هەرێمی كوردستان و چەند تەوەری دیكە چەند پرسیارمان ئاراستەی د.كابان عەبدولكەریم شێخ عەلی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە كۆلێژی زانستە ئیسلامییەكان لە زانكۆی سەڵاحەدین كرد، كە پسپۆڕ و شارەزایەكی دیاری بواری ئایینناسی و پێكەوەژیانە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.**

*** مێژووی كورد لێبووردەیی و پێكەوەژیانی بەرهەم هێناوە، بوونی ئەو ژمارە زۆرەی ئایین و ئایینزا لە هەرێمی كوردستاندا، جوانترین بەڵگەیە بۆ ئەم مێژووە جوانە، ئایا چ هۆكارێك لە پشت ئەم كەلتوورەی پێكەوەژیان و لێبووردەییە هەیە كە زانا و مامۆستای ئایینی و تەنانەت لە ناو پیاوانی ئایین و ئایینزاكانی دیكەشدا هەیە؟**

- لە هەرێمی كوردستان چەند ئایینی فەرمی لە وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی هەیە، كە بریتین لە ئایینەكانی (ئیسلام، كریستیان، ئێزدی، كاكەیی، زەردەشتی، جوو، بەهائی و سابیئەی مەندائی) كە پەیڕەوكارانیان ئازادانە مومارەسەی بۆنە ئایینییەكانی خۆیان دەكەن. لەم ساڵانەی دواییشدا بە هۆی كۆچ و هاتنی كرێكارانی بەنگلادیشی و ئاسیایی، چەندین ئایینی بووزی و هیندۆسی و سیخی و دیانەتی دیكە ڕوویان لە هەرێمی كوردستان كردووە، بەڵام بوونی پێنج ئایینە فەرمییەكە بۆ ئەو واقیعە مێژووییە دەگەڕێتەوە كە هەرێمی كوردستان لە مێژووی خۆیدا پێیدا تێپەڕ بووە، بەوەی كورد گەلێكی چەوساوە و ستەملێكراو بووە و پەنای بۆ هێرشی سەر هیچ نەتەوە و ئایینزایەك نەبردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو كات باوەشی بۆ ئایین و ئایینزاكانی دیكە كردووەتەوە، بۆ نموونە جووەكان لە پێش ئیسلامەوە لە سەردەمی ئاشوورییەكان هەر لە ساڵی ٧٢٢ی پێش زایین لەسەر دەستی سەرجۆنی ئەكەدی و دواتر لەسەر دەستی نەبوخزنەسر لە سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایین، هێنراونەتە چیاكانی كوردستان، ئەو سەردەمە هەم ئاشوورییەكان و هەم بابلییەكان دەسەڵاتێكی زۆریان هەبوو، شاڵاویان بردە سەر ئەهلی كەنعان (ناوچەی شام) كە خودای گەورە و میهرەبان بە گوێرەی تەورات لە سفری تەكوین ئەو سەر زەمینەی بە خەڵات دابووە (بەنی ئیسڕائیل) واتا جووەكان، ئەو سەردەمە جووەكان بەدیل هێنران بۆ بابل و بەشێكیشیان هێنرایە چیاكانی كوردستان، بەمەش جووەكان لەگەڵ كورد تێكەڵ بوون و ڕێزێكی زۆریان لێ نرا. دوای هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەشێكیان بوونە ئیسلام و بەشەكەی دیكەیان هەر لە ناوچەكە ژیاون، تا ئەو كاتەی كۆچیان كرد بۆ ئیسڕائیل، بەو پێیەی جووەكان لە كوردستان خاوەنی خاك و زەوی و زار و پەرستگە بوون، ڕۆژێك دێت هەر دێنەوە، مێژووی جووەكان لە بارزان و دهۆك و لە ناو گەڕەكی تەعجیل و عارەبان لە هەولێر و گەڕەكی جوولەكان لە سلێمانی، بەڵگەیەكی ڕوونی بوونی جووەكان بووە، كاتێك ئەو جووانە لە كوردستانەوە بۆ ئیسڕائیل كۆچیان كرد، بە گریانەوە ڕۆیشتن، چونكە كورد زۆر باش بوون

**كورد گەلێكی چەوساوە و ستەملێكراو بووە و پەنای بۆ هێرشی سەر هیچ نەتەوە و ئایینزایەک نەبردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو كات باوەشی بۆ ئایین و ئایینزاكانی دیكە كردووەتەوە**

**کاتێک ئەو جووانە لە کوردستانەوە بۆ ئیسرائیل کۆچیان کرد، بە گریانەوە ڕۆیشتن، چونکە کورد زۆر باش بوون لەگەڵیاندا، بەتایبەتی بارزانییەکان ڕێزیان لە هەموو ئایین و ئایینزا و، لە ناویشیاندا جووەکان دەگرت**

**لە یەکێک لە دەقەکانی شێخی بارزاندا هاتووە: «نابێت جووەکان ئازار بدەن»، تا ئێستاش کوردە جووەکانی ئیسرائیل بە کوردی قسە دەکەن و لە یادەکاندا جلوبەرگی کوردی دەپۆشن**

**کاتێک لە کۆتایی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانیدا ستەم لە ئەرمەنەکان کرا، مەلا مستەفا بارزانی یەکێک بوو لەو سەرکردانەی کە لەگەڵ چەندین پێشمەرگە چوو بۆ داکۆکیکردن لێیان**

**هەموو سەرکردەکانی کورد بەتایبەتی مەلا مستەفا بارزانی ڕۆڵی زۆر گەورەیان هەبووە لە پێکەوەژیان و لێبووردەییدا، کە ئێستا کورد شانازییەکی زۆریان پێوە دەکات و لای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییش جێگەی ڕێز و تەقدیرن**

لەگەڵیاندا، بەتایبەتی بارزانییەکان ڕێزیان لە هەموو ئایین و ئایینزا و، لە ناویشیاندا جووەکان دەگرت، لە یەکێك لە دەقەکانی شێخی بارزاندا هاتووە: «نابێت جووەکان ئازار بدەن»، تا ئێستاش کوردە جووەکانی ئیسرائیل بە کوردی قسە دەکەن و لە یادەکاندا جلوبەرگی کوردی دەپۆشن. مەسیحییەکانیش لە کوردستاندا لە خۆشترین و پارێزراوترین پێگەی سەر زەویدا بوون، لێرەوە مەسیحییەت بۆ چەندین ناوچە و شوێنی دیکە بڵاو کرایەوە، ئێمە لە کوردستان ئەرمەنەکانیشمان هەیە، کە لەسەردەستی عوسمانییەکان زۆر ئازار دران و هاتن بەرە و شنگال و ئێزدییەکان پاراستیانن، حەمو شەرۆ کە کەسایەتییەکی ئێزدییان بوو، داوای لە ئێزدییەکان کرد، ئەوەی خێر دەکات دەبێت ئاگای لە ئەرمەنەکان بێت و ئەوەی خێر بەوان نەدات، بە منیشی نەداوە، سەبارەت بە کاکەیی و زەردەشتی و سابیئەش بە هامان شێوە، خاوەنی پەرستگەی خۆیانن و بە ئازادانە ئایینی خۆیان بەڕێوە دەبەن، کاکەییەکان بە سێ ناو ناویان دەهێنرێت: یارسان – کاکەیی- عەلی ئیلاهی (ئەهلی هەق) کە لە دێر زەمانەوە لە کوردستان بەتایبەتی لە ناوچەی هەورامان هەبوون، سابیئەکانیش لە کۆنەوە لە کوردستان هەبوون، بەڵام کۆچی گەورەیان لە ساڵی ٢٠٠٦ بوو، ئەو دەمەی لە عێراق زۆر چەوسانەوە و ناچار کۆچیان کرد بۆ هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێر و عێنکاوە نیشتەجێ بوون، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کات زۆر هاوکاریی سابیئەی کرد و پەرستگەی بۆ دانان، بۆ بۆنەکانیان دەچنە سەر زێی گەورە لە کەڵەك.

*** تا چەند زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلام ڕۆڵیان هەبووە بۆ ئەوەی ئەم دیوە جوانەی لێبووردەیی و پێکەوەژیان نەگۆڕدرێت بۆ توندوتیژی؟**

- کورد گەلێکی چەوساوە و ستەملێکراو و بێ دەوڵەت بووە و زوڵمێکی زۆرمان لێ کراوە، ئەمەش پێچەوانەی دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان بووە، زۆربەی سەرکردەکانی کوردیش لە مێژوودا کە خەباتیان لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد کردووە، خوداپەرست و ئایینپەروەر بوون و مەلا و مامۆستای ئایینی زۆر لە دەوریان بوون، هەمووان پێکەوە ڕەسەنایەتی ئایینەکە و فەرموودەکان و کەلتوور و نەریتی کوردەوارییان جێبەجێ کردووە، ڕاستە زۆر کەس هەبووە سەرقاڵی هێنانی هزری توندڕەوی و توندوتیژی و بیری نامۆ بوون، بەڵام لە ناو کورددا جێگەی ئەم هزر و بیروبۆچوونە توندوتیژییانە نەبووەتەوە، چۆنکە خۆی چەوساوە بووە و ئازار و ستەم و زوڵمی لە نەتەوە و ئایینەکانی دیکە نەکردووە و، خێر بۆ مرۆڤایەتی لای کورد بووەتە کەلتوور، بۆ نموونە ڕۆڵی شێخ عەبدولسەلامی بارزان و شێخ مەحموودی حەفید و شێخ ئەحمەدی بارزان و مەلا مستەفا بارزانی لەم ڕووەوە دیار و بەرچاو بووە، کاتێك لە کۆتایی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانیدا ستەم لە ئەرمەنەکان کرا، مەلا مستەفا بارزانی یەکێك بوو لەو سەرکردانەی کە لەگەڵ چەندین پێشمەرگە چوو بۆ داکۆکیکردن لێیان، سەرۆك مسعود بارزانی لە پەرتووکەکەی خۆیدا باسی کردووە، دەڵێت: «کاتێك مەلا مستەفا بارزانی نەخۆش بوو لە ئەمریکا، ئێمە لە سۆپەرمارکێتێك ڕاوەستا بووین، ئەو دەمە پیاو و ژنێك هاتنە پێشەوە لێمان و پرسیاری باوکمیان کرد و گوتیان ئەوە ژەنەڕاڵ بارزانییە، ئێمە شێوەی دەکەین، پێمان گوتن: بەڵێ ئەوە بارزانییە، ئەو پیاو و ژنە ڕاستەوخۆ بە مەلا مستەفا بارزانییان گوت: ئێمە ئەرمەنین و نەوەی ئەنتراکت پاشای ئەرمەنین، پاشامان ئەوەندە باسی پیاوچاکی و گەورەیی جەنابتی بۆ کردووین کە ئێمەت ڕزگار کردووە، ڕاستەوخۆ تۆمان ناسییەوە»، کەسێکی وەکو کاك ئەحمەدی شێخ گرنگیی زۆری بە مەسیحییەکان دەدا، تەنانەت بووکەکەی خۆی مەسیحی بوو، کاتێك منداڵیان بوو، داوای کرد منداڵەکەی ناو بنێت (عیسا) سەرەتا کوڕی کاك ئەحمەدی شێخ ڕازی نەبوو، بەڵام کاك ئەحمەدی شێخ گوتی: دەبێت بەدڵی ئەو بێت، شێخ مەحموودیش وەزیری داراییەکەی کەریمی عەلەکە بوو، ئەو کەریمی عەلەکەیەی لە ناو ماڵی خۆیدا بیری ئاوی تەرخان کردبوو بۆ مزگەوتێك، هەموو سەرکردەکانی کورد بەتایبەتی مەلا مستەفا بارزانی ڕۆڵی زۆر

گەورەیان هەبووە لە پێکەوەژیان و لێبووردەییدا، کە ئێستا کورد شانازییەکی زۆریان پێوە دەکات و لای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییش جێگەی ڕێز و تەقدیرن.

*** لە ئێستادا بەهۆی قەیرانی دارایی و بوونی فکری توندوتیژی لە عێراق و ناوچەکەدا، وای کردووە زۆر لەم پێکهاتە ئایینی و ئایینزایانە کۆچ بکەن، تاچەند گرنگە کورد ڕێگە نەدات کۆمەڵگەی ئەم پێکهاتانە دابڕمێت؟**

- لەبەر ئەوەی من ئەندامی ڕێکخراوی (کایسیدم) کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە تایبەت بە پێکەوەژیانە و زۆر بەناوبانگە و بارەگای لە زۆر پایتەختی ئەوروپا هەیە، زۆر گرنگی بەوە دەدەن کە گرنگی بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی بدرێت، من بەم دواییانە لە کۆنفرانسێکی ڕێکخراوەکە لە لیشبوونەی پایتەختی پورتوگال بە توێژینەوەیەك بەشدار بووم، کە باسی پێکەوەژیانی هەر هەشت ئایین و ئایینزاکەی کوردستانم کرد، کوردستانم وەکو جیهانێکی بچووککراوەی هەموو ئایین و ئایینزاکان وەسف کرد، کە جێگەی سەرنجی بەشداربووان بوو، پاراستنی ئایینزاکان و چارەسەری ئەو کێشانەی کەوایان لێ دەکات کۆچ بکەن، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی و تەنانەت ئایینیشە، بۆ نموونە بەهائییەکان کە بە یاسایەکی ئێرانی و عێراقی قەدەغە کراون، بە ناچاری ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەهائی لە ناو باوەشی مەزهەبی شیعەدا دروست بووە و لە عێراقیش ڕۆیشتن، لەبەر ئەوەی سوڵتانی عوسمانییەکان قبووڵیانی نەکرد، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەهائییەکان نوێنەریان هەیە و زۆر بە ئاسایی پەیڕەوی ئایینی خۆیان دەکەن. ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ بەشەرییەت هاتووە و پێغەمبەرمان(دروودی خوای لەسەر بێت) کە جوویەك مردبوو تەرمەکەیان بەڕێ دەکرد، وەکو ڕێزلێنانێك لەبەری هەڵساوەتەوە، هەر خۆی لە خۆیدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ناو کورددا هاندەرە بۆ پاراستنی پێکەوەژیان، دەکرێت ئەمە بکرێتە قەڵغانێك بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لەو هەموو دوژمنانەی کە هەیەتی، ڕۆژئاوا کوردیان پاراستووە لەبەر مەزلوومییەتی خۆی و ڕێزگرتن لە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی دیکە و وەك میللەتێکی ئاشتیخواز، کاتێك بە دەستی دەرەکی کار بۆ هێنانە ناوەوەی هزری دەرەکی و نامۆ بە کورد و ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکرێت، تەنیا بۆ چۆڵکردنی کوردستانە لە ڕووی ژمارە و پێکهاتەکانیەوە، ئەو کات شتێك نامێنێت ڕۆژئاوا و هاوپەیمانەکان پارێزگاری لێ بکەن، ئەگەر کۆچ لە ناو کوردی موسڵمان زیانێکی هەبێت لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە، ئەوا کۆچکردنی ئایین و ئایینزاکانی دیکەی کوردستان دەیان زیانی دەبێت، بۆ نموونە کۆچکردنی ئێزدییەکان بۆ ئەڵمانیا زیانێکی گەورەیە کە بەر جوانیی ئەم کۆمەڵگەیە دەکەوێت، کە دەکرێت لێرە جیهانی دەرەوە پارێزگارییان لێ بکات و ببێتە قەڵغانێك بۆ پاراستنی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم نموونە جوانەی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بپارێزرێت؟**

- پێویستە کۆتایی بە گوتاری ڕق و کینە بهێنرێت، کە لە ناو هەموو ئایین و ئایینزاکاندا بە ڕێژەی جیاواز هەیە و مەترسیدارە، دەبێت ڕۆڵی گەورە بدرێتە یەکێتیی زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئەرکی گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندنیان لەسەر شانە، جەنابی سەرۆك زۆر باسی نموونەی جوانی پێکەوەژیانی کردووە، بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە ئەم نموونانە لە تارمایی دەربهێنین و بە جوانی بۆ خەڵکی دەرەوەی بخەینە ڕوو، تەنانەت ڕێکخراوێکی تایبەت بە پێکەوەژیانمان لە هەرێمی کوردستان نییە، ئایین و کوردایەتی پێمان دەڵێت دەبێت مرۆڤدۆست و نەرمونیان بین و بۆ بەشەرییەت و کوردایەتی کار بکەین و، سوود لە هەموو سامانە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان وەربگرین، بۆ بەهێزکردنی قەوارەی کوردستان، داواکارم لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان شاری هەولێر وەکو پایتەختی کوردستان بکرێتە شوێنی پێکەوەژیانی ئایینی و ئایینزایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**ڕۆژئاوا کوردیان پاراستووە لەبەر مەزلوومییەتی خۆی و ڕێزگرتن لە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی دیکە و وەک میللەتێکی ئاشتیخواز**

**ئەگەر کۆچ لە ناو کوردی موسڵمان زیانێکی هەبێت لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە، ئەوا کۆچکردنی ئایین و ئایینزاکانی دیکەی کوردستان دەیان زیانی دەبێت**

**جەنابی سەرۆک زۆر باسی نموونەی جوانی پێکەوەژیانی کردووە، بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە ئەم نموونانە لە تارمایی دەربهێنین و بە جوانی بۆ خەڵکی دەرەوەی بخەینە ڕوو**

**داواکارم لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان شاری هەولێر وەکو پایتەختی کوردستان بکرێتە شوێنی پێکەوەژیانی ئایینی و ئایینزایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**



**مامۆستا مەلا خدر مستەفا خەلیفانی بۆ گوڵان:**

# سەرۆک مسعود بارزانی وەک باوکێک پێویستیی ئەم قۆناغەیە بۆ کوردستان

**مامۆستا مەلا خدر مستەفا خەلیفانی بەرپرسی لیژنەی فەتوا لە سۆران و شارەزا لە فقهی ئیسلامی، کە ساڵانێکە لە بواری بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی و بیری میانڕەوی کار دەکات و، دەیان کەس لەسەر دەستی ئەو وانەی شەرعی و فەقێیەتییان خوێندووە و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئاشتەوایی و هەستی نیشتمانپەروەرییەوە کەسێکی دیارە، لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵاندا جەختی لەسەر ئاوێتەبوونی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و لایەنی نەتەوەیی کردەوە، هەموو ئەو هزر و بیروبۆچوونە توندوتیژییانە و حزبایەتی بە ناوی ئیسلامەوە کە لە دەرەوەی سنوورەکان هێنراونەتە ناو کوردستانەوە، ڕەت کردەوە. لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** بەو پێیەی تەمەنێکی درێژتان لە خزمەتی ئایین و خوداپەرستی و وانەوتنەوەدا بەسەر بردووە، لە ئێستاشدا سەرۆکی لیژنەی فەتوای ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانن، حەز دەکەین باسی ئەو ڕەسەنایەتییەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامان بۆ بکەیت، کە مەلای کورد پێی بەناوبانگە؟**

- بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.
دین و نەتەوە هەرگیز لێك جیا نەکراونەتەوە، ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر جەختی لەسەر پیرۆزییەکانی خاك و نیشتمان کردووەتەوە، زانایان و مامۆستایانی بەرزی ئیسلامیش لە ناو گەلی کورددا شارەزاییەکی زۆر باشیان لە دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکان و مەرجەعەکان هەیە، جگە لەوەی ئەرکی ئاراستەکردنی خەڵکیان بەرەو خوداناسی لە ئەستۆ گرتووە، بەردەوامیش نیشتمانپەروەری و خزمەتی نەتەوەکەیان بۆ جیاوازیی ئایین و ئایینزا و پێکهاتەکانی کوردستان بە ئەرکی خۆیان زانیوە. خودای گەورە و میهرەبان و پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت) لەسەری واجب کردووین. مادام ئیسلام بۆ خێری بەشەرییەت هاتووە و خوداش بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت تۆمان بۆ ڕەحم و بەزەیی بەشەرییەت ناردووە، بۆیە زانا و مامۆستا و مەلای کورد بەردەوام لە دەوری پیاوچاکان و سەرکردە گەورەکان بوون، بۆ ئەوەی زوڵم و چەوسانەوە لەسەر خەڵکی هەڵبگیرێت و بەرگری لە نەتەوەکەیان بکەن، خۆشەویستیی خاك لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا گرنگییەکی زۆری پێ دراوە، کاتێك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) مەککەی بەجێ هێشت، گوتی: «وەڵا ئەگەر زۆریان لێ نەکردمایە، هەرگیز لێرە نەدەڕۆشتم، تۆ خۆشەویستترین شوێنی سەر زەویت لە دڵمی مندا». لێرەدا مەبەستی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) خاك و نیشتمان و شارەکەی (مەککە) بوو. لە فەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرموێت: باشترینی نەتەوەکەتان ئەوەیە بەرگری لە هۆز و نەتەوەکەی بکات، مادام گوناح و هەڵە ناکەن، بەرگریکردن لە خاك بەرگریکردنە لە ناموس، لەم ڕوانگەیەوە بوو سەرکردەکانی کورد زۆر گرنگی و بایەخیان بە زانا و مامۆستا و مەلای کورد دەدا.

**زانا و مامۆستا و مەلای کورد بەردەوام لە دەوری پیاوچاکان و سەرکردە گەورەکان بوون، بۆ ئەوەی زوڵم و چەوسانەوە لەسەر خەڵکی هەڵبگیرێت و بەرگری لە نەتەوەکەیان بکەن**

*** باسی سەرکردەکانی کوردت کرد، کە زۆر گرنگییان بە ئاوێتەبوونی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و ئایینی پیرۆزی ئیسلام دابوو، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ڕۆڵی مامۆستایان و مەلای کورد لە شۆڕش و خەباتی نەتەوەییدا چۆن بوو؟**

- شێخ سەعیدی پیران و قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی و شێخ مەحموود و سەرکردەکانی دیکەش ئەهلی مزگەوت و خانەقا و کەسایەتیی ئایینی بوون، دەزانیت خۆشەویستترین کەس لای مەلا مستەفا بارزانی مەلا بوو، ئەو سەرکردەیەی کورد باش دەیزانی پەروەردەکردنی میللەتەکەی بۆ خوداپەرستی و ڕاستگۆیی و دەستپاکی و نیشتمانپەروەری لای مەلا دەکرا، بە پێچەوانەی ئەم سەردەمەوە کە زۆر شتی نامۆ دوور لە کەلتوور و نەریت و

**خۆشەویستترین کەس لای مەلا مستەفا بارزانی مەلا بوو، ئەو سەرکردەیەی کورد باش دەیزانی پەروەردەکردنی میللەتەکەی بۆ خوداپەرستی و ڕاستگۆیی و دەستپاکی و نیشتمانپەروەری لای مەلا دەکرا**

**بارزانی هاتە پێش حوجرەکەمان و گوتی: ئەو حوجرەیە بۆ وا بێ سەروبەرە؟ پێمان گوت: ئەمساڵ دروست کراوە و سواخ نەدراوە، بارزانی ڕاستەوخۆ فەرمووی ٢٠ دیناریان بدەنێ بۆ نۆژەنکردنەوەی حوجرەکەیان، ئەو سەردەمە بەهاکەی ٢٠ دەفتەر دۆلاری ئێستا بوو**

ئایینی کورد دەبینم، دەرئەنجامەکەی زۆر خراپ دەبێت، من لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە وەرتێ فەقێ بووم لای مامۆستا حەمەدەمینی وەرتێ و مامۆستا مەلا محەمەد، کە سەرۆکی لیژنەی فەتوا بوو لە هەولێر، ئەو سەردەمە بڵاو بووەوە کە گوایە ڕەخنەیان لە مەلا مستەفا بارزانی گرتووە، بەوەی دەیەوێت دەسەڵاتی زۆر بە مەلاکان بدات، چونکە بارزانی خۆی بە یەکێك لە مامۆستایانی ئایینی دەزانی و ڕێزێکی زۆری لێ دەگرتن و مەلا لای ئەو سەرکردەیە بەڕێز بوون، بارزانی لە وەڵامدا پێیانی گوتبوو لە پێناو پەروەردەی گەلەکەمدا ئەگەر من بمێنم و کوردستان ڕزگاری ببێت، دەسەڵاتی تەواو دەدەمە مامۆستایانی ئایینی. لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٦٧ من لە وەرتێ دەمخوێند و لەوێ چاوم بە بارزانی کەوت، ئەو سەردەمە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی پێشمەرگە و خەڵکەکەی چەند چاڵێکی لێ دابوو، بەردی گرانبەها و مووروویان لێ دەردەهێنا، کە عەقیقی لێ دروست دەکرا، ئەو دەمە سێ چوار فەقێ بووین چووینە خزمەتی مەلا مستەفا بارزانی و پرسیاری لەمن کرد، گوتی: تۆ چی دەخوێنیت؟ منیش کتێبێکم بە دەستەوە بوو، بە بەڕێزیانم گوت: ئەم کتێبە دەخوێنم، کاتێك بارزانی سەیری کتێبەکەی دەستی کردم ڕاستەخۆ پێی گوتم: تۆ هێشتا منداڵیت، کاتێك بەیانی بووەوە بینیم بارزانی هاتە پێش حوجرەکەمان و گوتی: ئەو حوجرەیە بۆ وا بێ سەروبەرە؟ پێمان گوت: ئەمساڵ دروست کراوە و سواخ نەدراوە، بارزانی ڕاستەوخۆ فەرمووی ٢٠ دیناریان بدەنێ بۆ نۆژەنکردنەوەی حوجرەکەیان، ئەو سەردەمە بەهاکەی ٢٠ دەفتەر دۆلاری ئێستا بوو، کاتێك لە بن چیای کارۆخ بارزانی دانیشتبوو، ئێمە بەردەوام لە دەوری بووین، مەلایەك بە ناوی مەلا خالیدی وەرتێ خاڵەکانی میراتییان بە دایکی نەدەدا، مەلا مستەفا پێی گوت: من کۆمەڵێك مەلا ڕادەسپێرم بە شەرعی خودا بەشی میراتی دایکت وەربگرن، مەلاکەش دوعای بۆ بارزانی کرد و پێی گوت ئینشاڵڵا ئەم کوردستانە لەسەر دەستی جەنابت ڕزگاری دەبێت. بارزانی تا کۆچی دوایی کرد، خزمەتی ئایین و نیشتمان و ئەم نەتەوەیەی کرد و لە پێناو میللەتەکەیدا، لە دەرگای هەموو وڵات و حکومەت و هێزەکانی دا و ڕێزی لە هەموو ئایین و ئایینزا و پێکهاتەکان گرت، بارزانی پێی دەگوتین: مەسیحی لە جێگەی خۆی و موسڵمانیش لە جێگەی خۆی، هەموومان لە خاکێکدا دەژین، پێویستە هەموومان هاوکار و یارمەتیدەری یەکتر بین، بارزانی ڕێگەی نەدەدا و قبووڵی نەبوو کەس تەعەدا و غەدر لە هیچ کەسێکی دیکە بکات، ئێمە هەر چاوەڕوانی ئەمەمان لە کەسایەتییەکی خاوەن بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر و تێکۆشەری وەکو مەلا مستەفا بارزانی دەکرد.

**بارزانی تا کۆچی دوایی کرد، خزمەتی ئایین و نیشتمان و ئەم نەتەوەیەی کرد و لە پێناو میللەتەکەیدا، لە دەرگای هەموو وڵات و حکومەت و هێزەکانی دا و ڕێزی لە هەموو ئایین و ئایینزا و پێکهاتەکان گرت**

**هەموو ئەو زوڵم و چەوسانەوەیە بۆ دووبەرەکی و یەکنەبوونی کورد لە ناوخۆ دەگەڕێتەوە، دوژمنەکانی کورد باش ئەم ڕاستییە دەزانن و کاری زۆریان لەسەر نانەوەی فیتنە و دووبەرەکی و شەڕ و ئاشووب لە نێوان کوردەکاندا کردووە**

**هەمووان هەست بەوە دەکەین حزبە سیاسییەکان لە مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەییدا کەمتەرخەمن، ئەوان زۆر مەسەلەی چارەنووسسازی نەتەوەکەیان تێکەڵ بە ململانێی سیاسی کردووە**

**با لە دەقە پیرۆزەکانی قورئان فێری ڕەوشت و کاری باشە بین، نابێت کەسانی نەزان و قین لە دڵ و توندوتیژ بۆ بەدیهێنانی مەرامی تایبەتیی خۆیان حزبە سیاسییەکان بەکار بهێنن**

*** کورد لەسەر دەستی ڕژێمەکانی عێراق و ناوچەکە تووشی زوڵم و چەوسانەوە بووە، دژایەتیکردنی گەلی کوردی موسڵمان و زەوتکردنی مافەکانی تاچەند لە دژی دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرن (دروودی خوای لەسەر بێت)؟**

- هەموو ئەو زوڵم و چەوسانەوەیە بۆ دووبەرەکی و یەکنەبوونی کورد لە ناوخۆ دەگەڕێتەوە، دوژمنەکانی کورد باش ئەم ڕاستییە دەزانن و کاری زۆریان لەسەر نانەوەی فیتنە و دووبەرەکی و شەڕ و ئاشووب لە نێوان کوردەکاندا کردووە، لاپەڕەکانی مێژوو بخوێننەوە، پڕیەتی لە خیانەت و خزمەتکردنی دوژمن لەسەر حیسابی دۆزی ڕەوای گەلی کورد، ئەو ڕژێم و دەسەڵاتدارانەش باش دەزانن زوڵم و چەوسانەوە و غەدر گوناحێکی گەورەیە، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و لە ڕق و کینەیان بەرانبەر گەلی کوردستان بەردەوام بوون لە کیمیاباران و ئەنفال و دەرکردن و بڕینی قووتی کوردەکان، خودای گەورەو میهرەبان و پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) نەهی لە ئازاردانی مرۆڤ و نەتەوەکانی دیکە کردووە، لە دەقی قورئانی پیرۆزدا هاتووە: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ * إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ».

*** مەلای کورد بەردەوام دژی توندوتیژی بووە و ڕێگەی نەداوە هزری نامۆ تێکەڵ بە دینەکەیان ببێت، هاوکات نموونەی پێکەوەژیان**

**و کەلتووری یەکترقبووڵکردن بوون، ئایا ئێستا بۆچی ڕێگە دراوە ئەو هەموو فیکرە نامۆیە بە ڕەسەنایەتیی ئیسلام بێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ مرۆڤایەتی هاتووە و مەلای کوردیش جوان لەم دینە تێگەیشتووە، بۆیە نەیهێشتووە فکری نامۆ و توندوتیژی بهێنرێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە و گەنجەکان لەخشتە بەرن، لەلایەکی دیکەوە ڕێگەیان نەداوە بە ناوی حزبی ئیسلامی بۆ مەرامی دونیایی بەکار بهێنرێت، هەمووان هەست بەوە دەکەین حزبە سیاسییەکان لە مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەییدا کەمتەرخەمن، ئەوان زۆر مەسەلەی چارەنووسسازی نەتەوەکەیان تێکەڵ بە ململانێی سیاسی کردووە، ئەرکی پیاوچاکان و موسڵمانانە هانی حزبەکانیان بدەن، شێوازی کێبڕکێی نێوانیان بگۆڕن و کێبڕکێ لەسەر بەرگریکردن لە مافی نەتەوەکەیان و کاری باشە و چاکە بکەن، با لە دەقە پیرۆزەکانی قورئان فێری ڕەوشت و کاری باشە بین، نابێت کەسانی نەزان و قین لە دڵ و توندوتیژ بۆ بەدیهێنانی مەرامی تایبەتیی خۆیان حزبە سیاسییەکان بەکار بهێنن، من داخی گەورەم لەو مەلا بەتوانا و شارەزایانەیە کە بە دوای هەندێك لە حزبە ئیسلامییەکان کەوتوون، باشیش دەزانن دوژمنانی کورد بۆ مەبەست و مەرامی تایبەتی خۆیان بەکاریان دەهێنن و هزر و بیروبۆچوونی توندوتیژی و نامۆ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام پەیڕەو دەکەن.

*** تا چەند گرنگە دەسەڵاتدارانی کوردستان لە مامۆستایان و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام نزیك بن، بۆ ئەوەی ڕۆڵ و پێگەی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە دۆزە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا بگەڕێتەوە؟**

- جیاوازییەکی زۆر لە نێوان سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی و ئەم سەردەمەی سەرۆك مەسعود بارزانی هەیە، واقیعی کۆمەڵگە و عێراق و ناوچەکە و جیهانیش زۆر جیاوازترە، لەم سەردەمەدا ئەوەی ئەرکی سەرشانی سەرۆك مسعود بارزانی قورس کردووە، ناکۆکیی توندی نێوان حزبەکان و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەیە لەلایەن ئایدیۆلۆژیا و حزبایەتی و کەسایەتیی نابەرپرسەوە، لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانیدا حزبایەتی نەبوو، بۆیە خەڵك بە ئاسوودەیی دەژیان، لەبیرمە کاتێك وتیان تانکەکانی ڕژێم پەڕیونەتەوە بۆ ئەم پەڕی زێ، بارزانی دەستی دایە تفەنگ و هەموو پێشمەرگە پێکەوە تفەنگیان هەڵگرت و چوونە بەرەکانی شەڕ، ناچار تانکەکان و هێزی دوژمن تێکشکان و کشانەوە، بارزانی حزبایەتی نەدەکرد، سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئێستای ئێمە وەکو مەرجەعی کورد و کوردستانە، هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزا و حزبەکان و ئایدیۆلۆژییەکان پێویستیان پێیەتی، ئێمە کاك مسعودمان پێویستە وەکو باوکێك بۆ هەموو نەتەوە و ئایینەکانی کوردستان، سەرۆك مسعود بارزانی خاوەن بنەماڵەیەکی ناسراوی ئایینی و کوردپەروەرە و مێژوویەکی پاکی هەیە و خەباتگێڕێکی گەورەیە و دوژمن و دۆست حیسابی وردی بۆ دەکەن و ئەو هەموو دەمپیس و دوژمن و قین لە دڵە قسەی پێ دەڵێن، هەمووی لەبەر ئەوەیە پیاوێکی گەورەیە و کۆڵەکەی قەوارەی کوردستانە، دارێك بەرهەمی زۆر بێت هەموو کەسێك داروبەردی بۆ دەهاوێژێت، کاری مسعود بارزانی زۆر قورسترە لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی، لەم سەردەمەدا ناکۆکی و حزبایەتی و دوژمنی کورد زیاترە، کاك مسعود چارەنووسی میللەتێکی گەورەی کەوتووەتە ئەستۆ، هەموومان چاومان لە دەستی جەنابیانە تا کورد لە ئاشووب و فیتنە و نەهامەتی و هێرشی دەرەکی بپارێزێت. من وەکو مەلایەکی کورد کاتێك سەیری سۆشیاڵ میدیا دەکەم، وەڵاهی لە خشتەبردنی گەنجی کورد و تێکچوونی شیرازەی خێزان و نەتەوە و نەهامەتی میللەتەکەمان زیاتر هیچی دیکەی تێدا نابینم، باشە بۆ دەبێت ئێمە لە ڕەخنە و ناکۆکیدا ئێسکی یەکتر بشکێنین و بەو زمانە ناشیرین و دوور لە دین و ئەخلاقە قسە بە یەکتر بڵێین؟ میللەتی کورد پێویستی بە کەسایەتییەکی وەکو مسعود بارزانی هەیە، بۆ ئەوەی وەکو مەرجەعێك هەموو لایەك کۆبکاتەوە و لە فیتنە و ئاشووب و دووبەرەکی و ئەو هەموو دوژمنەی گەلی کوردستان بمانپارێزێت و لە ناکۆکییە گەورەکاندا یەکمان بخات.

**لەم سەردەمەدا ئەوەی ئەرکی سەرشانی سەرۆک مسعود بارزانی قورس کردووە، ناکۆکیی توندی نێوان حزبەکان و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەیە لەلایەن ئایدیۆلۆژیا و حزبایەتی و کەسایەتیی نابەرپرسەوە**

**سەرۆک مسعود بارزانی خاوەن بنەماڵەیەکی ناسراوی ئایینی و کوردپەروەرە و مێژوویەکی پاکی هەیە و خەباتگێڕێکی گەورەیە و دوژمن و دۆست حیسابی وردی بۆ دەکەن**

**کاک مسعود چارەنووسی میللەتێکی گەورەی کەوتووەتە ئەستۆ، هەموومان چاومان لە دەستی جەنابیانە تا کورد لە ئاشووب و فیتنە و نەهامەتی و هێرشی دەرەکی بپارێزێت**

**بۆ دەبێت ئێمە لە ڕەخنە و ناکۆکیدا ئێسکی یەکتر بشکێنین و بەو زمانە ناشیرین و دوور لە دین و ئەخلاقە قسە بە یەکتر بڵێین؟**

# مەترسییەکانی ئێستا و ١٠ساڵی داهاتووی جیهان

## لە ڕاپۆرتی کۆڕبەندی داڤۆس ساڵی٢٠٢٣



ئەمڕۆ ١٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣ کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆسی سویسرا دەست بە کارەکانی دەکات و تا ڕۆژی ٢٠ی مانگ بەردەوام دەبێت.

ئەم کۆڕبەندە لە ساڵی ١٩٧١ لەلایەن کلاوس شواب بزنێسمان و ئابووریناسی ئەڵمانی دامەزراوە و، هەموو ساڵێك کۆنگرەیەك ڕێك دەخات، بۆ بەدواچوون و دۆزینەوەی ڕێگەی چارەسەر بۆ ئەو کێشە ئابووری و سیاسییانەی ڕووبەڕووی کۆی دەوڵەت و حکومەتەکانی جیهان دەبنەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە ئەم کۆڕبەندە ساڵانە پێش گرێدانی، ڕاپۆرتێك لەسەر تەواوی کێشە جیهانییەکان ئامادە دەکات و، ئەم ڕاپۆرتە کە بە سەدان پسپۆڕ و زانای بوارە جیاوازەکان بەشداری تێدا دەکەن، دەستنیشانی تەواوی ئەو کێشە ئابووری و سیاسییانە دەکەن کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا وەك مەترسی دەردەکەون و کاریگەرییان لەسەر ساڵی داهاتوو دەبێت. ڕاپۆرتی ئەمساڵی کۆڕبەندی داڤۆس کە بە ناونیشانی «ڕاپۆرتی مەترسییە جیهانییەکان – ڤێرژنی ١٨» لە ڕۆژی ١١ی کانوونی دووەم بڵاو کرایەوە، زیاتر لە ١٢٠٠ پسپۆڕ و زانای بوارە جیاوازەکان بەشدارییان تێدا کردووە و، تیایدا تەواوی ئەو مەترسییانەیان خستووەتە ڕوو، کە لە ماوەی «دوو تا ١٠ ساڵی داهاتوو» ڕووبەڕووی جیهان دەبێتەوە.

**ڕاپۆرتی ئەمساڵی کۆڕبەندی داڤۆس کە بە ناونیشانی «ڕاپۆرتی مەترسییە جیهانییەکان – ڤێرژنی ١٨» لە ڕۆژی ١١ی کانوونی دووەم بڵاو کرایەوە، زیاتر لە ١٢٠٠ پسپۆڕ و زانای بوارە جیاوازەکان بەشدارییان تێدا کردووە**

بۆ قسەکردن و دیالۆگ و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەم کێشانە، ئەم کۆڕبەندە بانگهێشتی بەشێکی زۆری سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەکان و پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان و ڕۆژنامەنووسان دەکات و، ئەجێندای ڕاپۆرتە ئامادەکراوەکە لەسەر پەنێڵەکانی ئەو چوار ڕۆژەی کۆڕبەندەکە دابەش دەکات.

**ڕاپۆرتی ساڵی ڕابردووی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی- داڤۆس، جیهانی لەوە ئاگادار کردووە کە بە هۆکاری ئاست و ئاراستەی جیاوازی دووبارە هەستانەوەی ئابووری لە دوای پەتای کۆڤید ١٩، لێکدابڕان و دابەشبوونی نێوان دەوڵەتان زیاتر دەبێت**

سەبارەت بە کۆڕبەندی ئەمساڵ، پسپۆڕی ئابووری (سەعدیە ئەلزاهیدی) بەڕێوەبەری گشتیی کۆڕبەندەکە کە پێشەکی بۆ ڕاپۆرتی ئەمساڵی «مەترسییە جیهانییەکان» نووسیوە، لە دەستپێکدا بەم جۆرە سەبارەت بە مەترسییە جیهانییەکان هۆشداریمان پێ دەدات: «ڕاپۆرتی ساڵی پاری ئەم کۆڕبەندە هۆشداریی ئەوەی دا کە بە هۆی ئاراستەی جیاوازی هەستانەوەی گەشەی ئابووری، دوای کۆتاییهاتنی پەتای



کۆڤید ۱۹، ئەو هەڕەشەیەمان پیشان دەدات کە دابەشبوون و لێکترازان لە نێو دەوڵەتەکاندا زیاتر دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا هاریکاریکردنی یەکدی لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە ئاسۆی تەحەددییە جیهانییەکاندا دەیانبینین، بەڵام هەتا ئێستاش قورسە بە ئاسانی لەوە تێبگەین کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان مەترسییە جیهانییەکاندا هەیە، هەر بۆیە بەشێکی کەمی خەڵك مەزندەی ئاستی ئەو ناسەقامگیرییە دەکەن، کە لە کاتێکی زۆر نزیکدا ڕوو دەدەن، ئەم جارە بە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕێکی تازەوە».

کەواتە ڕاپۆرتی ساڵی ڕابردووی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی- داڤۆس، جیهانی لەوە ئاگادار کردەوە کە بە هۆکاری ئاست و ئاراستەی جیاوازی دووبارە هەستانەوەی ئابووری لە دوای پەتای کۆڤید ۱۹، لێکدابڕان و دابەشبوونی نێوان دەوڵەتان زیاتر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی مەترسییە جیهانییەکە خۆی لە هەڵگیرسانی شەڕێکی نوێدا بخاتە ڕوو، کە لێرەدا مەبەستی شەڕی «ڕووسیا و ئۆکرانیا»یە، کە ساڵی پار نزیکەی مانگێك دوای کۆتاییهاتنی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە ساڵی ۲۰۲۲ هەڵگیرسا.

**لە کاتێکدا وا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا خەریکە لە ساڵێک نزیک دەبێتەوە، هەتا ئێستاش هەڵسانەوەی ئابووری لە شۆکێکی بەردەوامەدایە، بە هۆی هەڵایسانی ئەو شەڕەوە**

هەر بۆیە ڕاپۆرتەکە هۆشدارییەکی دیکەمان دەداتێ و پێمان دەڵێت: لە کاتێکدا وا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا خەریکە لە ساڵێك نزیك دەبێتەوە، هەتا ئێستاش هەڵسانەوەی ئابووری لە شۆکێکی بەردەوامدایە، بە هۆی هەڵایسانی ئەو شەڕەوە، هەر بۆیە کۆڕبەندەکە بۆ ڕاپۆرتی ئەمساڵ ڕاپرسییەکانی سەبارەت بە تەحەددییە جیهانییەکان بۆ دوو ساڵی داهاتوو ئەنجام داوە و، بەپێی ئەم ڕاپرسییە زیاتر لە ۸۰٪ی ئەوانەی ڕای خۆیان لەم ڕاپرسییەدا دەربڕیوە، پێیان وایە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو (هەتا ساڵی ۲۰۲۵) بارودۆخی تەحەددی و مەترسییەکان لەسەر جیهان بەرەو ئاراستەیەکی خراپتر وەردەچەرخێن.

**زۆرینەی زۆری بەشداربوانی ڕاپرسییەکە پێشبینی دەکەن لە ئاکامی چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانەی ئێستا و کەڵەکەبوونیان هەتا ساڵی ۲۰۳۳ مەترسییەکانی (ئابووری، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، جیوسیاسیی و تەکنەلۆژیای تازە) زۆر بە خێرایی لە ماوەی ۱۰ ساڵی داهاتوودا دەردەکەون**

ئەو مەترسی و تەحەددییانەی لەم ڕاپۆرتەدا پێشبینی کراون، کە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو بەرەو خراپتر دەچن، بریتین لە:

۱. باری گوزەران بە شێوەیەکی گشتی قورس دەبێت.

۲. کارەساتی سرووشتی و ڕووداوی ژینگەیی قورس ڕوو دەدەن.

۳. ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدیاتە جیۆ-ئابوورییەکان.

٤. شکستهێنان لە کەمکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا.

٥. داخورانی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و جەمسەرگیریی کۆمەڵایەتی زیاتر ڕوو دەدەن.

٦. ڕوودانی کارەساتی گەورەی ژینگەیی بەرفراوان.

٧. شکستهێنان لە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا.

٨. بڵاوبوونەوەی تاوانی سایبێری (ئەلیکترۆنی) و ناسەقامگیریی سایبێری.

٩. تەنگژەی سەرچاوەی سرووشتی زیاتر دەبێت.

١٠. ڕوودانی کۆڕەوی بەربڵاوی ناچاری.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستە و تێڕامانێکی گەورەیە، ئەوەیە ئەم ۱۰ مەترسییەی لە ڕاپۆرتەکەدا پێشبینیی ئەوەی بۆ کراوە کە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا ڕوو بدەن، لە ماوەی ۱۰ساڵی داهاتوو، واتە تا ساڵی (۲۰۳۳) هەر بەردەوام دەبێت و بەرەو خراپتریش دەبێت، بەم شێوەیە وەك خۆیان و خراپتر دەمێننەوە:

مەترسییە پێشبینیکراوەکان بۆ ساڵی ۲۰۳۳ی جیهان:

- شکستهێنان لە کەمکردنەوەی گۆڕانکاریی ژینگە بەردەوام دەبێت.
- لە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕینی کەشوهەوا شکست خواردوو دەبین.
- کارەساتی سرووشتی و ڕووداوە سەختەکانی کەشوهەوا خراپتر دەبن.
- فرەچەشنیی بایۆلۆژی لەدەست دەدەین و سیستمی ژینگە لەبەریەك هەڵدەوەشێت.
- شاڵاوی بەربڵاوی پەنابەرانی ناچاری بەردەوام دەبێت.
- کێشەی سەرچاوەی سرووشتی چارەسەر نابێت.
- داخورانی کۆمەڵایەتی و جەمسەربەندیی کۆمەڵایەتی زیاتر دەبێت.
- تاوانی سایبێری (ئەلیکترۆنی) زیاتر بڵاو دەبێتەوە و، ژینگەی سایبێری ناسەقامگیر دەبێت.




• ڕووبەڕووبوونەوەی جیۆ- ئابووری بەردەوام دەبێت.

• ڕوودانی کارەساتی ژینگەیی بەرفراوان و زیاتر دەبێت.

ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە کە ڕاپۆرتەکەیان بەسەر سێ چاپتەردا دابەش کردووە، بە سێ قۆناغ باس لە کارلێکی ئەم هەڕەشە و مەترسییانە دەکەن، بەم جۆرە:

قۆناخی یەکەم: لە ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٥ کاریگەری هەڵکشانی تەنگژەکانی ئێستا لەسەر توندبوونی مەترسییە جیهانییەکان، ئەمەش زۆرینەی زیاتر لە ٨٠٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکان پێشبینی دەکەن کە لە ماوەی ئەم دوو ساڵە ڕوو بدەن.

قۆناغی دووەم: دیسان زۆرینەی زۆری بەشداربوانی ڕاپرسییەکە پێشبینی دەکەن لە ئاکامی چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانەی ئێستا و کەڵەکەبوونیان هەتا ساڵی ٢٠٣٣ مەترسییەکانی (ئابووری، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، جیو- سیاسیی و تەکنەلۆژیای تازە) زۆر بە خێرایی لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا دەردەکەون.

قۆناغی سێیەم: کە ڕاپۆرتەکە تەرخانی کردووە بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم مەترسییانە لە ساڵی ٢٠٣٠، ئاماژە بەوە دەکات لەبەر ئەوەی ئەم مەترسی و تەحەددییانە پەیوەندییەکی توندیان بە یەکەوە هەیە، هەموو ببنە هۆکاری ئەوەی «تەنگژەی هەمەجۆر» لە بارەی کەمیی سەرچاوەی سرووشتی لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٣٠ دروست بکات.

ئەم لایەنانەی کە کۆڕبەندی ئابووری داڤۆس ساڵانە لەسەر تەنگژە جیهانییەکان هەڵوەستەی دەکات، زیاتر لە ڕوانگەی کاریگەرییان لەسەر ئاستی ئابووری و بژێوی مرۆڤایەتی هەوڵ دەدات چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، بەداخەوە ڕاپۆرتی ئەمساڵ ڕەشبینییەکی زیاد لە ڕاددەی پێوە دیارە، کە زیاتر لەبری چارەسەر جەخت لەسەر شکستی مرۆڤایەتی لە بەرانبەر ئەم تەنگژانە دەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کۆمەڵێك مەترسی و تەحەددی و هەڕەشەی دیکەی جیهانی هەن، کە پەیوەست بە دارمانی سیستمی جیهانی و ناسەقامگیریی ئاشتی و ئاسایشە لە جیهاندا کە ساڵانە لە مانگی شوبات لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت و، هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان دەخرێنە گەڕ.

هەموو ئەو تەنگژە و مەترسییانەی کە وەك تۆڕێك پێکەوە بەستراون و بوونەتە مەترسیی جددی لەسەر چارەنووسی مرۆڤایەتی لە جیهاندا، تەنیا یەك ڕێگە دەبێتە دەستپێك بۆ چارەسەرکردنیان ئەویش بریتیە لە «تێگەیشتن لە کێشەکان» و «هاریکاریکردنی نێوان دەوڵەتەکان» بۆ ڕووبەڕووی دەستەجەمعی لەبەرامبەر ئەو هەڕەشەو مەترسییانە، بەڵام وەك ڕاپۆرتەکە خۆی بە خەتێکی ڕۆشن نووسیویەتی «زۆر کەمن ئەوانەی بە تەواوەتی لە مەترسی ئەم هەڕەشە و تەحەددییە جیهانییانە تێدەگەن»، ئیدی ئەو پرسیارەش بێ وەڵام دەبێت، کە بەردەوام دەیورووژێنن: «چۆن لە ناو جیهانێکی لەبەریەك هەڵوەشاوەدا هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان دەوڵەتاندا دروست دەبێت؟»

**هەموو ئەو تەنگژە و مەترسییانەی کە وەک تۆڕێک پێکەوە بەستراون و بوونەتە مەترسیی جددی لەسەر چارەنووسی مرۆڤایەتی لە جیهاندا، تەنیا یەک ڕێگە دەبێتە دەستپێک بۆ چارەسەرکردنیان ئەویش بریتیە لە «تێگەیشتن لە کێشەکان» و «هاریکاریکردنی نێوان دەوڵەتەکان» بۆ ڕووبەڕووی دەستەجەمعی لەبەرامبەر ئەو هەڕەشەو مەترسییانە**

ستیڤن بلانك توێژەری باڵایە لە پرۆگرامی ئیرۆئاسیا لە ئەنستیتۆتی توێژینەوەی سیاسەتی دەرەکی، شارەزا و تایبەتمەند و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا، کاروباری سیاسی و سەربازییەکانی ئاسیا و ئەورووپا و ئاسایشی نێودەوڵەتی و، لەم ڕووەوە چەندین کتێب و توێژینەوە و وتاری نووسیوە، هەروەها لەلایەن ئاژانسی ناوەندیی هەواڵگریی ئەمریکا و چەندین ناوەندی توێژینەوەوە ڕاوێژی پێ کراوە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و بەرەوپێشچووون و ئاراستە و دەرئەنجامەکانی شەڕەکەوە.

ستیڤن بلانک
توێژەر و تایبەتمەندی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا بۆ گوڵان:

# پۆتین ناتوانێت شکستی شەڕەکەی لەگەڵ ئۆکرانیا قبووڵ بکات

دیمانەی تایبەت



**رێگاچارەکە ئەوەیە کە چەکی پێویست بدرێت بە ئۆکرانیا بۆ ئەوەی بتوانێت شکست بکاتە چارەنووسی ڕووسیا و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بە سەریدا سەربکەوێت**

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە کاردانەوە و پەرچەکردار و هەڵوێستی یەکگرتووی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر شەڕەکەدا مایەی پێشبینی و چاوەڕوانیی ڕووسیا نەبووە، لێرەدا مەبەستمانە بپرسین ئێوە چۆن لە کاردانەوەی ڕۆژئاوا دەڕوانن لەم ڕووەوە و ئایا لە ئاستی خواستی و چاوەڕوانییەکاندا بووە؟**

- من پێم وایە پێویستە ڕۆژئاوا کار و کۆششی زیاتر بکات لەم ڕووەوە، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەی کە ڕووسیا بۆ سەردەمانێکی دوورە کە لە ناکۆکی و بەربەرەکانێدایە لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا و پرسەکە تەنیا پەیوەست نییە بە شەڕەکەی لەگەڵ ئۆکرانیادا، هەرچەندە دەبێت ئەوەش دووپات بکەینەوە کە ڕێگاچارەکە ئەوەیە کە چەکی پێویست بدرێت بە ئۆکرانیا بۆ ئەوەی بتوانێت شکست بکاتە چارەنووسی ڕووسیا و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بە سەریدا سەربکەوێت.

*** ئاشکرایە کە سەرەڕای ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاری و پاڵپشتیی ئۆکرانیا دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا چەندین ڕێکار و سزای ئابووری و داراییان لە دژی ڕووسیا گرتووەتەبەر، ئێوە چۆن لە کاریگەری و دەرئەنجامەکانی ئەم سزایانە دەڕوانن؟**

- سزاکان کاریگەرییان هەبووە، ئەگەرچی ڕەنگە بە ئاست و ئەندازەی خوازراو نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دەبێت لەم ڕووەوە بوترێت ئەوەیە کە دەبێت سزای سەختتر لە دژی ڕووسیا بگیرێتەبەر.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ڕووسیا هەمیشە خۆی بە هێزە سەربازی و توانای سوپاکەیەوە هەڵدەکێشا، کە ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی وەك**

**بەرژەوەندییەکانی هەردوولایان یەکیان گرتووە، وەک هاوسەرگیریی بەرژەوەندی لێ هاتووە، چونکە ئێران پێی وایە ڕووسیا پاڵپشتییەکی سیاسی و تەنانەت سەربازیشی دەکات بۆ بەدەستهێنان و دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، ڕووسیاش لەم هەلومەرجەی شەڕەدا پێویستی بە چەکە و لە ئێرانیشی دەکڕێت**

**بە ئامانجگرتنی ژێرخانە بنەڕەتییەکانی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە نەبووەتە هۆی ئەوەی ئاراستە و تەوژمی شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا گۆڕانکاری بەسەردا بێت**

**ئەوروپا توانیویەتی سەرچاوەی بەدیل بۆ هاوردەکردن و بەدەستهێنانی وزە پەیدا بکات، ئەوەتا خەریکی هاوردەکردنیەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و هەروەها لە ئەمریکاوە**

**هێزێکی گەورە و مەزن لە ڕووسیا بڕوانرێت، بەڵام دواتر ئەدایەکی خراپی ئەم سوپایە بەدی کرا، تەنانەت ڕووسیا پەنای بردە بەر ئێران بۆ بەدەستهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ بە ئامانجگرتنی ژێرخانی ئۆکرانیا، هەروەها هاوردەکردنی چەك لە کۆریای باکوورەوە، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە هاوردەکردن و بەدەستهێنانی چەکەوە لە ئێران، ئەوا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لەم ساتەوەخت و قۆناغەدا بەرژەوەندییەکانی هەردوولایان یەکیان گرتووە، وەك هاوسەرگیریی بەرژەوەندی لێ هاتووە، چونکە ئێران پێی وایە ڕووسیا پاڵپشتییەکی سیاسی و تەنانەت سەربازیشی دەکات بۆ بەدەستهێنان و دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، ڕووسیاش لەم هەلومەرجەی شەڕەدا پێویستی بە چەکە و لە ئێرانیشی دەکڕێت. ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە کۆریای باکوورەوە، ئەوا ئاشکرایە کە ئەم وڵاتە هەوڵی بەدەستهێنانی پاڵپشتی و پشتیوانیی ڕووسیا و هەروەها چین دەدات، لە بەرانبەر سزاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هیچ یەکێك لەو دوو وڵاتەش ڕەخنەی لێ ناگرن لە بەرانبەر تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکانی، لە بەرانبەردا ڕووسیا پێویستی بەوەیە کە وڵاتێك هەبێت و لێی دڵنیا بێت کە دەتوانێت چەکی لێ بەدەست بهێنێت، یان چەکی لێ هاوردە بکات.

*** ئایا ئەمە ئاماژە نییە بەوەی کە ڕووسیا وردە وردە چەکی لێ دەبڕێت؟ ئایا بە تێڕوانینی ئێوە تا کەی ڕووسیا دەتوانێت درێژە بە شەڕەکە بدات، بەتایبەتی لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ڕووسیا لەم شەڕەدا تووشی چەندین پاشەکشە و شکست بووەتەوە؟**

- لە ڕاستیدا بنچینەی کێشەکە ئەوەیە کە سەرۆك ڤلادمیر پوتین کەسێك و کەسایەتییەکە کە ناتوانێت ئەو ڕاستییە قبووڵ بکات کە لە شەڕەدا تووشی دۆڕان و شکست هاتووە، لەم ڕوانگەیەوە ئامادەیە تا سەر بجەنگێت. سەرەڕای ئەو کاولکاری و کوشتارەی کە لە شەڕەکە دەکەوێتەوە و دێتەئاراوە، ئەوەتا هێشتا لە هەوڵ و کۆششی هاوردەکردنی چەکی زیاترە لە هەر دوو وڵاتی ئێران و کۆریای باکوورەوە، بە دەیان هەزار سەربازی زیاتر ئامادە دەکات و مەشقیان پێ دەکات و ڕەوانەی بەرەکانی شەڕیان دەکات و، هێرشەکانی بۆ تێکشکاندنی ژێرخانە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ئۆکرانیا چڕ دەکاتەوە. هەروەها پەنا دەباتە بەر هەڕەشەکردن، یان ئاماژەکردن بە ئەگەری پەنابردنەبەر بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە کە لە شەڕەکەدا تووشی شکست و دۆڕان نەبێتەوە.

*** ئەگەر لەبارەی بە ئامانجگرتنی ژێرخانە سەرەکییەکانی ئۆکرانیاوە پرسیار بکەین، ئایا پێت وایە تا چەند ئەمانە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتین، بەتایبەتی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە ژیانی خەڵکی مەدەنییەوە، -وەك ژێرخانی ئاو و کارەبا- و تا چەند دەبنە هۆی ئەوەی ئاراستە و ئاقاری شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا بگۆڕن؟**

- ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت و ئاشکرایە ئەوەیە کە بە ئامانجگرتنی ژێرخانە بنەڕەتییەکانی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە نەبووەتە هۆی ئەوەی ئاراستە و تەوژمی شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام ئەگەر بمانەوێت شرۆڤەکارییەك بۆ هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت ئەم هێرش و بە ئامانجگرتنانە بکەین، ئەوا بە تێڕوانینی من ئەوەیە کە ڕووسیا دەیەوێت بەم شێوەیە ژیان لە نێو وڵاتی ئۆکرانیادا پەك بخات، بە چەشنێك کە سەرۆکی ئەم وڵاتە ڤلۆدۆمیر زیلینیسکی ناچار بە سازشکردن و ئاشتی بکات.

*** ڕەنگە ئەگەر شەڕەکەش کۆتایی پێ بێت، ئەوا دەرئەنجامەکانی هەر بەردەوام بن، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە پرسی ئاسایشی وزەی وڵاتانی ئەوروپاوە، کە ئەم وڵاتانە نایانەوێت چیتر لە بەر ڕەحمەتی هاوردەکردنی وزەی ڕووسیادا بن. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم شەڕە تا ڕاددەیەك هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئەوروپا پێداچوونەوەی بنەڕەتی بە ئاسایشی وزەدا بکات و، کارێك بکات چیتر هێندە پشتبەستوو بە وزەی ڕووسیا نەبێت ؟**

- لە ڕاستیدا بارودۆخەکە لەم ڕووەوە ئاشکرایە، ئێمە ئەوە بەدی دەکەن کە ڕووسیا بەردەوامە لەسەر پەنابردنەبەر ئەوەی دەتوانین پێی بڵێین ئیبتیزازی وزە لە بەرانبەر وڵاتانی ئەوروپادا،



بەڵام دەتوانین بڵێین رووسیا نەیتوانیوە لەم رووەوە ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و بگرە شکستی هێناوە، چونکە ئەوروپا توانیویەتی سەرچاوەی بەدیل بۆ هاوردەکردن و بەدەستهێنانی وزە پەیدا بکات، ئەوەتا خەریکی هاوردەکردنیەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و هەروەها لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە. کەواتە پوختەی قسەکە ئەوەیە کە ئەو گەمە و ئیبتیزازی وزەیەی رووسیا بە کاری هێنا و پەنای بۆ برد، بێهوودە بووە و شکستی هێنا و نەیتوانی ئامانجەکانی بەدی بهێنێت.

*** هەر لە میانەی ئەم شەڕەی ئێستادا چەندین جاری رووسیا و خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین ئاماژەی دا بە ئەگەری پەنابردنەبەر بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی، ئەمەش مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتەوە، هەندێ شرۆڤەکار و چاودێریش بە دووری دەزانن، هەندێکی دیکەش پێیان وایە دەبێت ئەم پرسە بە جددی وەربگیرێت، دید و تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە و ئایا پێت وایە ئەمە ئەگەرێکی راستەقینەیە و نابێت فەرامۆش بکرێت؟**

- وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویست بەوە دەکات کە شرۆڤەکارییەك بۆ خودی کەسایەتیی سەرۆکی رووسیا بکرێت، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەریدان و کاروبارەکانی بۆ هەڵدەسووڕێنن، کە لەم رووەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە خودی سەرۆکی رووسیا و تەنانەت کەسە نزیکەکانیشی ئەوەیان بە ئاشکرا راگەیاندووە کە ئۆکرانیا مەرجەکانی بوونی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری تێدا نییە و شایستەی ئەوە نییە کە وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ بمێنێتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. دواتر ئەگەر بمانەوێت ئەمە گرێ بدەینەوە بە وەڵامی پرسیارەکەوە، ئەوا پێم وایە ئەم قەناعەتەی سەرۆك پوتین وای لێ کردووە کە لە دۆخێکدا بێت کە ئەگەری ئەوەی لێ بکەین بیر بکاتەوە لە پەنابردنەبەر رێگاچارەیەکی لەم چەشنە، ئەمە بەو مانا و واتایە نییە کە ئیدی بەکارهێنانی ئەم چەکە لەلایەن رووسیاوە هەر روو دەدات، بەڵام من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کەسایەتیی سەرۆك پوتین بە چەشنێکە کە بەرگەی شکست و دۆڕان ناگرێت. هەر چۆنێك بێت من پێم وایە ئەگەر رووسیا بکەوێتە حاڵەتێکیشەوە کە خۆی بە ناچار بزانێت ئەم چەکە بەکار بهێنێت، ئەوا لەو باوەڕەدا نیم لە رووی سەربازییەوە دەرئەنجامێکی بەرچاوی لێ بکەوێتەوە. بەڵام پێم وایە بەکارهێنانەکەی- لە حاڵەتی روودانیدا- تەنیا یەکێکی دیکە دەبێت لە هەوڵەکانی رووسیا بۆ زیاتر تێکشکاندن و کاولکردنی ژێرخانی وڵاتی ئۆکرانیا.

دیمانەی تایبەت



### پڕۆفیسۆر مارک کاتز بۆ گوڵان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا هاوشێوەی شەڕی عێراق و ئێران درێژخایەن دەبێت

**مارك كاتز پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانكۆی جۆرج مەیسۆن، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێكی گرنگە، وەك سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكان، سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، سیاسەتی ئەمنی، كاروبارەكانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، پێشتریش لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا شرۆڤەكاری كاروباری یەكێتیی سۆڤییەت بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێ و شرۆڤە كرد، كە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا و دەرئەنجام و ئاقار و ئاراستەی شەڕەكەوە و چەند پرسێكی دیكەی پەیوەندیدار.**

*** هەروەك ئاشكرایە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا لە ئێستادا نەك ئەگەری ئەوە نییە كە كۆتایی پێ بهێنرێت و یەكلا بكرێتەوە، بەڵكو شەڕەكە زیاتر چڕ بووەتەوە و بەرەو هەڵكشان دەچێت، ئێوە چۆن لە بارودۆخی شەڕەكە و درێژەكێشان و بەردەوامبوونی دەڕوانن و پێتان وایە بە چ ئاراستە و ئاقارێكدا دەڕوات؟**

- لە ڕاستیدا بارودۆخی شەڕەكە لە ئێستادا بە چەشنێكە كە ڕەنگە بتوانین بڵێین جۆرێك لە بە بنبەستگەیشتنی سەربازی دروست بووە، چونكە ڕووسیا بە زەحمەت دەتوانێت پێشڕەوی بكات و بگرە ناتوانێت بە ئاسانی پارێزگاری لەو خاك و شوێنانەش بكات كە دەستی بەسەردا گرتوون، لە هەمان كاتدا سەرباز و سوپای ئۆكرانیاش تووشی زەحمەت و دژواری بوونەتەوە، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەمە پتر هاوشێوەی شەڕی عێراق و ئێرانە لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨، كە ڕەنگە ئەمە باشترین، یان وردترین بەراوردكاری بێت كە بتوانین بیكەن لەم ڕووەوە.

*** هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ كرد، ڕووسیا، یان سوپای ئەو وڵاتە تووشی دژوارییەكی زۆر بووەتەوە و پێشتریش تووشی چەندین شكست و پاشەكشە بوون لە شەڕەكەدا، پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی ڕووسیا هێندە پێداگری دەكات لەسەر ئەم شەڕە و بۆچی بیر لە گرتنەبەری ڕێگەچارەیەك ناكاتەوە كە بە كەمترین زیان لەم شەڕە دەربچێت؟**

- جێی خۆیەتی ئێمە لەم ڕووەوە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین كە ئەگەر سەرۆك ڤلادمیر پوتین لەم شەڕەدا شكست بهێنێت و پاشەكشە بكات، ئەوا دەسەڵات لە دەست دەدات، بە واتایەكی دیكە ئەگەر سەرۆك پۆتین ئاگربەست ڕابگەیەنێت، یان دەستەبەرداری هەر شتێك بێت،

**ڕووسیا بە زەحمەت دەتوانێت پێشڕەوی بكات و بگرە ناتوانێت بە ئاسانی پارێزگاری لەو خاك و شوێنانەش بكات كە دەستی بەسەردا گرتوون**



دوای ئەو هەموو زیانەی لە سوپای وڵاتەکەی کەوتووە، ئەوا مەترسیی ئەوە دروست دەبێت کە دەسەڵاتەکەی بڕووخێندرێت و لە دەستی بدات.

*** بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی ڕووسیا لەم شەڕەدا تووشی ئەم بارودۆخە بووەتەوە، بە واتایەکی دیکە ئایا ئەمە دەرئەنجامێکی چاوەڕوانکراو بوو بۆ ڕووسیا؟ بۆچی شەڕەکە هێندە درێژەی کێشاوە و سوپای ڕووسیا نەیتوانیوە و پێ ناچێت بتوانێت لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلای بکاتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ڕووسیا تووشی تێڕوانین و حیساباتی هەڵە بوو، پێی وابوو بە چەشنی دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی هەرێمی کریمیا لەساڵی ٢٠١٤ دەتوانێت ئەم شەڕ و دەستەبەسەرداگرتنەشی بە ئاسانی بۆ بچێتە سەر و پێی وابوو دەتوانێت بچێتە ناو خاکی ئۆکرانیا و دەست بەسەر ئەو وڵاتەدا بگرێت و ئەمرێکی واقیع دروست بکات، ڕۆژئاواش ناچار بێت کە قبووڵی بکات و مامەڵەی لەگەڵدا بکات، واتە سەرنجدانێکی سووکی هەبوو بۆ تواناکانی ئۆکرانیا، لە هەمان کاتدا دەزگای هەواڵگریی وڵاتەکەی دەقاودەق ئەوەیان بە سەرۆک پۆتین دەوت کە خۆی دەیویست بیبیستێت، واتە بە هەمان شێوەی سەدام حوسێن بوو لە ساڵی ١٩٨٠ بڕیاری داگیرکردنی ئێرانی دا، و پێی وابوو وڵاتەکە توانایەکی گەورە و بێشوماری هەیە و ئێران توانایەکی کەم و لاوازی هەیە و بواری نەدا کە هیچ کەسێك شتێکی جیاوازی پێ بڵێن، کە ئەمەش بارێکی مەترسیدارە و پێم وایە سەرۆك ڤلادمیر پوتین تووشی هەمان حاڵەت بووەتەوە.

*** کەواتە لە ئێستادا دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە شەڕەکە بەردەوام دەبێت و بۆ ماوەیەکی زیاتر درێژە دەکێشێت، بەتایبەتی کە ئێمە هیچ هەوڵێکی جددی لە بواری دیپلۆماتی و سیاسیدا بەدی ناکەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و ڕێگەچارەیەکی ئاشتی، بەڵکو چڕبوونەوەی زیاتری شەڕەکە بەدی دەکەین؟**

- بەڵێ، من پێم وایە شەڕەکە درێژە دەکێشێت، کە دەبینین وڵاتانی ڕۆژئاوا چەکی زیاتر بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر دەکەن و ئێرانیش

چەك بۆ ڕووسیا دابین دەكات، هەروەها لە ئێستادا ئەگەری ئەوە بەدی ناكرێت، هیچ لایەك تووشی شكست ببنەوە، تەنیا لە چەند حاڵەتێكدا نەبێت، بۆ نموونە ئەگەر چیتر سوپای ڕووسیا ئامادە نەبێت شەڕەكە بكات و درێژەی پێ بدات، كە حاڵەتێكی هاوشێوە لە سەروەختی جەنگی یەكەمی جیهانیدا ڕووی دا، یان ئەگەر لەبەر هەر هۆكارێك بێت وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕەوانەكردنی چەك بۆ ئۆكرانیا ڕابگرن، بەدەر لەم حاڵەتانە، ئەوا پێشبینی ئەوە دەكەم كە شەڕەكە بەردەوام بێت.

*** هەروەك ئاشكرایە كە ئەمە بە تەنیا شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا نییە، بەڵكو ڕۆژئاوا بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ و بە قورساییەكی زۆرەوە لە نێو شەڕەكەدایە، لە ڕێی گرتنەبەری چەندین ڕێكاری ئابووری و دارایی لە دژی ڕووسیا و دەستەبەركردنی چەك و هاوكاری و دارایی بۆ ئۆكرانیا، كەواتە لە ئێستادا چۆن لە پەیوەندیی هێزە جیهانییە مەزنەكان دەڕوانیت و ئایا پێت وایە ئەمە هاوشێوەی سەروەختی شەڕی ساردە؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە بتوانین بڵێین لە شەڕی سارد دەرچووە و بووەتە شەڕێكی گەرم، بەڵام هەرچۆنێك بێت، هاوشێوە، یان لێكچوونێكی هەیە لەگەڵ سەروەخت و ڕۆژگاری شەڕی سارددا، چونكە لەو ڕۆژگارەدا چەندین شەڕ و ناكۆكی لە ئارادابوون، شەڕی كۆریا و شەڕی ڤێتنام و چەندین ناكۆكی و شەڕی دیكە، ئەوەی ئێستاش لە ئارادایە ناكۆكییەكی زۆر گەورەیە كە یەكێك لە هێزە مەزنە جیهانییەكان تەواو لە شەڕەكەدا تێوەگلاوە و ڕووبەڕووی دژواری و زەحمەتی بووەتەوە و، هێزی دیكەی جیهانی هەن كە هاوكارن، كەواتە بە دڵنیاییەوە لەم ڕووەوە بارودۆخ و هەلومەرجەكە لێكچوونێكی هەیە لەگەڵ ڕۆژگاری شەڕی سارددا.

*** ئەگەر بە دیاریكراوی باس لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بكەین، یان باسی ڕۆڵ و كاریگەریی هاوكارییەكانی ئەمریكا بكەین، ئایا پێت وایە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لەم ڕووەوە ئەدایەكی باشی نواندووە، بەتایبەتی كە ئێستا ئۆكرانیا دەتوانێت درێژە بە بەرگرییەكانی بدات و لە هەمان كاتدا ئەمریكاش ڕاستەوخۆ لە شەڕەكەوە تێوەنەگلاوە؟**

-لە ڕاستیدا من پێم وایە ئیدارەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە سەرۆكایەتیی جۆ بایدن ئەدایەكی باشی هەبووە، چونكە هەوڵ و هاوكارییەكانی ئەمریكا بوونەتە بەربەست لەبەردەم ڕووسیادا، لە هەمان كاتدا ئەمریكا بە چەشنێكی ڕاستەوخۆ بەشدار نەبووە لە شەڕەكەدا و ئەمەش دەرئەنجامێكی باشە بۆ ئەمریكا.

*** باشە پێت وانییە لە ساتەوەختێكدا هەردوو لایەنی شەڕەكە (ڕووسیا و ئۆكرانیا) بگەنە ئەو دەرئەنجام و قەناعەتەی كە درێژەكێشانی شەڕەكە لە زیان و كاولكاری زیاتر هیچی دیكەی لێ ناكەوێتەوە و، دەبێت دەست بە جۆرێك لە جۆرەكانی دانوستاندن و گفتوگۆ بكەن، بۆ ئەوەی كۆتایی بە شەڕەكە بهێنرێت، ئایا ئەمە ڕێی تێدەچێت؟**

- ئەمە بەندە بەوەی كە گفتوگۆ و دانوستاندنەكان چۆن دەبن، چونكە ڕاستە سەرۆك ڤلادمیر پوتین باسی لەوە كردووە و ئاماژەی بەوە كردووە كە دەیەوێت دەست بە گفتوگۆ بكات، بەڵام بە بێ ئەوەی ئامادە بێت دەست لە هیچ شتێك هەڵبگرێت، بۆ نموونە نایەوێت و ئامادە نییە دەستبەرداری ئەو خاك و ناوچانە ببێت كە ڕایگەیاند بەشێكن لە ڕووسیا، ئەگەرچی لە ڕووی واقیعەوە كۆنترۆڵی بەسەر بەشێكیاندا لە دەست داوە. هەروەها دەبێت ئەوەش ڕەچاو بكەین كە وا دیارە ئۆكرانیا ئەمە قبووڵ ناكات و سازشی لەسەر ناكات، من پێم وایە تەنانەت ئەگەر سەرۆكی ئۆكرانیا ڤلۆدۆمیر زیلینسكی-یش بەمە ڕازی بێت، ئەوا ڕای گشتی و گەلی ئۆكرانیا ڕەتی دەكەنەوە و پێی ڕازی نابن، كەواتە لە ئێستادا هیچ ڕوون نییە، ئایا چارەسەرێكی بەدیهاتوو لە ڕێی گفتوگۆوە چۆن دەبێت و ڕواڵەت و ڕەهەندەكانی چی دەبن، چونكە ئەوەی لەم ساتەوەختەدا بەدی دەكرێت ئەوەیە كە ئۆكرانیا پێداگری دەكات لەسەر ئەوەی دەبێت ڕووسیا بكشێتەوە لە خاكی وڵاتەكەی، ڕووسیاش ئەم ڕەت دەكاتەوە، كەواتە دووبارەی دەكەمەوە ئەمە هاوشێوەی شەڕی عێراق و ئێرانە كە بۆ ماوەیەكی زۆر درێژەی كێشا.

**ئەگەر سەرۆک پۆتین ئاگربەست ڕابگەیەنێت، یان دەستەبەرداری هەر شتێک بێت، دوای ئەو هەموو زیانەی لە سوپای وڵاتەکەی کەوتووە، ئەوا مەترسیی ئەوە دروست دەبێت کە دەسەڵاتەکەی بڕووخێندرێت و لە دەستی بدات**

**ڕووسیا تووشی تێڕوانین و حیساباتی هەڵە بوو، پێی وابوو بە چەشنی دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی هەرێمی کریمیا لە ساڵی ٢٠١٤ دەتوانێت ئەم شەڕ و دەستەبەسەرداگرتنەشی بە ئاسانی بۆ بچێتە سەر**

**دەزگای هەواڵگریی وڵاتەکەی دەقاودەق ئەوەیان بە سەرۆک پۆتین دەوت کە خۆی دەیویست ببیستێت، واتە بە هەمان شێوەی سەدام حوسێن بوو لە ساڵی ١٩٨٠ بڕیاری داگیرکردنی ئێرانی دا**

**من پێم وایە شەڕەکە درێژە دەکێشێت، کە دەبینین وڵاتانی ڕۆژئاوا چەکی زیاتر بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر دەکەن و ئێرانیش چەک بۆ ڕووسیا دابین دەکات**



دكتۆر هومام ئەلشەماع

ڕاوێژكارو شارەزای بانكی و نەختینەیی عێراقی بۆ گوڵان:

# بانكەكان لە عێراق و هەرێمی كوردستان نەیانتوانیوە متمانەی جەماوەر بەدەست بهێننەوە

# بانکی ناوەندیی عێراق دەبێت وەک هەرێمێکی فیدراڵی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات

**سیستەم و یاساو کاروباری بانکی لە دونیای ئەمڕۆدا گۆڕانکاریی زۆری بە سەردا هاتووە، لە هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا بانک نەیتوانیوە لە سیستەمە کۆن داخراوەکانی ساڵانی پێشوو دەربازی بێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بە ناجێگیریی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر هومام ئەلشەماع پسپۆڕ و شارەزای بانکی و نەختینەیی عێراقی سازدا.**

*** وەکو پسپۆڕێکی ئابووری و ناسراو و شارەزا لە بواری بانکی و نەختینەیی لە عێراقدا، دەکرێت بزانین خوێندنەوەتان بۆ ڕۆڵی بانکە حکومییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی چییە؟**

- بانکەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە و گرفتی ئاڵۆز و کەموکورتیی زۆر بوونەتەوە، ئەمەش کەڵەکەبووی ساڵانی پێشووە، ئەو دەمەی عێراق لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو بە هۆی گەمارۆی ئابوورییەوە لە جیهانی پێشکەوتووی تەکنلۆژیا دابڕا، ئەمە وێڕای داشکانی بەهای دینار و خراپبوونی ڕەوشی ئابووری کە هەموویان وای کرد، بانکەکان متمانەی خۆیان لەلای هاووڵاتیان لەدەست بدەن. ئەو سیستەمە تایبەتییەی بانکیش لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ کە هەرێمی کوردستان بە خۆیەوە بینی و دیناری ناسراو بە چاپی سویسری بەکار هێنا، نەیتوانی ببێتە خاوەنی سیاسەتێکی نەختینەیی سەربەخۆ، بارودۆخی بێ متمانەیی بانکەکانی هەرێم و عێراق درێژەی کێشا، تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ی ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئەو دەمەش بوونی کێشەیەکی زۆری سەربازی و سیاسی کە ڕێگر بوو لە بەردەم گەڕانەوەی متمانە و هێنانی تەکنلۆژیای پێشکەوتوو بۆ ناو بانکەکان، بەمەش بانکە حکومییەکان جگە لە سندوقێکی مەسرەفی بۆ پێدانی مووچە و وەرگرتنی پارە، هیچ ڕۆڵێکی دیکەیان لەناو ئابووریی هەرێم و عێراقدا نەگێڕا.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی بانکەکان ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان بۆ بگەڕێتەوە لەناو پەرەپێدانی ئابووری و بەهێزکردنی سیاسەتی دارایی و نەختینەیی؟**

- لەم سەردەمەدا بانك چەندین ئەرکی مەسرەفی و بانکی و پەرەپێدان بەخۆیەوە دەبینێت، بانك بۆیە پەنا بۆ پاشکەوتکردنی پارە دەبات، تاوەکو لە بوارەکانی قەرزپێدان و عەقارات و وەبەرهێناندا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، نەوەکو تەنیا قاسەیەك بێت بۆ وەرگرتنی پارە و دابەشکردنی بە شێوەی مووچە. نەبوونی سیاسەتی نەختینەیی ڕاست و دروست وای کردووە، بانك نەك نەبێتە هۆکارێك بۆ پەرەپێدانی ئابووری، بەڵکو بووەتە ڕێگر و ڕۆڵی لە ناسەقامگیری و ناجێگیری بەهای دراوی نیشتمانیش هەیە، هەروەکو چۆن لەم چەند مانگەی ڕابردوودا بینیمان کە ناجێگیریی بەهای دینار بەرانبەر دۆلار چ شوێنەوارێکی خراپی لێ کەوتووەتەوە.

*** بەڵام لە دوای ٢٠٠٣ بانکی ناوەندیی عێراق لە ڕێگەی چاپکردنی دیناری ناسراو بە بریمەر و سیاسەتی نەختینەیی و تەنانەت**

**بانکەکان دەبێت پشت بە داهاتەکانیان ببەستن، نەوەکو قەرزکردن لە بانکی ناوەندی، چەند بانکەکان توانییان پارە لە خەڵکی کۆبکەنەوە، ئابووری دەبووژێتەوە، ئەمەش پێویستی بە متمانە هەیە، چونکە لە کوردستان تریلۆنات دینار لەناو ماڵەکاندا هەڵگیراوە**

**بوونـی یەدەکێکـی گـەورەی دراوی گرانبەهـا، ئایا ئـەم بانکـە بۆچـی نەیتوانـی بانکـەکان لـە چوارچێوەی داخراوی کەموکورتییەکانی ساڵانی پێشـوو دەربـاز بـکات؟**

- لە ڕێگـەی بانکی ناوەندیی عێراقـەوە چەند بانکێکی ئەهلی لـە عێراق و هەرێمی کوردستان دامـەزران، بـۆ نموونـە بانکـی کوردسـتان کـە لـە ٢٠٠٥ دامـەزرا، دواتریـش کۆمەڵێـك بانکـی دیکـەی ئەهلی و ناوخۆیـی و بیانـی و لقەکانـی بانکـە نێودەوڵەتییەکانـی دیکـە دامـەزران، بـەڵام ئـەم بانکانـە نەیانتوانـی متمانـەی جەمـاوەر بەدەسـت بهێننـەوە. گرفتـە گەورەکـە ئالێرەدایـە بانـك پێویسـتی بـە متمانـە هەیـە بـۆ ئـەوەی گەنجینەکـەی زۆرتریـن بـڕە پـارەی تێـدا بێـت، هەرچەنـدە وردە وردە مامەڵـەی هاووڵاتیـان لەگـەڵ بانکەکانـدا دەسـتی پـێ کردووەتـەوە و ڕووی لـە باشـی کـردووە، ئێمـە پێویسـتمان بـە هوشـیاری و متمانـە هەیـە و بەشـی هوشـیاری لـە نـاو بانکـی ناوەندیـی عێـراق و لقەکانـی لـە پارێـزگاکان و تەنانـەت لـە نـاو بانکـە ئەهلییـەکان دەسـتی بـە دامەزرانـدن کـردووە، کـە بەشـێکە سـەر بـە ئەنجومەنـی کارگێڕیـی بانکەکەیـە، ئامانجـی سـەرەکیی بەشـی هوشـیاری کۆکردنـەوەی زۆرتریـن بـڕە پارەیـە بـۆ پاشـکەوتکردن و دواتـر بەکارهێنانـی لـە پرۆسـەی وەبەرهێنـان و پێدانـی قـەرزی عەقـاری، ئەرکـی سـەرەکیی بانـك ئەوەیـە پـارەکان کـۆ بکاتـەوە و ئاراسـتەی بـکات لـە جووڵـە و کاری بازرگانـی لـە بـری ئـەوەی لـە پاشـکەوتێکی مـردووی نـاو ماڵەکانـدا ئەمبـار بکرێـت.

*** لـە زۆربـەی وتارەکانتـدا بـاس لـە ئەلیکترۆنیکردنـی بانـك و مامەڵەکردنـی دیجیتاڵیـی ئۆنلاینـی مەسـرەفەکان و بانکـەکان دەکەیت، ئایا چۆن بتوانین بانکەکانی کوردستان بـەرەو بەکارهێنانـی تەکنەلۆژیـای دیجیتاڵـی و ئۆنلایـن ببەیـن؟**

- پرسـیارە گرنـگ و قورسـەکە ئەوەیـە، چـۆن دەست بکەیـن بە بەکارهێنانـی کارتـی ئەلیکترۆنـی و چـۆن متمانـەی هاووڵاتیـان بە بانـك و بانکیـش بـە هاووڵاتیـان بگەڕێنینـەوە، لـە ڕێـگای ئـەم کارتـە ئەلیکترۆنییانـەوە سـیولەی نەختینەیـی پـارە لـە بانکـەکان زیـاد دەکات و، هەمـوو هاووڵاتییـەك بـەم کارتانـە کەلوپـەل و پێداویسـتییەکانی دابیـن دەکات، بەمـەش بانکـەکان دەبنـە بنەمایـەك بـۆ پەرەپێدان و پێشـکەوتنی هەرێم. لەمـەش گرنگتـر بانکـەکان بـە هـۆی بوونـی سـیولەی نەختینەیـی زۆرەوە دەتوانـن بـە شـێوەیەکی فراوانتـر لـە پرۆسـەی وەبەرهێنـان بەشـدار بـن و بەشـدارییەکی باشـیان لەگـەڵ بانکـی ناوەندیـی عێـراق هەبێـت و، مۆڵەتیـان پـێ بـدات، بانکەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و مەسـرەفەکان قـەرز لـە بانکەکـە وەربگـرن، ئـەم بانکانـەش قـەرزی کورتخایـەن و درێژخایـەن بدەنـە هاووڵاتیـان بەتایبەتـی بـۆ کڕینـی عەقـارات، لـەم ڕوانگەیـەوە بانکـەکان دەبێـت پشـت بـە داهاتەکانیـان ببەسـتن، نەوەکـو قەرزکـردن لـە بانکـی ناوەنـدی، چەنـد بانکـەکان توانییـان پـارە لـە خەڵکـی کۆبکەنـەوە، ئابـووری دەبووژێتـەوە، ئەمـەش پێویسـتی بـە متمانـە هەیـە، چونکـە لـە کوردسـتان تریلۆنـات دینـار لەنـاو ماڵەکانـدا هەڵگیـراوە. لەلایەکـی دیکـەوە دەبێـت حکومـەت زۆر لە یاسا و ڕێنماییەکانی بانکەکان بگۆڕێت، یـان هەمواریـان بکاتـەوە، وەکـو یاسـای ڕەهنـی خانـو بـەرە و یاسـاکانی بانکـی ئەهلـی. لـە ئەمەریـکا ڕەهنـی خانووبـەرە بنەمایەکـی سـەرەکیی بووژانـەوەی ئابوورییـە. یەکێـك لـەو گرفتانـەی دیکـەی بـەردەم پێشـکەوتنی بانکـەکان نەبوونـی کادیـری بانکیـی بەتوانـا و شـارەزایە، ئەمـەش پێویسـتی بـەوە هەیـە کادیرەکانـی بانـك بخرێنـە نـاو خولـی فێرکـردن و پەرەپێدانـەوە.

*** بەو پێیـەی بانکی ناوەندیی عێراقی وا باس دەکرێـت کـە سـەربەخۆیە، ئایـا لـە حکومەتێکـی فیدڕاڵیـدا ئەرکی سەرشانی ئەو بانکە نییـە لـە هەرێمـە فیدڕاڵییـەکان لقی هەبێت؟**

- بانکـی ناوەندیـی عێراقـی لقـی لـە پارێزگاکانـی کوردسـتان هەیـە، بـەڵام منیـش پێـم وایـە دەبێـت بانکـی ناوەندیـی عێـراق وەکـو پارێزگایـەك مامەڵـە لەگـەڵ هەرێمی کوردستاندا نـەکات، بەڵکـو دەبێـت وەکـو هەرێمێکـی فیدڕاڵـی لـە هەولێری پایتەخت لقـی خـۆی هەبێـت، ئێمـە لـە بانکـی کوردسـتان بـە هاوکاریـی لەگـەڵ حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە هەوڵـی کردنـەوەی ئـەو لقـەی بانکـی ناوەندیـن بـۆ هەمـوو هەرێمـی کوردسـتان نەوەکـو تەنیـا وەك پارێزگایـەك، هـەر بۆیـە لەسـەر ئـەم پرسـە لەگـەڵ

**هەتا ئەو لایەنە سیاسییە عێراقییانەی کە دۆلار هەناردەی ئێران دەکەن، بەردەوام بن، بارودۆخی بەرزیی نرخی دۆلار هەر بەم شێوەیە دەمێنێتەوە**

**یەکێک لەو گرفتانەی دیکەی بەردەم پێشکەوتنی بانکەکان نەبوونی کادیری بانکیی بەتوانا و شارەزایە، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کادیرەکانی بانک بخرێنە ناو خولی فێرکردن و پەرەپێدانەوە**

**پێویستە ئەندامێکی سەرەکیی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی بانکی ناوەندیی عێراق نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بۆ ئەوەی هەماهەنگی و پەیوەندی نێوان بانکی ناوەندی و بانکەکانی کوردستان بەردەوام بێت**

**کێشەی ئابووریی عێراق لەوەدایە ئەم داهاتە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و یەکسان لە نێوان هاووڵاتیانی عێراقدا دابەش نابێت و تەنیا ٥٪ی دانیشتووانی عێراق زۆرترین داهاتیان بۆ دەچێت**




ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گفتوگۆمان کردووە، بەو ئومێدەین ئەو هەوڵانە دەست پێ بکەینەوە. هەر خۆی لە خۆیدا پێویستە ئەندامێکی سەرەکیی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی بانکی ناوەندیی عێراق نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بۆ ئەوەی هەماهەنگی و پەیوەندی نێوان بانکی ناوەندی و بانکەکانی کوردستان بەردەوام بێت. حکومەتی ناوەندیش دەبێت پێداچوونەوەی ورد بە مەسەلەی کڕین و فرۆشتنی دۆلار لە ڕێگەی پەنجەرەی کڕین و فرۆشتنەوە لەگەڵ بانکە ئەهلییەکان بکات، چونکە زۆر لەو بانکانە تەنیا سەرقاڵی بەدەستهێنانی قازانجی زۆر بوون، بێ ئەوەی گوێ بە بەرژەوەندییەکانی عێراق بدەن.

*** دواپرسیارمان تایبەتە بە مەسەلەی کڕین و فرۆشتنی دۆلار و ئەو ناجێگیرییەی لەم ماوەیەی ڕابردوودا بەخۆیەوە بینی. ئایا وەکو کەسێکی شارەزا لە بانك و بواری نەختینەیی چۆن لەم بابەتە دەڕوانیت؟**

- خۆی لە خۆیدا ئابووریی عێراق ئابوورییەکی پشتبەستووە بە داهاتی پترۆدۆلار و ٩٠٪ی بودجەی گشتییش پشت بەم داهاتە دەبەستێت، ئەم ئابوورییەش بە دەست کۆمەڵێک کێشەی قورس و ئاڵۆزەوە گیرۆدە بووە، لایەنی بانکی و دارایی و نەختینەییش زۆر باش نییە. کێشەی ئابووریی عێراق لەوەدایە ئەم داهاتە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و یەکسان لە نێوان هاووڵاتیانی عێراقدا دابەش نابێت و تەنیا ٥٪ی دانیشتووانی عێراق زۆرترین داهاتیان بۆ دەچێت. بە هۆی بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار بەرانبەر دیناری عێراق کێشەی هەڵاوسان و بێ بازاڕیی زیاتر بووە. ئەم ناجێگیرییەی بەهای دۆلار کە قسە و باسێکی زۆری لەسەر دەکرێت، گرفتەکەی لەوەدایە بانکی فیدراڵی ئەمریکا دەستتێوەردانی کردووە، بە هۆی ئاودیوکردنی بڕە دۆلارێکی زۆرەوە بۆ ئێران، بەمەش ئەو بڕە پارەیەی دۆلار کە بانکەکان لە ڕێگەی بەنچەرەی فرۆشتنەوە دەستیان دەکەوت و بە قازانجێکی کەم دەخرایە بازاڕەوە، لە ئێستادا لەلایەن بانکی ناوەندییەوە زۆر کەم دەخرێتە بازاڕەوە، پێشتر بانکی ناوەندی ڕۆژانە ٢٥٠ تا ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری دەخستە بازاڕەوە، لە ئێستادا تەنیا ٦٠تا٧٠ ملیۆن دۆلار دەخرێتە بازاڕەوە، هەتا ئەو لایەنە سیاسییە عێراقییانەی کە دۆلار هەناردەی ئێران دەکەن، بەردەوام بن، بارودۆخی بەرزیی نرخی دۆلار هەر بەم شێوەیە دەمێنێتەوە.

**پێشتر بانکی ناوەندی ڕۆژانە ٢٥٠ تا ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری دەخستە بازاڕەوە، لە ئێستادا تەنیا ٦٠تا٧٠ ملیۆن دۆلار دەخرێتە بازاڕەوە**

# ئایندەی وەرزش لە بەردەم هەڕەشەی گۆڕانکاریی کەشوهەوادا


بەپێی تازەترین ڕاپۆرتی تایبەت بە دەرهاویشتە گازییە زیانبەخشەکان، کە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا)وە ئامادە کراوە، گەشتکردنی سەدان هەزار هاندەران و مانەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆر لەو شوێنەی پاڵەوانییەتییەکی وەرزشی تێدا ئەنجام دەدرێت، گەورەترین سەرچاوەی دەرهاویشتە زیانبەخشە گازییەکان بوون لە پاڵەوانێتیی جامی جیهانیی تۆپی پێ لە قەتەردا، بەهۆی هاتنی نزیکەی زیاتر لە یەك ملیۆن هاندەر لە سەرتاسەری جیهانەوە، لەبەر ئەمەش یەکێتیی نێودەوڵەتیی تۆپی پێ (فیفا) و وڵاتی قەتەر بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم پیسکردنەی هەوا، بیریان لە چاندنی زیاتری دار و درەخت کردووە.

یەکێتیی نێودەوڵەتیی تۆپی پێ (فیفا) پێشبینیی ئەوەی کردووە کە چالاکییەکانی پەیوەست بە جامی جیهانی لە ساڵی ٢٠٢٢دا ببێتە هۆی دەردانی ٣,٦ ملیۆن تۆن لە گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن، واتە نزیکەی بڕی ئەو گازە زیانبەخشانەی کە لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای بەرهەمهاتوو بۆ نزیکەی ٤٦٠ هەزار ماڵ لە ساڵێکدا هەیە.

هەر بەپێی هەمان ڕاپۆرت پرۆسەی بنیادنانی یاریگەکان ڕۆڵی هەبووە لە دەردانی نزیکەی ١٨٪ی دەرهاویشتە کاربۆنییەکان لە پاڵەوانییەتەکەدا، هەروەها لە کۆی ئەو حەوت یاریگەش کە لەلایەن قەتەرەوە بۆ پاڵەوانییەتەکە بنیاد نراون، ڕێکخەرانی جامی جیهانی نەخشەیان بۆ تەواو هەڵوەشاندنەوەی تەنیا یەك یاریگە داناوە، هەروەها بیریان لە کەمکردنەوەی فراوانیی دوای یاریگاکانی دیکەش کردووەتەوە بۆ نیوەی ئەو ژمارەیەی ئێستای لە هاندەران.

لە بەرانبەریشدا گرووپی (کاربۆن مارکێت وۆچ) کۆی کاربۆنی دەرچوو لە شەش یاریگە هەمیشەییەکە بە هەشت ئەوەندەی ئەو بڕە کاربۆنە دیاری دەکەن، کە ڕێکخەرانی پاڵەوانییەتەکە مەزندەیان کردبوو، چونکە ئەو هەشت یاریگەیەی یارییەکانی تێدا ئەنجام دران، تەنیا ٥٠ کیلۆمەتر لە ناوەندی دۆحەی پایتەختەوە دوور بوون، ئەمەش وای کرد کە چڕبوونەوەیەکی زۆری هاندەران و دانیشتووان لەسەر ڕووبەرێکی بچووك کۆ بکاتەوە، بۆیە هەر ئەم یاریگەیانە لە داهاتووشدا گرفتی ژینگەیی بۆ دانیشتووانی وڵاتەکە دروست دەکەن، کە ژمارەیان نزیکەی ٢,٤ ملیۆن کەسە، چونکە بە ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە پێشتریش میوانداریی جامی جیهانییان کردووە، مانەوەی ئەو یاریگایانە گرفتێکی بۆ دروست کردوون بە ناوی گرفتی (فیلی سپی) وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو پرۆژە گەورانەی سوودەکەیان کاتییە و، دوای بۆنەکانیش ناتوانرێت لاببرێن، بەردەوامیش خزمەتکردنی دارایی زۆریان دەوێت و ڕووبەرێکی زۆر دەگرن و بەرهەمیشیان کەمە.

فیفا لە بیری ئەوەدایە دوای مۆندیال ڕاپۆرتێکی نوێ ئامادە بکات بە مەبەستی گونجاندنی تۆپی پێ لەگەڵ کاریگەریی کەشوهەوا و پاراستنی پاڵەوانییەتییە گەورەکان لە کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوا. چونکە لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر چالاکیی گەورەی وەرزشیی ڕووبەڕووی کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوا بوونەتەوە، هەر وەك ئەو توێژینەوەیەی کە لەسەر ٤٦٠ یانەی وەرزشی لە ساڵی ٢٠١٣



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە بەریتانیا کرا، دەرکەوت کە بە هۆی بارانی زیاد لە ڕادە لە کاتێکی کەمدا، ساڵانە نزیکەی ٣ تا ١٣ یاریگە لەکار کەوتوون، لە ژاپۆنیش بەهۆی توندیی زریان و لە ئوسترالیاش بە هۆی چڕە دووکەڵی سووتانی دارستانەکانەوە، هەروەها واش چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەریی نەرێنی و خراپی لەسەر زۆرێك لە بۆنە و چالاکییە وەرزشییەکان هەبێت.

لەلایەکی دیکەشەوە زۆرێك لە چالاکییە وەرزشییەکان وەك دەبنە قوربانیی دەستی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، لە هەمان کاتدا خۆشیان دەبنە هۆکاری زیادبوونی دەرهاویشتە گازییە زیانبەخشەکان، بۆ نموونە: تەنیا بە هۆی گەشتکردنی هەر یاریزانێکی تیپەکانی تۆپی پێی خولی ئینگلیزییەوە، ساڵانە نزیکەی ٢٩ تۆن لە دەرهاویشتەی گازیی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن هەیە، لە کاتێکدا ستانداردی جیهانی بۆ هەر تاکێك بریتییە لە دوو تۆن، ئەگەر پابەندی هەبێت بە ڕێککەوتننامەی پاریسەوە بۆ گۆڕانی کەشوهەوا. لە داهاتووشدا بە هۆی گەرما و توانەوەی سەهۆڵبەندانەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاکان و لافاو و زریانی بەردەوامەوە، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کاتی زۆرێك لە دامەزراوە وەرزشییەکان بکەونە بەردەم هەڕەشەی لەکارکەوتنەوە، وەك لەکارکەوتنی یاریگەی مۆنپێلییە لە فەرەنسا لە ساڵی ٢٠١٤ و، لەکارکەوتنی یاریگەی کارلایل لە بەریتانیا لە ساڵی ٢٠١٥.

هەر بە هۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە، چیمەنی سرووشتیی هەندێك لە یاریگاکان بەرگە ناگرن و وشك دەبن، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر چیمەنی دەستکرد، کە ئەمەش کاتێك یاریی لەسەر دەکرێت، پلەی گەرمیی سەر ڕووی چیمەنەکە نزیکەی ١٢ تا ٢٢ پلەی سەدی زیاتر دەبێت لە پلەی گەرمیی سەر چیمەنی سرووشتی، ئەم بەرزییەش لە پلەی گەرمییدا یاریزانان زیاتر ماندوو دەکات و، کار دەکاتە سەر تەندروستی و جۆری یاریکردنیان و تەندروستی ڕاهێنەران و دادوەر و هاندەرانیش.

لەلایەکی دیکەشەوە زۆریی ژمارەی هاندەران و خراپیی کوالێتی هەوای یاریگەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەنجامی یارییەکان، بۆیە ئەو تیپانەی لە یاریگەیەکی خاوەن کوالێتیی باشی هەواوە دێنە یاریگەیەکی خاوەن کوالێتیی خراپی هەوا، زۆر جار تووشی شکست دەبن.

ئێستا ئەوەی داوا کراوە لە یەکێتی تۆپی پێی جیهانی ئەوەیە کە بەرەو ئەم خاڵانەی لای خوارەوە هەنگاو بنێت:

یەکەم: دیارکردنی کاتی گونجاو لە ڕووی کەشوهەواوە لەو وڵاتەی کە چالاکییە وەرزشییەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی پێویست بە سارکردنەوەی یاریگە نەکرێت.

دووەم: دووبارە ڕێکخستنەوەی بەرواری پێشبڕکێ نیشتمانی و جیهانییەکان، بە جۆرێك ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی گەشتی یاریزان و هاندەران.

سێیەم: هاندانی هەمووان بۆ بەکارهێنانی هۆکاری گواستنەوەی گشتی و هاوبەش.

چوارەم: پاراستنی یاریگە و هاندەران لە تیشکی بەتینی ڕۆژ.

پێنجەم: بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و کەرەستەی ژینگەدۆست لە یاریگەکاندا.



**ئیسماعیل مستەفا ڕەشید**

**قائیمقامی قەزای بەردەڕەش بۆ گوڵان:**

# بە گوژمەی ١٨ ملیار دینار سایلۆیەک لە بەردەڕەش دروست دەکرێت کە توانای هەڵگرتنی ٤٠ هەزار تۆن گەنمی هەیە

## بەردەڕەش پێویستی بە پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە هەیە

**قەزای بەردەڕەش، هەڵکەوتەیەکی گرنگی هەیە و چەندین تایبەتمەندیی هەیە کە بوونەتە هۆی ئەوەی بتوانرێت وەبەرهێنانی زۆری تێدا بکرێت، بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵیدا، لە ئێستاشدا ئەگەرچی حکومەت کاری کردووە بۆ ئەوەی پرۆژەی گرنگی تێدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پێویستی بە ئاوڕدانەوەی زیاتر هەیە. ئەم پرسانە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ئیسماعیل مستەفا ڕەشید قائیمقامی قەزای بەردەڕەش کە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** قەزای بەردەڕەش چەند ناحیە و شارەوانی لەخۆ دەگرێت و ژمارەی دانیشتووانەکەی بەگشتی چەندە و بە چی بەناوبانگە و خەڵکەکەی بە چ کار و کاسبییەکەوە سەرقاڵن؟**

- قەزای بەردەڕەش سەنتەری قەزا و ناحیەکانی (کەلەك و دارەتوو و ڕۆڤیا) و شارەوانیی (بشیریان، بەنێنان) لەخۆ دەگرێت، ژمارەی دانیشتووانی سنوورەکە بەگشتی زیاتر لە (١٥٠)هەزار کەسن، سنووری قەزاکە خاوەنی ڕووبەرێکی زۆر و بەرفراوانی زەویی کشتوکاڵیی بەپیت و بەرەکەتە، هەر بۆیە بە کشتوکاڵ بەناوبانگە و خەڵکەکەی بەشێکی بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریکن، بەشێکیش وەك هەموو خەڵکی کوردستان فەرمانبەرن و لە هێزی پێشمەرگەی کوردستانن.

*** ئایا لە ماوەی ڕابردوودا، بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمدا لە ڕووی ڕێگەوبان و قیرتاوکردنەوە تاچەند گرنگی بە سنوورەکە دراوە و پرۆژە گرنگ و ستراتیژییەکان لەم بوارەدا چی بوون، هەر لە بواری ڕێگەوبان بۆ ئەمساڵ بەرنامە و پلانەکاتنان چۆنە؟**

- کابینەی نۆیەم لە کار و بەرنامەکانیدا بە بێ جیاوازی گرنگییەکی زۆر و تایبەتی بە بواری ڕێگەوبان داوە، لەدەڤەری قەزای بەردەڕەشیشدا چەندین پرۆژەی ستراتیژی و گرنگی جێبەجێ کردووە، جگە لە ڕێگەی جووت سایدی سەرەکیی دهۆك کە هەر بە سنووری بەردەڕەشدا دەڕوات و سوودێکی زۆری بەو سنوورە گەیاندووە، ڕێگەی (قەرەناس – دارەتوو – بشیریان)یش کە ڕێگەیەکی زۆر پێویست و ستراتیژییە دوو ناحیە و ٢٥ گوند و کۆمەڵگە لێی سوودمەند بوون و بە شێوەیەکی زۆر سەردەمییانە دروست کراوە، کە ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەزامەندی لەسەر دا و بڕی ١٩ ملیار و ٧٥٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کرد، ئەو ڕێگەیە ئێستا لە خزمەتی خەڵکی سنوورەکەدایە. هەروەها ماوەی ساڵێکە بۆ دروستکردن و قیرتاو و پەرەپێدانی ڕێگەوبانی گوندەکانی سنوورەکە، گوژمەی ٣٢ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینار تەرخان کراوە، کە چەندین گوند پرۆژە و کاری ڕێگەوبانەکانیان بۆ تەواو کراوە، چەندین گوندی دیکەش ڕێگەوبانەکانیان لە بەرنامەی ئەمساڵدایە و لە چاوەڕوانی ئەوەداین لە پارێزگای دهۆکەوە ڕابگەیەندرێن و دەست بە جێبەجێکردنیان بکرێت. هەروەها ڕێگەی نێوان ناحیەی (کەلەك – بەردەڕەش) زۆر خراپ و یەك ساید و مەترسیدارە و یەکێك لە کار و پرۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ئەوەیە کە بکرێتە ڕێگەیەکی هاوچەرخ و بە پێی ئەو کەشف و دەرختەیەی بۆی ئەنجام دراوە، ئەوە بڕی ٨٠ ملیار دیناری پێویستە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێگەیەش گفتوگۆمان لەگەڵ وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار کردووە و پێیان ڕاگەیاندین کە ئەو پرۆژەیە یەکێك لە پرۆژە ستراتیژییەکانیانە و لە ئەولەوییەتی کار و بەرنامەکانیان دایانناوە.

*** وەك دەزانین پەروەردە و فێرکردن لایەنێکی زۆر گرنگی هەموو کۆمەڵگەیەکە، لەو بوارەدا کەموکورتیتان چییە و ئایا بینایەی قوتابخانەکانی سنوورەکە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە؟ لە ساڵی ڕابردوو چەند بینایەی قوتابخانە دروست کراون و نۆژەنکراونەتەوە و تا چەند گرفتی میلاکات هەیە؟**

**کابینەی نۆیەم لە کار و بەرنامەکانیدا بە بێ جیاوازی گرنگییەکی زۆر و تایبەتی بە بواری ڕێگەوبان داوە، لەدەڤەری قەزای بەردەڕەشیشدا چەندین پرۆژەی ستراتیژی و گرنگی جێبەجێ کردووە**

**ماوەی ساڵێکە بۆ دروستکردن و قیرتاو و پەرەپێدانی ڕێگەوبانی گوندەکانی سنوورەکە، گوژمەی ٣٢ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینار تەرخان کراوە، کە چەندین گوند پرۆژە و کاری ڕێگەوبانەکانیان بۆ تەواو کراوە**

**دوو قوتابخانە کە یەکێکیان ١٢ پۆلییە و ئەوەی دیکە شەش پۆلییە بۆ گوندەکانی سنوورەکە لە ژێر جێبەجێکردندان**

**تا ئێستا لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش سێ دەوامی لە قوتابخانەکاندا ماوە**

**زۆرترین ڕێژەی مامۆستای وانەبێژ لە سنووری پارێزگای دهۆک لە سنووری قەزای بەردەڕەشە**

**لە سنووری قەزای بەردەڕەش کەرتی تەندروستی زۆر گلەیی و گازاندەی لەسەرە، چونکە ئەو کەرتە کەموکووڕی و کێشە و گرفتی زۆرە**

**لە ساڵی ٢٠٢١ بڕیار درا کە نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتن بۆ قەزای بەردەڕەش دروست بکرێت، کە ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایە**

**داوامان کردووە لە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی دهۆک و دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە زووترین کات نەخۆشخانەی بەردەڕەش لە ڕووی ئامێر و پێداویستیی تەندروستی و پزیشک و کارمەندەوە ئامادە بکەن**

- لە سنووری قەزای بەردەڕەش (١٨٢) قوتابخانە هەیە، بەشی زۆری ئەو قوتابخانانە بیناکانیان کۆنن، هەر بۆیە ئێمە کێشەمان لە کۆنیی بینایەی قوتابخانەکان هەیە، هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٢١دا ١٥ بینایەی قوتابخانەکانمان بۆ نۆژەنکراوە و، لە چەندین قوتابخانەدا پۆلی نوێ دروست کران، ئێستاش چەندین قوتابخانە لە قۆناغی ڕاگەیاندنن، کە نۆژەن بکرێنەوە، پێویستمان بە قوتابخانەی زیاتریش هەیە کە لە سنوورەکە دروست بکرێت، هەروەها دوو قوتابخانە کە یەکێکیان ١٢ پۆلییە و ئەوەی دیکە شەش پۆلییە بۆ گوندەکانی سنوورەکە لەژێر جێبەجێکردندان، لەو ماوەیەدا داوای دروستکردنی چەندین قوتابخانەمان کردووە بۆ سنوورەکە، کە ڕەزامەندی لەسەریان دراوە، لەوانەش بینایەکی ٢٤ پۆلی بۆ سەنتەری قەزای بەردەڕەش دروست دەکرێت، چونکە ژمارەی قوتابییان لە ناو سەنتەری قەزاکە یەکجار زۆر بووە، لەلایەکی دیکەوە تا ئێستا لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش سێ دەوامی لە قوتابخانەکاندا ماوە، هاوکات لەسەر میلاکات ئێمە گلەیی و کێشە و گرفتی گەورەمان هەیە کە (١٤٨٣) مامۆستای هەمیشەییمان هەیە، ئەگەرچی مامۆستای وانەبێژمان (١٩٧٤) مامۆستان، کە زۆرترین ڕێژەی مامۆستای وانەبێژ لە سنووری پارێزگای دهۆک لە سنووری قەزای بەردەڕەشە، واتە ئێمە پێویستمان بە مامۆستای پسپۆڕ و هەمیشەیی هەیە بۆ پرۆگرام و وانە جیاجیاکان. لەلایەکی دیکەوە لە قەزای بەردەڕەش پەیمانگەی تەکنیکی و پەیمانگەی وەرزشیمان هەیە، کە خەڵکی سنوورەکە زۆر سوودیان لێ وەرگرتووە، بەڵام ئەگەر کۆلێژێك بۆ پێگەیاندنی مامۆستا بکرێتەوە، زۆر گرنگ و بەسوودە بۆمان.

*** کەرتی کارەبا لە قەزای بەردەڕەش و سنوورەکە لە چ دۆخێکدایە؟ ئایا هیچ وێستگەیەکی وەبەرهێنانتان هەیە، یان هێڵی گواستنەوەی ١٣٢ و ٣٣ کەی ڤی بۆ گواستنە و دابەشکردنی کارەبا بەپێی پێویستە؟**

- لە سنووری بەردەڕەش هیچ وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا نییە، بەڵکو سنوورەکە بە تۆڕی نیشتمانی وەك هەموو قەزا و شارەکانی دیکە بەستراوەتەوە، بەڵام هێڵی ١٣٢ و ٣٣ کەی ڤی ١٢ هێڵ و پێنج وێستگەی دابەشکردنی کارەباشمان هەیە، دۆخ و کاتی دابەشکردنی کارەباکەش لە سنووری قەزای بەردەڕەش هەر وەك هەموو شار و شوێنێکی دیکەی هەرێمی کوردستانە.

*** کەرتی تەندروستی لەو سنوورە چۆنە و ئایا پێویستیتان بە بنکە و نەخۆشخانەی دیکە نییە؟**

- لە سنووری قەزای بەردەڕەش کەرتی تەندروستی زۆر گلەیی و گازاندەی لەسەرە، چونکە ئەو کەرتە کەموکووڕی و کێشە و گرفتی زۆرە، کە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هیچ نەخۆشخانەیەك چ فریاکەوتن، یان قەرەوێڵەیی و گشتی و بنکەی تەندروستیش بەپێی پێویست نییە، هەر بۆ چارەسەری ئەو کەرتە چەندین ساڵ پێش ئێستا بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەیی بۆ قەزای بەردەڕەش دانرا، بەڵام لەبەر هاتنی شەڕی تیرۆریستانی داعش و قەیرانی دارایی و بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە، نەتوانرا ئەو نەخۆشخانەیە دروست بکرێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢١ بڕیار درا کە نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتن بۆ قەزای بەردەڕەش دروست بکرێت، کە ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایە، ئێمە داوامان کردووە لە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی دهۆك و دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە زووترین کات نەخۆشخانەی بەردەڕەش لە ڕووی ئامێر و پێداویستیی تەندروستی و پزیشك و کارمەندەوە ئامادە بکەن و بکەوێتە خزمەتی خەڵکی سنوورەکە، کە ئەوەش کێشە و گرفتی گەورەی کەرتی تەندروستیمان بۆ چارەسەر دەکات. هەروەها بۆ دامەزراندنی کارگەی ئۆکسجین لە قەزاکەمان لەلایەن پارێزگای دهۆکەوە بڕی ٢٠٠ ملیۆن دینار تەرخان کراوە، هاوکات ئێمە کێشەمان لە میلاکاتی پزیشك و کارمەندیش هەیە، پاش چەندین دانیشتن و گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی میلاکاتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی دهۆك چەند کارمەند و پزیشکی بۆ داناوین، بەڵام هێشتا لەو بارەوە کێشەمان هەر ماوە. لەلایەکی دیکە داوامان کردووە و

بڕیاریشە نهۆمێکی دیکە لە سەر باڵەخانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنەکە دروست بکەن، لەگەڵ چەند خانوویەك بۆ پزیشکان، بەو کار و پرۆژەیەش دەگەینە ئەنجامێك کە بەشێکی باش لە کێشەکانی بواری تەندروستیمان کەم دەبێتەوە، ئێستا تەنیا بنکەیەکی تەندروسیمان هەیە، بۆیە نەخۆش و خەڵکی سنوورەکەمان زیاتر سەردانی نەخۆشخانەی ئاکرێ و پارێزگای دهۆك دەکەن.

*** وەك دەزانین قەزا و سنووری بەردەڕەش خاوەنی خاك و زەویی کشتوکاڵیی زۆر بە پیت و بەرەکەتە، لەم ڕووەوە تاچەند گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دراوە و کەموکووڕییەکان چین؟ ئایا هیچ کارگە و ساردکەرەوە و پرۆژەیەکی ئاودێری لەو سنوورە هەیە؟**

- زەوی و کێڵگەکانی سنووری قەزای بەردەڕەش باشترین خاك و زەوین بۆ کاری کشتوکاڵی، جگە لەوەی زەوییەکان بەگشتی بەپیت و بەرەکەتن، هاوکات ڕێژەیەکی کەم پێویستی بە ئاوە لە چاو زەویی سنوورەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، هەموو جۆرە چاندن و بێستانێك لەو سنوورە دەکرێت، ماوەی دوو ساڵە ڕۆشنبیرییەکی زۆر باش و گونجاو لە بواری چاندن لەم سنووروەدا دروست بووە، دەوڵەمەند و وەبەرهێنەرانی سنوورەکە بە گوڕ و تینێکی زۆر باشەوە هاتوونەتە پێش لە بواری کشتوکاڵیدا و، دەستیان بە دانانی کارگە و ساردکەرەوە کردووە. لەلایەکی دیکەوە چاندنی پەتاتە بووەتە یەکێك لەو کار و پیشانەی کە لەو سنوورە زۆر پەرەی پێ دراوە، ئێستا بۆ زیاتر چاندنی پەتاتە کارگەیەکی هاوچەرخی چپس لەلایەن وەبەرهێنەرێکی سنوورەکە لە قۆناغی دامەزراندندایە، کە ئەم جۆرە کارگانە دەبێتە ڕێگەیەکیش بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار بۆ خەڵکی سنوورەکە، هاوکات چەندین ساردکەرەوەی گەورە و سەردەمیانە لە سنوورەکە دانراون و هەشە لە قۆناغی جێبەجێکردندایە، کە ئەم جۆرە پرۆژانەش ڕێگەیەکی دیکەی دۆزینەوەی هەلی کارە. بەداخەوە پرۆژەی ئاودێری لەو سنوورە تا ئێستا نییە، بۆیە جگە لە ئاوی باران پشت بە ئاوی بیر و بیری ئیرتوازی دەبەسترێت، کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر لەسەر دابەزینی ئاوی ژێرزەوی دروست دەکات. هەروەها ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا بە دروستکردنی سایلۆیەکی مەزن لە سنووری ناحیەی ڕۆڤیا بە گوژمەی ١٨ ملیار دینار جێبەجێ کراوە، کە ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایە و قەبارەی ٤٠ هەزار تۆن گەنم دەتوانرێت لێی هەڵبگیرێت، بەڕێوەبەرایەتی و ستافیشی بۆ دانراوە و ئامادەیە بۆ کارکردن نەك تەنیا بەردەڕەش، بەڵکو سنووری دیکەش دەتوانن سوودی لێ وەربگرن.

*** ئایا پرۆژەی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە بۆ ئەو سنوورە هەیە؟ تاچەند کێشە و گرفتی ئاوی خواردنەوەتان هەبووە، بەتایبەت لەو ساڵانەی تووشی وشکەساڵی هاتووین؟**

- بەداخەوە تا ئێستا سنووری قەزای بەردەڕەش هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوەی نییە، بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی بیر و بیری ئیرتوازییەوە ئاوی خواردنەوە بۆ هاووڵاتیانی سنوورەکە دابین دەکرێت، بە تەئکید لە کاتی وشکەساڵیدا کێشە و گرفتی کەمئاوی و لە هەندێك شوێنیش بێ ئاویمان بۆ دروست دەبێت، بە هۆی ئەوەی ئاستی ئاوی ژێرزەوی دابەزیوە و چەندین بیر لەو ساڵانەی وشکەساڵیدا هەبووە وشکیان کردووە، ئەگەرچی بە قووڵکردنی بیرەکان، یان لێدانی بیری بەدیل لە جێگەیان کێشەکانمان چارەسەر کردووە، لەو کاتانەشی کە هەندێك گەڕەك و شوێن تووشی کەمئاوی دەبەن، بە ڕێگەی تانکەر ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین دەکەین، داواشمان کردووە کە بەرنامە و پلان هەبێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە، کە هەرچەندە ئەو جۆرە پرۆژانە بودجەیەکی زۆری پێویستە.

*** ئایا کێشەی زەویی نیشتەجێبوونتان هەیە، یان ماستەرپلان بۆ سەنتەری قەزای بەردەڕەش دروست کراوە؟**

- پێش چەند ساڵێك لە ڕێگەی کۆمپانیایەکەوە ماستەرپلانێك بۆ سەنتەری قەزای بەردەڕەش دانرا، بەڵام ئەو ماستەرپلانە تا ئێستا پەسند نەکراوە و نەتوانراوە سوودی لێ وەربگیرێت، ئەگەرچی لە سنووری بەردەڕەش لە چاو قەزا و سنووری دیکە کێشەی زەویی نیشتەجێبوون زۆر کەمە.

**بۆ دامەزراندنی کارگەی ئۆکسیجین لە قەزاکەمان لەلایان پارێزگای دهۆکەوە بڕی ٢٠٠ ملیۆن دینار تەرخان کراوە**

**ئێستا تەنیا بنکەیەکی تەندروسیمان هەیە، بۆیە نەخۆش و خەڵکی سنوورەکەمان زیاتر سەردانی نەخۆشخانەی ئاکرێ و پارێزگای دهۆک دەکەن**

**ماوەی دوو ساڵە ڕۆشنبیرییەکی زۆر باش و گونجاو لە بواری چاندن لەم سنووروەدا دروست بووە، دەوڵەمەند و وەبەرهێنەرانی سنوورەکە بە گوڕ و تینێکی زۆر باشەوە هاتوونەتە پێش لە بواری کشتوکاڵیدا**

**پێش چەند ساڵێک لە ڕێگەی کۆمپانیایەکەوە ماستەرپلانێک بۆ سەنتەری قەزای بەردەڕەش دانرا، بەڵام ئەو ماستەرپلانە تا ئێستا پەسند نەکراوە و نەتوانراوە سوودی لێ وەربگیرێت**

# کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لەسەر خێزان و کۆمەڵگە

مادده هۆشبەرەکان بووەتە یەکێك لە گەورەترین کێشەکان کە ڕووبەڕووی خێزان وکۆمەڵگە بووەتەوە و، یەکێکە لە نێو ئەو پرسانەی کە هەڕەشە لە خێزان و کۆمەڵگە دەکات لە دارِمانیدا. مادده هۆشبەرەکان هەرچەندە هەمەچەشن بن، لە مەترسیدارترین خراپەکارییەکانە کە بە هۆی کاریگەرییە نەرێنییە سەختەکانیان خێزان و کۆمەڵگە تووشی نەهامەتی دەبن. بۆیە پێویستە خێزان و کۆمەڵگە بپارێزین و بە هەموو شێوازێك ڕووبەڕووی ئەم نەخۆشییە ببینەوە. هەر ماددەیەکی هۆشبەر، یان گوشراوی سرووشتی، یان ئامادەکراو کە ژیری مرۆڤ لادەبات، (بەشێکی، یان بە تەواوی)، خواردنەوەی دەبێتە هۆی ئالوودەبوون و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ژەهراویبوونی دەمارەکانی جەستەی مرۆڤ و زیانی گەورە بە خێزان و کۆمەڵگەش دەگەیەنێت.

شەریعەتی ئیسلام بە دەقی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر(د.خ) هەموو ئەو ماددانەی کە مرۆڤ بێهۆش دەکات (مادده هۆشبەرەکان بە هەموو شێوە و جۆرەکانیەوە) قەدەغەی کردووە و بە حەرامی زانیوە. چونکە کاریگەریی خراپی لەسەر هەستی ژیری و ئایین و نەتەوایەتی و داهاتووی نەوەکانمان هەیە. مادده هۆشبەرەکان تەنیا بۆ تێکدانی تەندروستیی تاك و کۆمەڵگە نین، بەڵکو کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمنی لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێت. خوای گەورە فەرموویەتی: «يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ» المائدة ٩٠ واتە ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە خوای گەورە هێناوە، لەسەر ئێوەی حەرام کردووە، ئەوەی هەستی مرۆڤ لا دەبات، دەسا ئێوە خۆتانی لێ دوور بگرن، ئەمانە گشتی پیسن و لەکاری شەیتانن. پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: «مَا أَسْكَرَ كَثِيرُهُ فَقَلِيلُهُ حَرَامٌ». واتە ئەوەی هەست و ژیریی مرۆڤ دەبات، لەسەر ئێوە حەرام کراوە، ئینجا زۆر بێت، یان کەم .

**● کاریگەریی مادده هۆشبەرەکان لەسەر خێزان**

زۆرجار چاوەڕوانی ئەوە لە خێزان دەکرێت کە منداڵەکەی خۆی زیندانی بکات تاوەکو دوور بکەوێتەوە لە مادده هۆشبەرەکان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر خێزان، ئەمە بووەتە ڕەفتارێکی باو لە ناو خێزان و ئەو کاریگەرییە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ دارِمانی تەواوەتی لە خێزاندا. چەند خاڵێك لەو مەترسییانەی کە لە خێزاندا ڕوو دەدات بریتین لە:

١- هەڵوەشاندنەوەی خێزان:

مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزان کە بە جیابوونەوە و لێکترازانی خێزان کۆتایی دێت، لە ئەنجامی خراپیی پەیوەندیی هاوسەری و ناکۆکیی زۆر بە هۆی هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتی و ئالوودەبوون بەمادده هۆشبەرەکان.

٢- تێکچوونی دۆخی ئابووری و دارایی:

بەو پێیەی هەموو جەستەی ئالوودەبوو مەیلیان بۆ بەدەستهێنانی ئەو ماددەیە هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی دۆخی دارایی خێزانەکە ناتوانێت پێداویستیی تەواوی ماڵەوە دابین بکات، ئەمە جگە لەوەی ئالوودەبووەکە دەست بۆ کاری ناڕەوا نادروست دەبات بۆ بەخێوکردنی ئەندامانی خێزانەکەی و بۆ بژێوی ژیانیان.

٣- دوورکەوتنەوە لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی:

بوونی ئەندامێکی ئالوودەبوو لەناو خێزانەکەدا

**مادده هۆشبەرەکان هەرچەندە هەمەچەشن بن، لە مەترسیدارترین خراپەکارییەکانە کە بە هۆی کاریگەرییە نەرێنییە سەختەکانیان خێزان و کۆمەڵگە تووشی نەهامەتی دەبن**

**شەریعەتی ئیسلام بە دەقی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر هەموو ئەو ماددانەی کە مرۆڤ بێهۆش دەکات (مادده هۆشبەرەکان بە هەموو شێوە و جۆرەکانیەوە) قەدەغەی کردووە و بە حەرامی زانیوە**



**مامۆستا مەلا عەزیز جەبار مەنک**

**بەرپرسی ناوچەی بنەسڵاوەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

بەرەورووی وەدەرنانی کۆمەڵایەتی و ئامادەنەبوونی هیچ کەسێك بۆ تێکەڵبوون، یان نزیکبوونەوە لە ئەندامەکانی، ئەمەش دەبێتە هۆی خەمۆکی و دڵتەنگیی ئەو خێزانە لە کۆمەڵگەدا.

٤- وازهێنانی منداڵان لە خوێندن و قوتابخانە:

ئالوودەبوون سەرچاوەی سەرەکییە بۆ دوورکەوتنەوەی منداڵ لە خوێندن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان لە بری قوتابخانە بە دوای کاری دیکەدا بگەڕێن.

٥- بوونی توندوتیژی لەناو خێزان:

مادده هۆشبەرەکان سەرچاوەی سەرەکیی توندوتیژیی نێو خێزانن و ئالوودەبوون بەو ماددەیە دەبێتە هۆی ستەمکردن لە ئەندامانی خێزان بە هۆی ئەو مادده هۆشبەرانەی بەکاری دەهێنێت، بەوەش تەواوی شیرازەی خێزان تێك دەچێت و دەبێتە هۆی لێکترازان.

**● کاریگەریی مادده هۆشبەرەکان لەسەر کۆمەڵگە**

ئەنجامی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، لە مردنەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ڕەفتاری تاوانکاری و لادان کە پەیوەندی بە تاوانەوە هەیە بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەمە جگە لەوەی زیان بە ئاسایش و کار دەگەیەنێت و ڕووداوەکانی ڕێگاوبان زیاد دەکات. ڕەنگە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ئەنجامی هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی وەك بوونی هاوڕێ، یان هەرکەسێك بێت کە مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن.

فاکتەری دەروونی یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، چونکە زۆربەی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە ئەنجامی بێتوانایی خۆیان و لاوازی کەسایەتی پەنا بۆ ئەو ماددەیە دەبەن. مادەی هۆشبەر تەنیا بە ئالوودەبوو، یان دەوروبەری خۆیەوە سنووردار نییە، بەڵکو بۆ کۆمەڵگە بەگشتی درێژ دەبێتەوە، کە ڕەوشتی خۆی لە دەست دەدات و، تاوان و توندوتیژی تێیدا بڵاو دەبێتەوە و، ئەندامەکانی لە ترس و نائومێدیدا دەژین.

چەند خاڵێك لە مەترسییەکانی تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگەدا:

١- بڵاوبوونەوەی تاوان:

بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی تاوان، وەك دەستدرێژی و دزی و کوشتن، بەمەش ترس و هەستکردن بە نائومێدی لەنێو کۆمەڵگەدا بڵاودەبێتەوە.

٢- زۆربوونی ڕووداو:

بە هۆی کاریگەریی ماددەی هۆشبەرەوە لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل ڕووداوی زۆری هاتوچۆی لێ دەکەوێتەوە و هەندێکجاریش مردنی ئالوودە بوو، یان گیان لە دەستدانی پیادەی لەسەر شەقامەکان لێ دەکەوێتەوە.

٣-کاریگەریی لەسەر دۆخی خراپی ئابووری:

ئەوانەی تووشی ئەم ماددەیە دەبن، بەردەوام تەواوی سەرمایە و سامانەکەیان لەدەست دەدەن .

٤-کاریگەریی لەسەر داڕمانی ڕەوشتی کۆمەڵگە:

مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی داڕمانی ڕەوشت لە کۆمەڵگەدا بەگشتی، بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕەفتارە تاوانکارییەکان و نەبوونی کۆنترۆڵی ناوخۆیی و ڕەفتاری مرۆڤ بە سەر کردەوەی تاکەکەسیدا.

٥-بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە کۆمەڵگەدا:

مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی خراپی بیرەوەری و کەمبوونەوەی ئاستی زیرەکی وتێگەیشتن. هەروەها کاریگەری خراپی لەسەر هێزی بینین هەیە و، سەرەتایەکە بۆ لەدەستدانی چاوەکانی و دەبێتە هۆی تێکچوونی کۆ ئەندامی..

**فاکتەری دەروونی یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، چونکە زۆربەی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە ئەنجامی بێتوانایی خۆیان و لاوازی کەسایەتی پەنا بۆ ئەو ماددەیە دەبەن**

**بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی تاوان، وەک دەستدرێژی و دزی و کوشتن، بەمەش ترس و هەستکردن بە نائومێدی لەنێو کۆمەڵگەدا بڵاودەبێتەوە**



# بازرگانیکردن به وێنەی ئافرەتان ڕابگرن

جێگای خۆشحاڵی و شانازییە کە دەبینین لە کوردستان بە سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار چاپ دەکرێن و بە ئاسانی دەکەونە بەر دەستی خوێنەران، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هاووڵاتیان لە ئاستێکی شیاون بۆ نووسینی بابەتی هەمەڕەنگ و خوێندنەوەیان. ئەگەرچی ڕەنگە هەموو ئەو بڵاوکراوانە لە ئاستێکی بەرز نەبن، یان هەموو بابەت و وتارەکان زانستییانە و ئەکادیمی نەبن، بەڵام بوونیان نیشانەی پێشکەوتن و ئازادیی ڕۆژنامەوانییە و دەکرێ هیوادار بین کە بەرە بەرە بڵاوکراوەکانی بەرەو زانستیکردن و بەرزکردنی ئاستی بابەتەکانیان هەنگاو بنێن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کاتێك سەرنجم دا، تەنیا یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤارەکەمان، کە وێنەی ئافرەتێکی لاو و جوانی لەسەر بوو، بە تەواوی فرۆشراوە (هەرچەند ئەم وێنەیەش پەیوەندی بە بابەتێکی گۆڤارەکە هەبوو، کە لەسەر جلوبەرگی کوردیی ئافرەتان بوو)، بەڵام بۆم جێگای داخ بوو، کە بۆ دەبێت لە کوردستاندا گۆڤارەکان تەنیا بە هۆی وێنەی سەر بەرگیان سەرنجی خەڵك ڕابکێشن، نەك بە هۆی بابەتەکان. ئاخۆ خەڵکی ئێمە دەبێت تەنیا تینووی وێنەی ئافرەتی جوان بن، نەك زانست و ئەدەب و هونەر و ...؟!

جێگەی داخە کە ئەمڕۆ دەبینین هەندێ لە بڵاوکراوەکان لە جیاتی ئەوەی لەسەر بەرگیان وێنەی گونجاوی باشترین و بەرزترین بابەتیان بڵاو بکەنەوە، وێنەی ئافرەتاتی جوان و هەندێ جاریش نیوە ڕووت بڵاو دەکەنەوە، ئێمە کە باس لە پێشکەوتن و شارستانییەت دەکەین و خۆمان بە ڕۆشنبیر دەزانین و شانازی بە خۆمانەوە دەکەین، دەبێ زۆر هوشیارتر لەوە بین و بزانین بەرەو چ ئاراستەیەك هەنگاو دەنێین و، دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت، کە پێشکەوتن تەنیا ڕووکەش نییە. کەواتە بۆ دەبێت کۆمەڵگەی ئێمەش ببێتە یەکێك لە وڵاتانەی کە بازرگانی بە جەستەی ئافرەتەوە دەکەن؟

ئەگەر ڕێژەی فرۆشتنی بڵاوکراوەکان زۆر نزمە، دەبێت سەر لە نوێ پێداچوونەوەیەکمان بۆی هەبێت، بۆ ئەوەی بزانین لەو قۆناغەدا خەڵك پێویستی بە

**جێگەی داخە کە ئەمڕۆ دەبینین هەندێ لە بڵاوکراوەکان لە جیاتی ئەوەی لەسەر بەرگیان وێنەی گونجاوی باشترین و بەرزترین بابەتیان بڵاو بکەنەوە، وێنەی ئافرەتاتی جوان و هەندێ جاریش نیوە ڕووت بڵاو دەکەنەوە**





دهۆک بەرۆژی

بۆ گوڵانی نووسیوە

چ بابەتگەلێك هەیە و چی سەرنجیان ڕادەکێشێت، نەك ئەوەی بە وێنەی ئافرەت سەرنجی خەڵك بۆ بڵاوکراوەکان ڕابکێشن، چونکە ئەمە گەورەترین تاوانە دژ بە ئافرەت و خوێنەرانیش لە ئەنجامی ئەم شێوازەی بڵاوکردنەوەی وێنەی ئافرەتان تووشی لادان دەبن.

ئێستا لە هەموو دونیادا زۆر ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار بۆ ئەوە دەکەن، کە چیتر بازرگانی بە جەستەی ئافرەت و منداڵەوە نەکرێت و لە هەوڵی ئەوەدان، بە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی خەڵك، ئەم دیاردە ناشیرینە بنبڕ بکەن، کەچی لە کوردستانی خۆمان دەبینین، ئەم دیاردەیە ڕوو لە زیادبوونە و بەداخەوە ڕۆشنبیران و خوێندەوارانمان لە جیاتی ئەوەی دژ بەم جۆرە کارە ڕابوەستن، ڕێگەی بۆ خوش دەکەن و، بە کارێکی ڕۆشنبیرانەی لە قەڵەم دەدەن و، وادەزنن ڕۆشنبیری ئەوەیە کە جوانیی ئافرەت بکەینە کەرەستەی بازرگانی، خاوەن بڵاوکراوەکانیش بۆ ئەوەی فرۆشی بڵاوکراوەکەیان زۆر بێت، سوود لەم شێوازە ناشارستانییە وەردەگرن، بێ ئەوەی بیر لە کاردانە نێگەتیڤەکانی لەسەر کۆمەڵگە و لاوی کورد بکەنەوە.

بە پێویستی دەزانم، نە تەنیا ڕێکخراوی ئافرەتان، بەڵکو هەموو ڕێکخراوە مرۆییەکان بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە کارێکی جددی بکەن، ئەگەرچی ڕێژەی فرۆشتنی بڵاوکراوەکانیشمان بێتە خوارەوە، چونکە ئێمە دەبێت، کار بۆ ئەوە بکەین، لاوەکانمان بێ ئەوەی پێویستییان بە وێنەی سەرنجڕاکێش و نیوەڕووتی ئافرەت بێت، بۆ سوودوەرگرتن لە بابەتەکان و بەرزکردنی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری گۆڤار و ڕۆژنامە بکڕن و بیخوێننەوە.

پەرەدان بە چاپکردنی وێنەی ئافرەتانی ڕیکلام لەسەر بەرگی بڵاوکراوەکان، دوورە لە ئامانجی بەرزکردنی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و چاپکردنی وێنەی ئەو ئافرەتانە لەسەر بەرگی بڵاوکراوەکان تەنیا بە مەبەستی زیادکردنی ڕێژەی فرۆشتنی بڵاوکراوەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی خۆمان ڕێگە بۆ ئەوە خۆش بکەین، کە لاوەکانمان ڕێگەی هەڵە بگرنە بەر.

**ئەگەر ڕێژەی فرۆشتنی بڵاوکراوەکان زۆر نزمە، دەبێت سەر لە نوێ پێداچوونەوەیەکمان بۆی هەبێت، بۆ ئەوەی بزانین لەو قۆناغەدا خەڵک پێویستی بە چ بابەتگەلێک هەیە و چی سەرنجیان ڕادەکێشێت، نەک ئەوەی بە وێنەی ئافرەت سەرنجی خەڵک بۆ بڵاوکراوەکان ڕابکێشن**



# هەڵکشانی ڕێژەی تاوان و جێبەجێنەکردنی سزای لەسێدارەدان، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت

**لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئەوروپا سزای لە سێدارەدان لەسەر تاوانباران هەڵگیراوە و لە ڕووی کردارییەوە جێبەجێ ناکرێت، کەسانێك پێیانوایە کە لە غیابی سزای لە سێدارەدان ڕێژەی تاوان و کوشتن زیادی کردووە، ئەگەرچی ڕۆژانە دادگاکان لە هەرێم بڕیاری لەسێدارەدان دەردەکەن، بەڵام جێبەجێ ناکرێن و بەشێکیشیان بەر لێبووردنی گشتی دەکەون. یاساناسێکیش ڕایوایە تەنیا بە یاسا ژیانی هاووڵاتیان ڕێکدەخرێت و کەرامەتی ئینسان پارێزراو دەبێت، لە هەمانکاتیشدا بەجێبەجێکردنی یاسا وڵاتیش پارێزراو دەبێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی زیاتری بابەتەکە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتی/بەشی پلان و بەدواداچوون، ئاماری مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردووی بڵاو کردەوە و تێیدا هاتووە: «لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازیی گەوران و ژنان و منداڵان لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی و دهۆك) (٦٣٤) مامەڵەی ئازادبوونی سزادراوان ئەنجام دراوە و گەڕاونەتەوە ناو کەسوکار و خانەوادەکانیان، کە لە چاکسازییەکانی گەوران (٣٧٤) مامەڵە و لە چاکسازییەکانی ژنان و منداڵان (٢٦٠) مامەڵە بووە. لە بەرانبەردا (٦١٢) سزادراوی نوێ هاتوونەتە ناو چاکسازییەکان بۆ بەسەربردنی ماوەی حوکمەکانیان، کە لە چاکسازییەکانی گەوران (٣٤٥) مامەڵە و لە چاکسازییەکانی ژنان و منداڵان (٢٦٧) مامەڵە بووە.

د. چەواس حەسەن هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە یاسای گشتی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بابەتی لەسێدارەدان وەك سزایەك لە بەرانبەر هەندێك تاواندا، لە کۆنەوە لەلای کۆمەڵگەکان ناسراو بووە، لە هەموو کۆمەڵگەیەکیشدا ئەو سزایە پەیڕەوی لێ کراوە، بەڵام لەم چەند دەیەی ڕابردووەوە، ئەو سزایە، بووەتە جێگای بۆچوون و مشتومڕێکی زۆر لە نێوان لایەنگرانی هێشتنەوەی ئەو سزایە وەك سزایەکی کاریگەر لە بەرانبەر هەندێك تاوان، جا لەهەر گۆشە نیگایەکەوەبێت، گۆشە

نیگای تۆڵەیەکی پڕ بەپێستی هەندێك تاوان، یان لە گۆشەنیگای ترساندنی ئەندامانی کۆمەڵگە لە دەستبردن بۆ ئەنجامدانی هەندێك تاوان، یان لە گۆشە نیگای ئەوەی کە رایەك هەیە دەڵێت مرۆڤ بە ئەنجامدانی هەندێك تاوان شایستەی بەردەوامبوونی لە ژیاندا نامێنێت. لە بەرانبەریشدا ڕایەك هەیە، پێی وایە کە کوشتنی مرۆڤ هەر تاوانە، جا لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە بیت یان لەلایەن دەوڵەتەوە وەك سزا، بەوەی پێیان وایە کە مرۆڤ لە هیچ بارودۆخێکدا شایستەی کوشتن نییە، یان پێیان وایە کە تاوانباریش قوربانییەکی کۆمەڵگەیە، بۆیە نابێت بە تەنیا باجی تاوانەکەی بدات، یان پێیان وایە کە بە کوشتنی تاوانبار کوژراوەکە ناگەڕێتەوە بۆ ژیان، بۆیە هیچ سوودێك نییە لە کوشتنەوەی تاوانبار، بەڵکو پێویستە کۆمەڵگە کاربکات لەسەر ئەوەی کە تاوانبار چارەسەر بکات و ئامادەی بکاتەوە بۆ ئەوەی کە بتوانێت وەك تاکێکی ساغڵەم لە کۆمەڵگەدا دەست بە ژیان بکاتەوە». هاوکات دەڵێت: «لەوەی سەرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دیاریکردن و سەپاندنی سزاکان، بابەتێکە پەیوەستە بە تێڕوانین و فەلسەفەی کۆمەڵگەوە بۆ تاوان و سزا و کۆمەڵگە و تاك، واتە دەکەوێتە سەر ئەوەی کە کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە سزا و تاوان و تاوانبار و قوربانی و کۆمەڵگە، وەك تۆڵەکردنەوە، یان چاککردن، یان دوورخستنەوەی کۆمەڵگە لە تاوانبار و ئەوانەی مەترسییان لێ دەکرێت، یان قەرەبووکردنەوەی قوربانییان و کۆمەڵگە لە هەمبەر ئەو زیانەی لێیان دراوە، یان ترساندنی کەسانێك لە ئەنجامدانی تاوان و...هتد، بۆیە ڕایەك و بۆچوونێکی بە ڕەهایی ڕاستمان دەست ناکەوێت، لەوەی کە کام تێڕوانین ڕاستە، لەبەر ئەوەی هەموو سزایەك بەشێکی لەهەموو ئەو گۆشە نیگایانە تێدایە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز بەپێی فەلسەفەی کۆمەڵگە. ئەوەشی تێبینی دەکرێت، لەسەرجەم ئەو کۆمەڵگەیانەی کە سزای لەسێدارەدانیان تێدا ماوە، هێشتا بە ڕێژەیەك لە ڕێژەکان، ئەو تاوانانە بنبڕ نەبوون کە سزای ئەنجامدانیان لەسێدارەدانە، کەواتە ناتوانین بڵێین کە بوونی سزایەکی لەو چەشنە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە بنبڕ دەکات، بەڵام زۆر زەحمەتە بتوانین بزانین کە بوونی ئەو سزایە هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی تاوانەکان، چونکە کاتێك دەتوانین بڵێین کە مانەوەی ئەو سزایە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تاوانەکان، کاتێك تاکەکان پێش تاوان ئەنجامدان، ددان بەوەدا بنێن، ئەگەر سزای لەسێدارەدان نەبێت، ئەوا ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن کە سزاکەی لەسێدارەدانە، چونکە کەس ئامادە نییە کە نییەتی خۆی بۆ ئەنجامدانی تاوان ئاشکرا بکات، ئەو کەسانەشی کە تاوانەکە ئەنجام دەدەن، ئەوا زۆر جار پەشیمانی ناکێشن و سوورن لەسەر تاوانەکەیان».

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە باسی ئەوەشی کرد کە «هێشتا گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بە گەرمی و ئاواڵەیی دەمێنێتەوە، کە ئایا سزای لەسێدارەدان وا باشترە بمێنێتەوە، یان هەڵبگیرێت؟ کەسیش قسەی تەواو و کۆتایی لا نییە، دەمێنێتەوە بۆ داهاتوو کە ئایا مرۆڤایەتی بەگشتی بەکام لادا دایدەشکێنێت».

شەنگە هاوار کاکەیی، یاساناسە و خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە چەمکی توندوتیژی، لە ڕووی یاساییەوە پرسەکە تاوتوێ دەکات و دەڵێت: «هەر چەندە لە یاسای سزادانی عێراقی ماددەی ٤٠٦ هاتووە کە سزای کوشتنی بە ئەنقەست لە سێدارەدانە، بەتایبەت ئەگەر هاتوو تاوانبار بە (سبق الاصرار والترصد) تاوانی کوشتنەکەی بە ئەنجام گەیاندبێت .بەڵام ئێستا کە ئەو سزایە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێت، بەو هۆکارەوە ڕێژەی ئەنجامدانی تاوانی کوشتن لە هەڵکشانە». گوتیشی: «دیارە یەکێك لە لێکەوتە خراپەکانی سڕبوونی ئەم بڕگە یاساییە و گۆڕینەوەی بە سزادانی بەندکردن لە ڕاستیدا نەرێنی بووە، بە هۆی لەدەستدانی متمانەی هاووڵاتیان بە یاسا سزاییەکان کە لە سنوری هەرێمی کوردستان بەرکارە .بۆیە کات گونجاوە بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم پرسە، وەکو یەکەم هەنگاوی کرداری، لە کەرتی میری داوای ئەنجومەنی باڵای کاروباری ئافرەتان و گەشەپێدانە بە سەپاندنی سزای لەسێدارەدان وەکو لە پرێس کۆنفرانسێك ڕایانگەیاند .

ئەو یاساناسە جەخت لەوە دەکاتەوە سەپاندنی سزای لەسێدارەدان بە

هەنگاوی دڵخۆشکەر ناو دەبات و سەبارەت بە هۆکاری ئەو بۆچوونەشی دەڵێت: «ئامانج لە دانانی یاسا لە هەر وڵاتێك بەرقەراکردنی ئاشتیی کۆمەڵاتییە و تەنیا بە یاسا ژیانی هاووڵاتیان ڕێك دەخرێت و کەرامەتی ئینسان پارێزراو دەبێت، لە هەمانکاتیشدا بەجێبەجێکردنی یاسا وڵاتیش پارێزراو دەبێت».




لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازیی گەوران و ژنان و منداڵان لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) (٦٣٤) مامەڵەی ئازادبوونی سزادراوان ئەنجام دراوە

رایەک هەیە دەڵێت مرۆڤ بە ئەنجامدانی هەندێک تاوان شایستەی بەردەوامبوونی لە ژیاندا نامێنێت. لە بەرانبەریشدا ڕایەک هەیە، پێی وایە کە کوشتنی مرۆڤ هەر تاوانە، جا لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە بیت یان لەلایەن دەوڵەتەوە وەک سزا

هیچ سوودێک نییە لە کوشتنەوەی تاوانبار، بەڵکو پێویستە کۆمەڵگە کاربکات لەسەر ئەوەی کە تاوانبار چارەسەر بکات و ئامادەی بکاتەوە بۆ ئەوەی کە بتوانێت وەک تاکێکی ساغڵەم لە کۆمەڵگەدا دەست بە ژیان بکاتەوە



## چاوە جەبار:

# بۆ سەرکەوتن لە کار و بوون بە خاوەن کار تەنیا بڕوانامەی بەرز مەرج نییە

چاوە جەبار لەدایکبووی شاری هەولێرە و تەمەنی ٣١ ساڵە، وەك خۆی ئاماژەی پێ دەکات، دەرچووی قۆناغی ئامادەییە و لە ئێستادا دووکانێکی گوڵفرۆشی لە گەڕەکی زانیاری لە شاری هەولێر بەڕێوە دەبات. هەر سەبارەت بە ژیانی خۆی و سەرەتای دەستپێکردنی بە کارەکەی بۆ گوڵان گوتی: «ساڵی ٢٠١٢ هاوسەرگیریم کرد، کوڕێکم هەیە، تەمەنی ١٠ ساڵانە، ماوەی ساڵ و نیوێك لە ژیانی هاوبەش و هاوسەری بەردەوام بووین، دواتر جیا بوومەوە و گەڕامەوە ماڵی بابم، لەو ساتەوە لەبەر خاتری کوڕەکەم بە چڕی هەوڵی کارکردنم داوە، ئەگەر بە تەنیا بام، ڕەنگە بەم شێوەیە خۆم ماندوو نەکردبا، سەرەتا بە شێوەی ئۆنلاین دەستم بە کارکردن کرد، لە ماڵەوە کێك و جۆرەکانی شیرینم دروست دەکرد و دەمفرۆشتنەوە و موشتەریشم زۆر بوو، تا وای لێهات» چەند خاتوونێك داوایان لێ کردم، خولی فێرکاریی دروستکردنی شیرینی بکەمەوە، داواکاری زۆر بوو، دوو جار لەسەر یەك خولی فێرکاریم کردەوە، پاشان دووکانێکی گەورەی شیرینیم دانا، سوپاس بۆ خوا سەرکەوتوو بووم لە کارەکەم، خۆشحاڵ بووم کە شەش کەس لە پڕۆژەکەم لەگەڵ من کاریان دەکرد و توانیم دەرفەتی کاریان بۆ بڕەخسێنم، ئەگەرچی لە پرۆسەی هاوسەرگیری شکستم هێنا، بەڵام لە بواری کارەکەم سەرکەوتوو بووم و بە پێداگریم توانیم ناخۆشییەکان تێپەڕێنم و لەسەر پێی خۆم بوەستم، شانبەشانی کاری هەویرکاری و دروستکردنی شیرینی ماوەی شەش ساڵە کاری دیزاینی ئاهەنگەکان دەکەم، ماوەی ساڵێکیشە دووکانێکی خنجیلانەی گوڵفرۆشیم داناوە، پێموایە لە کارەکەم سەرکەوتووم، ئەویش بە هۆی ئەوەی کارەکەم بە حەز و ئارەزووی خۆمە و پیشەکەمم زۆر خۆش دەوێت، هەر موشتەرییەك سەردانم بکات، جارێکی دیکە دێتەوە بۆ گوڵ کڕین. جگە لەوەش پڕۆژەی زیاترم بۆ داهاتووی کارەکانم هەیە و بە دڵنیاییەوە درەنگ، یان زوو ئەنجامیان دەدەم، پێش ئەوەی بمرم هەموو خەونەکانم بەدی دێنم و ڕێگە نادەم خەونەکانم لە ناو بچن».

سەبارەت بە چالاکییەکانی دیکەشی گوتی: «بە خۆشحاڵییەوە چەند جارێك لە ئامادەیی پیشەیی کچان سیمینارم ڕێك خستووە و تیایدا باسی پیشەی ئافرەتانم کردووە و، ئاماژەم بەوە داوە کە بۆ ئەوەی ئافرەت ببێتە خاوەن پیشەی خۆی و بۆ ئەوەی لە بوارەکانی کارکردن سەرکەوتوو بیت، مەرج نییە خاوەن بڕوانامەی بەرز بێت. هەروەها مایەی دڵخۆشییە کە لەم ساڵانەی دواییدا ڕێژەیەکی زۆری خانمان تێکەڵی دونیای کارکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆیان و خانەوادەکەیان بوون».

چاوە جەبار ئەوەش ناشارێتەوە کە ژیانیدا تووشی ئاریشەی زۆر بووە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «کە دایك بوویت، کەسێکیش نەبێت دەستت بگرێت، پێویست دەکات» بە خۆت دەستی خۆت بگری و کار بکەیت. لە ئێستادا خۆم و کوڕەکەم بە تەنیا دەژین، ماوەی نۆ ساڵە بە تەنیا خۆم کوڕەکەم بەخێو دەکەم، بێ ئەوەی یەك دووسەدوپەنجایی لە کەس وەربگرم، لە قوتابخانەیەکی ئەهلی دەخوێنێت، دەتوانم بڵێم بۆ کوڕەکەم هەم دایك و هەم باوکیش بووم». لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا پاڵپشتیی خێزان بۆ

**ماوەی ساڵ و نیوێک لە ژیانی هاوبەش و هاوسەری بەردەوام بووین، دواتر جیا بوومەوە و گەڕامەوە ماڵی بابم، لەو ساتەوە لەبەر خاتری کوڕەکەم بە چڕی هەوڵی کارکردنم داوە**

**سەرەتا بە شێوەی ئۆنلاین دەستم بە کارکردن کرد، لە ماڵەوە کێک و جۆرەکانی شیرینم دروست دەکرد و دەمفرۆشتنەوە و موشتەریشم زۆر بوو**

**ئەگەرچی لە پرۆسەی هاوسەرگیری شکستم هێنا، بەڵام لە بواری کارەکەم سەرکەوتوو بووم و بە پێداگریم توانیم ناخۆشییەکان تێپەڕێنم**

**زۆر جار بڕوانامەی بەرز، فاکتی سەرەکییە بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بتوانێت لە کەرتی گشتی، یان تایبەت کارێك بۆ مسۆگەرکردنی بژێویی خۆی دەستەبەر بکات. بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەش کە خاوەن بڕوانامەن و بێکاریشن، کەم نییە، بۆیە زۆر جار بە ئیرادە و متمانە بەخۆبوونیان ڕێکارەکانی تێکەڵبوون بە بازاڕی کار دەدۆزنەوە. چاوە جەبار خانمێکی گوڵفرۆشی دانیشتووی شاری هەولێرە، لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە هەنگاوە بەردەوامەکانی ڕێگەی سەرکەوتنی لە بواری کارەکەی خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



کچەکانیان تا چەند هەوێن و هۆکاری سەرکەوتنە، گوتی: «بێگومان پاڵپشتی و هاوکاریی خێزان زۆر گرنگە، من بەش بە حاڵی خۆم دایکم زۆر زۆر هاوکاری کردووم، پێموایە هاوکاری و هاندانی کەسوکار لە هەنگاونان بەرەوە ئایندە وادەکات ئاسۆی بەردەمت کراوە بێت».

ئەو خاتوونە خاوەن کارە، لە کۆتایی وتەکانیدا بەمجۆرە پەیامی خۆی ئاراستەی خانمان کرد و گوتی: «ئەو خاتوونانەی کە حەزی کارکردنیان هەیە و پێویستیشیان بە کارکردنە، داوایان لێ دەکەم، بە بێ ترس و دوودڵی توانا و بەهرەکانیان بخەنەگەڕ و هەوڵی کارکردن بدەن، مەرج نییە بۆ دەستپێکی کارکردن پارەیەکی زۆرت هەبێت، ئەگەر ئیرادە و بیرۆکەی باشت هەبوو، بێگومان سەرکەوتوو دەبی، ئەگەر سەرەتا بە قازانجێکی کەم قەناعەتت کرد و بەردەوام بوویت، بێگوان سەرکەوتوو دەبیت. دڵنیاشم ئەگەر ئافرەت پەرە بە تواناکانی بدات، لە پیاو سەرکەوتووتر دەبێت».

# ١٩٨٦/١/٢٠ ئەو ڕۆژەی به یەكجاری ئەیاز زاخویی ماڵئاوایی لە (دایێ و چوخک و كەڤوک و نەورۆز) كرد

سەرەڕای دۆخی داگیركاری و چاوسووركردنەوەی دوژمنانی كورد، بەڵام هەمیشە لەنێو كورددا هونەرمەندی بلیمەت و بە توانا دەركەوتوون، كە توانیویانە بە گۆرانی و ئاوازەكانیان ڕووبەڕووی دوژمنان ببنەوە و زمان و كەلتووری كورد لە فەوتان بپارێزن.

ئەیاز یوسف یان ئەیاز زاخویی یەكێك بوو لەو هونەرمەندانەی كە هەر لە سەرەتای دەركەوتنیانەوە توانییان داهێنان بكەن و ببنە ڕێنیشاندەری هونەرمەندە لاوەكان، بۆ ئەوەی لەسەر ڕێچكەیان بڕۆن و خزمەت بە هونەری ڕەسەنی كوردی بكەن، هونەرێك پێشكەش بكەن كە مرۆڤ هەست بە كوردبوونی بكات و چێژی ڕەسەنایەتی بدات، سەرەڕای كورتیی تەمەنی، ئەیاز توانی خزمەتێكی بەرچاو بە هونەری كوردی بكات، بەڵام تەمەن ڕێگای نەدا بەردەوام بێت.



ئەیاز سوودی لە هونەری میللیی دیوەخانەکان بینیوە بۆ چونە ناو جیهانی هونەر، لە ئاهەنگ و ڤیستڤاڵ و جەژن و بۆنە تایبەتیەکاندا دەست دەکات بەچڕینی گۆرانی .

بۆ یەکەمجار بەهاوکاریی چەند هاوڕێیەکی سەردانی ئێزگەی کوردیی کرد لە بەغدا و ئەم گۆرانیانەی تۆماری کردوون (من دیت جارا عەولی، لاندك، بەس خۆ گرانکە، ئەڤین دایێ، دێ بهەژینە، کەڤۆ، چوخك، سرەودا نەڤرۆز، سروودا شەهید، چیبکەم ئەز، هیڤی و گۆڤەندە)

ئەیاز زاخۆیی لە ساڵی ١٩٦١ لە شارۆچکەی زاخۆ چاوی بەژیان هەڵێناوە، هەر لە منداڵییەوە خولیای گۆرانیی رەسەنی کوردی بووە و زۆربەی کاتی لە دیوەخانان بەسەر بردووە، کە گۆرانیبێژەکان تیایدا دادەنیشتن و گۆرانیان دەگوتەوە.

ئەیاز دوای تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی ناوەندی روو لە ئامادەیی کشتوکاڵ دەکات و لە ئاهەنگ و فیستڤاڵ و جەژن و بۆنە تایبەتییەکاندا دەست دەکات بە چڕینی گۆرانی، هەمیشە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئاهەنگەکانی بەڕێوە بردووە.

ئەیاز خاوەن گەنجینەیەکی مەزنی فۆلکلۆری و رەسەنی کوردی بوو، چەندین ستران و چیرۆك و پەندی پێشنیان و داستانی لەبەر بوو، هەوڵی دەوڵەمەندکردنی زیاتری گەنجینەی دەدا و بەدوای کەلەپووردا دەگەڕا، تا زیاتر رەسەنایەتییان لێ هەڵبهێنجێنێت و هونەرەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات.

ئەیاز، خولیای گۆرانیی کوردی بووە و بۆ یەکەم جار کە سەردانی ئێزگەی کوردیی کردووە لە بەغدا، لەوێ شارەزایان گوێیان لە دەنگی گرتووە، هەر زوو پاشەرۆژێکی هونەریی گەشیان بۆ خواستووە، هەروەها لەگەڵ چەندین شاعیر کاری هاوبەشیان ئەنجام داوە بۆ سازکردنی گۆرانییەکان، لەوانەش (عەبدولعەزیز سلێمان، بەشار محەمەد، سەگڤان عەبدولحەکیم، بەدرخان سندی، عەبدولا حوسێن و.. هتد، جگە لەم گۆرانییانەی لەگەڵ تیپی دهۆك تۆماری کردوون، سێ کاسێتی دیکەشی لە تۆمارگەی (تۆمار) تۆمار کردووە، هەروەها چەند گۆرانییەکی بە دووقۆڵی لەگەڵ هونەرمەند (ئەردەوان زاخۆلی ) گوتووە، لە ساڵی ١٩٨٢ لە زاخۆ کاسێتێکی تۆمارکردووە کە چەند گۆرانییەك بوو، لەوانە (ئەگەر دنیا هەمی گۆلبن، های بەردەبەردەك، چ تەڤنە، مەقامی مێرەمێ، بەستەی پازنیل).

ئەیاز زاخۆیی ژمارەیەك گۆرانیی بڵاونەکراوەی هەیە، بەڵام خانەوادەکەی رێگە نادەن بڵاوبکرێنەوە، لای خۆیەوە مامۆستا (عەبدولعەزیز سلێمان) هۆزانڤان و ئاوازدانەری ئەیاز زاخۆیی دەڵێ: «لەو کاتەی ماڵم دوور خرایەوە بۆ شاری رومادی، ئەیاز بەردەوام هاتوچۆی ماڵەکەمی کردووە و زۆربەی بەرهەمەکانی ئەیاز لە شیعر و ئاوازی منە، کە لە ساڵی ١٩٨٠ یەکەم گۆرانیم داوەتێ، بەناوی شەهید چاڤا ڤەکە»، هەروەها دەڵێت: «یەکەم گۆرانیی ئەیاز لە ئێزگەی بەغدا تۆمار کرا، کە نزیکەی ٤٠ گۆرانیم بۆ ئەیاز ئامادە کرد، کە هەندێکیان بە بێ موزیك تۆمار کران، هەندێکیان هێشتا تۆمار نەکراون و لای من پارێزراون، زۆر هونەرمەند داوایان کردووە، بەڵام نایدەم بە کەس». ئەو ئاوازدانەری هونەرمەندی کۆچکردوو ئاماژە بەوەش دەکات، لەو ماوەیەدا هەوڵیداوە لە رێگەی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە گۆرانییەکان بە موزیکێکی تازە بڵاو بکاتەوە، چونکە لەلایەن گەنجانەوە داوایەکی زۆری لەسەرە و بەردەوام گەنجان گوێ لە گۆرانییەکانی دەرگرن، وەك خۆی دەڵێت:» ویستم ئەو گۆرانیانەش بڵاوبکەمەوە، کە لای من پارێزراون، بەڵام خانەوادەکەی رێگەیان نەدا، بۆیە منیش بڵاوم نەکردنەوە».

لەبارەی ئەو پرسیارەی بۆچی خانەوادەکەی رێگە نادەن، برای ئەیاز زاخۆیی دەڵێت: «راستە ژمارەیەك گۆرانیی ئەیاز لای مامۆستا عەبدولعەزیز پارێزراون، کە بەنیازبوو بە موزیکێکی نوێ دووبارە تۆمار بکرێن و بڵاوی بکاتەوە، ئێمە داوامان لە سەندیکای هونەرمەندان کرد، لیژنەیەك بۆ ئەو مەبەستە پێك بهێنن و ئەوان بریاری لەسەر بدەن، ئەگەر ئەوان پێیان باش بێت ئەوا ئێمەش رازین، بەڵام لیژنەکە پێی باش نەبوو ئەم کارە بکرێت، ئێمەش لای خۆمانەوە رێگەمان نەدا بڵاوبکرێتەوە»، براکەی ئەیاز زاخۆیی ئەوەش ناشارێتەوە، کە ئێستاش ئەگەر موزیکڤانی پرۆفیشناڵ هەبێت و بە موزیکێکی نوێ و لە ئاستی بەرهەمەکانی ئەیازدا بێت، رازین بڵاو بکرێتەوە».

ئەیاز زاخۆیی لە رۆژی شەممە رێکەوتی ١٩٨٦/١/٢٠ لە نەخۆشخانەی سەربازیی شاری موسڵ کۆچی دوایی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی لە شارۆچکەی زاخۆ نێژرا، بەر لە ناشتنی و لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی بە نێو شاری زاخۆدا گێڕدرا بە گۆرانیی (وڵاتێ من باخچێ گوڵان)ـەوە.

٣٧ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندی جوانەمەرگ (ئەیاز یوسف زاخۆیی)دا تێپەڕ دەبێت، ئەگەرچی تەمەن مۆڵەتی نەدا زیاتر خزمەت بە هونەری کوردی بکات، بەڵام ئەو بەرهەمانەی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا پێشکەشی کردن، تا ئێستا بە زیندوویی لە زهن و خەیاڵی میللەتەکەیدا ماونەتەوە.






# شارێک
# بۆ درامای کورد

درامای کوردی، هەڵەیە، دروست ئەوەیە بڵێین «درامای کورد». دراما هونەری نواندنە. نواندنیش لە فۆرمی کورتە فیلم، فیلمی درێژ، بەڵگە فیلم، کارتۆن فیلم، زنجیرەی فیلم، شانۆ، شانۆی شەقامدا پێشکەش دەکرێت. هونەری دراما یەکێکە لەو هونەرانەی لە نێو جەماوەری ناوخۆ و دەرەوەش، زۆر بە هەرمێن و کاریگەرە. ئەو پەیامەی هونەری دراما دەیگەیەنێت، تایبەتمەند و کاریگەرە، بە هونەرەکانی دیکە ناگات.

ئا/ تاریق کارێزی



ئەمرۆ بینەری کوردستان ناچارە تەماشای درامای بیانی بکات. ئیدی ئەو درامایە چ بە زمانی دیکە بێت، یان دۆبلاژی کوردی بێت. بەرهەم هێنانی درامای خۆماڵی لە نێو کورددا لە ئاستی هیچدایە. ئەمەش بۆشاییەکی گەورەی دروست کردووە، خەڵکی کوردستان ناچارن بە تەماشا کردنی درامای بیانی، ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە. لە ڕووی کولتوورییەوە، مرۆڤی کوردستانی دەکەوێتە بن کاریگەریی گوتاری درامای بیانییەوە، ئەو گوتارەش گوزارشت لە دید و ڕوانین و دنیابینی و پەیامی ئەو نەتەوەیە دەکات کە دراماکەی هێناوەتە بەرهەم. ئەمەش لە ڕووی کولتوور و دیدی نەتەوەیی و نیشتیمانییەوە، جۆرێك لە باڵادەستی بیانی بەسەر ئێمەدا دەسەپێنێت، دواجار ئێمە (وەك جڤاك و نەتەوە) دەکەوینە بەر هەژموونی هونەر گوتاری نەتەوەکانی دیکەوە، هونەر گوتاری ئەوی دی (نەتەوەی دیکە) لێی چاوەڕوان ناکرێت گوازرشت لە دید و خەون و دنیابینی و پەیامی ئێمەی کوردستانی بکات. نەخێر، خۆ کارێکی لەو جۆرە ئەرکی ئەوانی دی نییە، بەڵکوو ئەرکی گەلاڵە کردنی هونەر گوتاری خۆماڵی، لە ئەستۆی خۆماندایە، ئێمەش لەو ئاست و بوارەدا کەمتەرخەمین، تا ئەم ساتەوەختە، زڕ و بێ بەرهەمین.

بۆ دەرچوون لەو بەستێنەی هونەری ئێمەی تێدا قەتیس بووە و لە قات و قڕیدایە، پرۆژە و پلان، پاشان کار و مکوڕ بوون پێویستە. یەکەمین هەنگاویش بە ئاراستەی هەستانە سەر پێمان وەك نەتەوە لە ڕووی هونەری دراماوە، دروست کردنی شاری درامای کوردە. نە لە ڕووی یاساییەوە ڕێگرییەك هەیە، نە لە ڕووی ئازادییەوە بەربەستێك لە بەردەم پرۆژەی شاری درامای کورددا هەیە. ئێمە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانمان هەیە. دەکرێت سەندیکا گرووپێك بە ناوی گرووپی شاری دراماوە دابمەزرێنێت. لەو گرووپەدا هونەرمەند و شارەزایانی دراما لە تێکڕای لقەکانی سەندیکا بکرێنە ئەندام. ئەو گرووپە مەرج نییە زوو زوو کۆ ببنەوە، دەکرێت هەر لە ڕێی ئینتەرنێتەوە لە پەیوەندیی بەردەوامدا بن. لە سۆشیال میدیادا دەتوانن گرووپێك دروست بکەن، ڕۆژانە ئاگایان لە یەك بێت. ئەو گرووپە دەرگا بکاتەوە و پێشوازی لە زۆرترین پێشنیار بکات. بە مانگ و بە ساڵ گفتوگۆ بکەن. سەرەنجام پێم وایە لە ماوەی سێ تا چوار مانگ دەتوانن گەلاڵە نامەیەك بۆ هونەری دراما دابڕێژن، تێیدا، بۆ نموونە ئەم شتانە بخرێنە ڕوو:

-شاری درامای کورد، یان شاری درامای کوردستان، لەبەر کۆمەڵێك خەسڵەت، لە فلانە شاری کوردستان بێت.

-شاری دراما لە ڕووی داراییەوە پشت بە کۆمەکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و هاتنە دەستی سەرمایەدار و دارا و دەوڵەمەندانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان ببەستێت.

-شارەکە، لە نموونەی هۆلیوود و بۆلیوود پیشەییانە کار بکات، هەموو پێداویستێکی ژیان و گوزەران و مانەوەی تێدا بێت.

-شاری دراما خاوەن پرۆژەی وەبەرهێنان و بازرگانی بێت، بەو جۆرەی داهاتی مانگانەی بۆ دابین بکات.

-لە شاری درامادا پەیمانگای مەشق و ڕاهێنان و پێگەیاندنی ئەکتەر و تەکنیکار و هەموو هونەرکارانی تێدا بێت.

-دەرگای شاری دراما بە ڕووی هونەرمەندانی تێکڕای پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش، کراوە بێت.

-بەرهەمی شاری درامای کورد پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە لە ئاستێکی بەرزدا بێت، کە زۆر بە ئاسانی بتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ درامای بیانیدا بکات و بینەری کورد و کوردستانیی لێ بستێنێتەوە.

-کەناڵەیلی ئاسمانیی کوردستان بە یاسا و ڕێنماییی پەیوەست بکرێن، بەرهەمی شاری درامای کورد بکڕن و پیشانی بدەن.

ئەمانە چەند پێشنیارێکی سەرەتایی و سادەن، دراماکاران دەتوانن زۆر چڕ و پوخت، بەو جۆرەی لە بەرژەوەندی درامای کورددایە، دەیان خاڵی دیکەی بخەنە پاڵ، خۆبەخشانە و لەخۆ بوردووانە کار بۆ بەدی هێنانی دەزگایەکی هەستیار و گرنگی لەم جۆرە بکەن. لە پاڵ ئەوەشدا، سەرمایە بە شێوەیەکی پوخت و ڕوون بخرێتە خزمەتی گەشە پێدانی درامای کوردستانەوە.



# هۆکاری جوانیی پێنێلۆپ کروز



ئەستێرە جیهانییەکان هەوڵ دەدەن بە باشترین شێوە دەر بکەون و چێژ لە پێستێکی ڕوون و درەوشاوە وەربگرن، کە دوور بێت لە زیپکە و پەڵە.

سەرەڕای ئەوەی ژنێکی سەرقاڵی وەك ئەستێرە و دایکی دوو منداڵە، ئەکتەری ئیسپانی پێنێلۆپ کروز خاوەنی جوانییەکی درەوشاوە و پێستێکی نایاب و جەستەیەکی ڕێکە، هەروەها دریغی ناکات لە گرنگیدان بە جوانییەکانی و پاراستنی گەنجێتی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، کەواتە نهێنیی جوانییەکەی چییە؟

پێنێلۆپ کروز پشت بە ڕێجیمێکی تایبەت دەبەستێت، کە بەیانی زوو نزیکەی کاتژمێر ٧:٣٠ لە خەو هەڵدەستێت، هەروەها حەز دەکات ٧-٨ کاتژمێر بەردەوام بخەوێت لە شەودا، لە ئەگەری پابەند نەبوو بە وێنەگرتن.

لە سەرەتای ڕۆژدا وەرزش دەکات، دواتر لەگەڵ خێزانەکەی نانی بەیانی دەخوات، هەروەها دڵنیا دەبێتەوە لە وەرگرتنی کالۆری و خواردنەوەی ئاوی پێویست.

بۆ نانی بەیانی پێنێلۆپ کروز هێلکە و میوە و دانەوێڵەی ماڵەوە و، هەندێکجاریش ئاوی کەلەرم دەخوات، هەروەها هەندێك تەواوکەری سرووشتی و پرۆتینی ئۆرگانیك دەخوات و حەزی لە قاوەیە لەگەڵ شیری بادەم، بەڵام ڕۆژانە لە دووجار زیاتر نایخواتەوە.

پێنێلۆپ دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە چەندین خۆراکی تەندروست بەردەوام لە ماڵەکەیدا هەبێت، لەوانەش سەوزە و میوەی سرووشتی و گۆشتی بێ چەوری و ماسیی زۆر. لە چێشتخانەکەدا کینۆا و ماکارۆنی و برنجی قاوەیی و شەکری گوێزی هیندی و ستیڤیا و شوکولاتە هەیە.

پێنێلۆپ کروز سەبارەت بە نهێنیی جوانیی پێستی دەڵێت: «جارجارە فڵچەی وشکی جەستەی دەکەم؛ ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ڕزگاربوون لە ژەهرەکان.

هەروەها ئاشکرای کرد کە ماکیاژکارەکەی لە نوێترین فیلمیدا جاید ڕۆلەری بەکارهێناوە و، دووپاتی کردەوە کە بەڕاستی کار دەکات و ئەنجامێکی نایابی بەدەست هێناوە».

## هایلی بیبەر بەدەست دڵەڕاوکێ و نەخۆشییەوە دەناڵێنێت

لە دوایین ئەڵقەی پۆدکاستەکەی «Run-Through with Vogue»، سوپەرمۆدێل هایلی بیبەر باسی لە کاریگەرییەکانی دوای جەڵتەی مێشك کرد، کە ساڵی ڕابردوولە ناکاو تووشی بوو و کاریگەریی لەسەر تەندروستیی دەروونی و جەستەیی ئەو هەبووە.

هایلی مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە یوتیوب بڵاو کردەوە و ئاشکرای کرد، دوای ئەوەی نیشانەکانی هاوشێوەی جەڵتەی مێشکی دەرکەوت، کە بەهۆی خوێنمەین لە مێشکیدا دروستبووە، کە لە کاتی نانخواردنی بەیانیدا لەگەڵ هاوسەرەکەی (جەستن بیبەر) لە پاڵم سپرینگز لە کالیفۆرنیا ساڵی ٢٠١٩ ڕووی دا.

هایلی لە ڤیدیۆکەدا ڕوونی کردەوە کە هەستی بە بێهێزیی لە قۆڵی ڕاستی و لە سەری پەنجەکانیدا کردووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ناچار بێت بۆ ماوەیەك لە نەخۆشخانە بخەوێت، هەروەها هەستی بە دڵەڕاوکێیەکی زۆر کرد و کەمێك تووشی هێدمەی دوای ڕووداوەکە بوو، ئەمەش کێشەی تەندروستی و دەروونیی زۆری بۆ درووستکرد و زۆریش ترساوە کە ئەم حاڵەتە دووبارە ببێتەوە، چونکە وەك خۆی دەڵێت دڵنیابووە ئەگەر دووبارە ببێتەوە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت بەرگەی بگرێت .


ئەستێرە تەمەن ٢٦ ساڵەکە پشتڕاستی کردەوە کە جەڵتەی مێشك (بە دڵنیاییەوە ترسناکترین شتە کە تا ئێستا بەسەریدا هاتووە»، ئاماژەی بەوەش کردووە، گەڕانەوەی بۆ پاڵم سپرینگز بۆی قورس و نامۆ بووە.





لاجان ماهیر:
ڕاهێنەری تایبەتی وەرزشیی منداڵی ئۆتیزم

# منداڵی ئۆتیزم بەشێکیان بەهرەدارن و پێویستە بەهرەکانیان وێنا بکرێت



تا ئێستا لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی بە یارییە وەرزشییەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت نەدراوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ڕوو لە وەرزشە جیاجیاکان بکەن لە گۆڕەپانە وەرزشییەکاندا، وەرزشی خاوەن پێداویستی تایبەت چەندین یاری لە خۆ دەگرێت بە پێی حەز و ئارەزووی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت، سەنتەری ئۆتیزمی سەر بە دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئەو ئەرکەی لەسەر خستووەتە سەر شانی خۆی و لە ڕێگەی ئەم سەنتەرەوە چەندین منداڵ لە ڕێگەی مامۆستا لاجان ماهیرەوە گەڕاونەتەوە نێو وەرزش و، یارییە جۆراوجۆرەکان ئەنجام دەدەن، مامۆستا لاجان کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ی شاری هەولێرە و دەرچووی پەیمانگەی وەرزشییە و یاریزانی پێشووی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێرە، ئێستا ڕاهێنەری تایبەتی بواری وەرزشییە لە سەنتەری ئۆتیزم، کە چەندین خولی ڕاهێنەری تایبەتی بینیوە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** وەرزشی خاوەن پێداویستی تایبەت زیاتر چ وەرزشێك دەگرێتەوە؟**
- وەرزشی منداڵی ئۆتیزم لە ڕێگەی خاڵی بەهێز و لاواز و جووڵەی بچووك و گەورە و توانای ئاستی جەستەیی وەرزشی بە گشتی دەگرێتەوە.

*** دەتەوێت چی پێشکەش بکەی لە ناو ئەم وەرزشکارە خاوەن پێداویستییە تایبەتانەدا؟**
-ڕاهێنەری وەرزشی تایبەت بە منداڵانی ئۆتیزم مەشق پێکراو لەژێر چاودێریی پسپۆڕی پەروەردەیی تایبەتی ئوردنیم، بۆ ماوەی دوو ساڵ بە بەردەوامی مەشق و ڕاهێنان وەردەگرم لە ڕێگەی ڕێبەری (Abllas) هەڵسەنگاندنی کارامەییە سەرەکییەکانی فێربوون و زمان بەپێی هەڵسەنگاندنەکانم بۆ منداڵانە بە یارمەتی خاڵی بەهێز و بەهرەی منداڵ، ئامانجەکانم لە بواری وەرزشی و جەستەی منداڵ بە شێوەی ورد دادەڕێژم، بۆ ئەو منداڵانەی بەهرەی وەرزشیان هەیە و پەرە بە بەهرەکانیان دەدەم، بۆ فێربوونی یارییە وەرزشییەکانی یاریی تۆپی پێی و باسکە و باڵە و جمناستیك و، بە شێوەیەکی زانستی و **ئەکادیمیانە** کارەکەم جێبەجێ دەکەم.

***بەرنامەت چییە بۆ پێشخستنی ئاستی وەرزشیی ئەم چینە تایبەتەی کۆمەڵگە؟**
-منداڵی ئۆتیزم بەشێکیان بەهرەدارن و پێویستە بەهرەکانیان وێنا بکرێت، من دەمەوێت پەرەیان پێ بدەم بۆ ئەو یارییە وەرزشییەی لە توانای جەستەی منداڵەکەدایە و خولیای دەکات.

***گرفتی وەرزشیی ئێوە لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟**
-گرفتی ئێمە نەبوونی ڕاهێنەری تایبەتی مەشقپێکراوە، نەبوونی شوێنی تایبەتە، نەبوونی هۆشیاریی وەرزشییە کە منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت وەك منداڵانی ئاسایی دەتوانن فێری یارییە وەرزشییەکان ببن، دەبێ خێزانی منداڵەکان هاوکار بن و گرنگی بە توانای منداڵەکانیان بدەن.

***بڕیارتان نەداوە تیپێك بۆ ئەم وەرزشکارانە دروست بکەن؟**
-سەرەتا منداڵەکان گۆشەگیرن، کۆمەڵایەتی نین و تێکەڵاوی منداڵی دیکە نابن، هیچ یارییەك ناکەن یان نازانن، بەڵام دوای فێربوون و وەرگرتنی ڕاهێنان تا ئەوکاتەی ئاستی وەرزشیی منداڵەکە بەرز دەبێت و دەگاتە ئەو ئاستەی لەگەڵ هاوڕێکەی یاری بکات، ئینجا دەیانکەم بە تیم و بەیەکەوە یاری دەکەن، ئەمەش گەورەترین دەستکەوتنی سەنتەرەکەمانە، من لەگەڵ سەنتەرەکە تیپی کوڕان بۆ تۆپی پێی و باسکە و تێنسی سەرمێزم دروست کردووە و گەیشتون بەو ئاستە بەرزە، تیپی کچانمان هەیە گرووپی سەمای باڵێ و یاریی جمناستیك ریتمی هەیە، ئەوان بە جوانترین شێوە ئەنجامی دەدەن.

*** بەرنامەتان چییە بۆ داهاتوو؟**
- ئێمە بەردەوامین لە مەشق و ڕاهێنانی خۆمان هەوڵ دەدەین زۆرترین منداڵی ئۆتیزم سوود لە یارییە وەرزشییەکان ببینن و فێری بەهرە وەرزشیەکان ببن.

*** هەست ناکەیت ئەرکێکی قورست لە سەر شانە؟**
-هەر چەندە ئەرکی من قورس بێت هەست بە بێزاری ناکەم و شانازی بە کارەکەی خۆمەوە دەکەم و ماندوو نابم.

*** بۆچی ئەم بوارەت هەڵبژاردووە؟**
- لە منداڵییەوە خولیای وەرزش بووم و وەرزشیش بە پیشەی خۆم دادەنێم.

*** لە ئێستادا خەڵکانێکی زۆر ڕووتان تێدەکەن بۆ هێنانی منداڵەکانیان، پلانتان چییە و چۆن منداڵەکان دابەش دەکەن بۆ یارییە جیاوازەکان؟**
-بەداخەوە ڕێژەی ئۆتیزم زۆر لە زیاد بووندایە و ڕۆژانە روو لە سەنتەرەکەمان دەکەن، کە لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە خاوەندارێتی دەکرێت بۆ منداڵانی خێزانی کەمدەرامەت، بەپێی شوێن و کاتی منداڵ وەردەگرین، بەڵام ناتوانین لە ١٠٠منداڵ زیاتر وەربگرین، بە پێی ئەو پلانەی دامانناوە دابەشیان دەکەین.

*** چەند جۆر وەرزش هەیە لە سەنتەرەکەتان؟**
- تەنیا یەك ڕاهێنەری وەرزشیی تایبەت بە ئۆتیزم هەیە، دەتوانم بڵێم لە هەموو کوردستاندا تاکە کەسم کە هەوڵمداوە زۆرترین جۆری یاریی وەرزشی فێری منداڵەکانی ئۆتیزم بکەم، یاریی تۆپی پێی باسکە و تێنسی سەرمێز و جیمناستیك و جمناسیتکی ریتمی و بەرزکردنەوەی قورسایی و گۆڕەپان و مەیدان و چەندین وەرزشیی دیکە و ڕاهێنانمان هەیە، بۆ بەرزکردنەوەی توانای جەستەیی منداڵ.

*** وەکو ئافرەتێکی وەرزشکار خەونی ئێوە لەم کارە چییە؟**
-خەونی من ئەوەیە شوێنی تایبەت و ڕاهێنەری مەشق هەبێت و بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی ئەو منداڵانە پێبگەیەنین، کردنەوەی چەندین سەنتەری جیاواز بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو منداڵی ئاسایی ببن بە یاریزانی یارییە وەرزشییەکان.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**
-هیوادارم هۆشیاریی زیاتر بدرێت بە خێزانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم، بێ ئومێد نەبن و باوەڕی تەواویان بە منداڵەکانیان هەبێت کە بە ڕاهێنان دەتوانن بیانگەڕێننەوە نێو کۆمەڵگە و خوێندن و قوتابخانە و یاریگەکان، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خەمخۆرییەی بۆ وەرزشە جۆروجۆرەکان هەیەتی.

**دەبێ خێزانی منداڵەکان هاوکار بن و گرنگی بە توانای منداڵەکانیان بدەن.**
**هەست بە بێزاری ناکەم و شانازی بە کارەکەی خۆمەوە دەکەم و ماندوو نابم**

**بەداخەوە ڕێژەی ئۆتیزم زۆر لە زیاد بووندایە و ڕۆژانە روو لە سەنتەرەکەمان دەکەن**

**دەتوانم بڵێم لە هەموو کوردستاندا تاکە کەسم کە هەوڵمداوە زۆرترین جۆری یاریی وەرزشی فێری منداڵەکانی ئۆتیزم بکەم**

# گاریس بەیڵ بەیەکجاری ماڵئاوایی کرد



بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو گاریس بەیڵی وێڵزی لە تەمەنی ٣٣ساڵیدا وازهێنانی یەکجاری لە یاریکردن راگەیاند.

گاریس بەیڵ لە تویتەری فەرمی خۆی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند دوای بیرکردنەوە بڕیاریدا دەستبەجێ واز لە یاریکردنی تۆپی پێ بهێنێت.

گاریس بەیڵ دەڵێت: هەست بە بەخت دەکەم، چونکە خەونەکەم لە ئەنجامدانی وەرزش بەدیهات و بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ ئەو یارییەم کرد، کە خۆشیم دەوێت.

بەیڵ کاروانێکی گەورەی لەگەڵ یانەکان بەڕێکردووە و یاری بۆ یانەکانی ساوسهامپتۆن و تۆتنهام و ریال مەدرید و لۆس ئەنجلۆس کردووە، بە گشتی لەگەڵ یانەکان بەشداری ٥٥٤ یاریکردووە و ١٨٦ گۆڵ و ١٣٩ ئەسیستی هەیە، یەکێک بوو لەو یاریزانانەی پێنج نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەگەڵ ریال مەدرید بردەوە، لەگەڵ بردنەوەی سێ نازناوی خولی ئیسپانیا و چوار نازناوی مۆندیالی یانەکان و سێ جامی سوپەری ئەوروپا و جامێکی شای ئیسپانیا، لەگەڵ بردنەوەی سێ نازناوی جامی سوپەری ئیسپانیا، لەگەڵ تۆتنهامیش نازناوێک و دوو نازناویشی لەگەڵ لۆس ئەنجلێسی ئەمریکی بردەوە.

لەگەڵ هەڵبژاردەی وێڵز، گاریس بەیڵ ١١١ یاری فەرمی بۆ وێڵز کردووە و ٤٠ گۆڵ و ٢٢ ئەسیستی تۆمار کردووە، بەڵام هیچ نازناوێکی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی نەبردووەتەوە.

# لۆریس جارێکی تر یاری بۆ هەڵبژاردەی فەرەنسا ناکات

هوگۆ لۆریس، گۆڵپارێز و کاپتنی هەڵبژاردەی فەرەنسا وازهێنانی لە یاری نێودەوڵەتی راگەیاند و تەنیا بۆ یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی یاری دەکات.

لۆریس، تەمەن ٣٦ ساڵ، بە میدیاکانی فەرەنسای راگەیاند، کە بڕیاری داوە واز لە یاری نێودەوڵەتی بهێنێت و گوتی:راگەیاندنی ئەمە ئاسان نییە، بەڵام دوای ١٤ ساڵ، کە تێیدا بەرگریم لە درێسی فەرەنسا کرد و بە شانازییەوە، پێموایە گەیشتمە کۆتایی.

گۆڵپارێزەکەی تۆتنهام لە ساڵی ٢٠٠٨ دەستی بە کاروانی نێودەوڵەتی خۆی کرد، دوای مۆندیالی ٢٠١٠ نیشانەی کاپتنی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی وەرگرت، لەگەڵ فەرەنسا بووە پاڵەوانی مۆندیالی ٢٠١٨ـی رووسیا، دواتر گەیشتنە یاری کۆتایی مۆندیالی ٢٠٢٢ـی قەتەر، بەڵام بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا دۆڕان، هەروەها لە ساڵی ٢٠٢١ نازناوی خولی نەتەوەکانی ئەورووپای بەدەستهێنا.

لۆریس لە ١٤٥ یارییدا پارێزگاری لە گۆڵی هەڵبژاردەی فەرەنسا کردووە، ئەمەش ژمارەی پێوانەییە لە مێژووی هەڵبژاردەی فەرەنسا.

میدیاکانی فەرەنسا باس لەوە دەکەن، کە دوای وازهێنانی هوگۆ لۆریس لە یاری نێودەوڵەتی، کیلیان ئێمباپێی ئەستێرەی یانەی پاریس سانت جێرمان بەهێزترین بەربژێرە بۆ وەرگرتنی نیشانەی کاپتنی هەڵبژاردەی فەرەنسا.





# پورتوگال راهێنەرێکی نوێ دەستنیشانکرد

رۆبێرتۆ مارتینێز بەفەرمی ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی پۆرتوگالی وەرگرت و تاکو مۆندیالی داهاتوو (٢٠٢٦) راهێنەرایەتی هەڵبژاردەکە دەکات، لە یەکەمین لێدوانیدا رایگەیاند، کە دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ هەر ٢٦ یاریزانەکەی پۆرتوگال لە مۆندیالی ٢٠٢٢ بکات.

رۆبێرتۆ مارتینێز بەفەرمی بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبێتە راهێنەری هەڵبژاردەی پۆرتوگال و لە یۆرۆی ٢٠٢٤ و مۆندیالی ٢٠٢٦ ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی پۆرتوگالی لە ئەستۆ دەبێت و راهێنەرایەتی کریستیانۆ رۆنالدۆ و هاوڕێیەکانی دەکات.

رۆبێرتۆ مارتینێزی ئیسپانی، کە لە تەمەنی ٤٩ ساڵیدایە، دوای ماڵئاوایی بەلژیکا لە قۆناخی کۆمەڵەکان لە مۆندیالی ٢٠٢٢ دەستی لە راهێنەرایەتی هەڵبژاردەکە کێشایەوە، کە لە مۆندیالی ٢٠١٨ مارتینێز پلەی سێیەمی لەگەڵ بەلژیکا بەدەستهێنابوو.

مارتینێز لەگەڵ هەڵبژاردەی بەلژیکا لە ٧٩ یارییدا ٥٦ بردنەوە و ١٣ یەکسانبوون و ١٠ دۆڕانی بەدەستهێنا و لە یەکەمین لێدوانی دوای وەرگرتنی ئەرکی راهێنەرایەتی پۆرتوگال گوتی: پێویستە رێز لە کریستیانۆ رۆناڵدۆ بگرین و دەمەوێت رووبەڕوو قسە لەگەڵ کریستیانۆ بکەم.

رۆبێرتۆ مارتینێز گوتیشی: دەمەوێت گفتوگۆ لەگەڵ هەر ٢٦ یاریزانە بەشداربووەکەی پۆرتوگال لە مۆندیالی ٢٠٢٢ بکەم.



# ئەگەر هاوكاریی دارایی نەكرێن ئارارات لە خولی نایاب دەكشێتەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی ئارارات لە قۆناغی یەكەمی خولی نایابی یانەكانی كوردستان توانی ئاستێكی بەرز پێشكەش بكات، كە لە چواردە یاریی خولەكەش ٢٦خاڵی كۆ كرووەدتەوە و لە پێشەنگی ریزبەندی یانەكاندا دێت، بەڵام گرفتی دارایی تەنگی بە یانەكە هەڵچنیوە و دەیەوێت بێ بەشی بكات لە خولە گەورەكەی كوردستان، لە بارەی ئەگەری كشانەوەشیان لە خولی نایابی یانەكانی كوردستان (سۆران جەوهەر) سكرتێری یانەی وەرزشیی ئارارات بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئەم وەرزە توانیومانە ئاستێكی بەرز پێشكەش بكەین لە خولی نایابی یانەكانی كوردستان و لە قۆناغی یەكەمی پاڵەوانانی ئەم قۆناغەداین، بەڵام ئەگەر تیپەكەمان هاوكاری نەكرێت لەلایەن حكومەت و لایەنی پەیوەندیدارەوە، ئەوە بەفەرمی كشانەوە لە خولەكە رادەگەیەنین، چونكە مەسرووفی مانگانەی ئێمە بە مووچەی و مەسرەوفاتی گشتییەوە دەگاتە ٤٠ملیۆن دینار، ئێمە تەنیا شەش ملیۆن دینار داهاتمان هەیە لە یانەكە، ئەوەش بۆ ئێمە و ستافی یانەكە ئەركێكی قورسمان دەخاتە سەر شان، كە هەر پارە قەرز بكەین و بەردەوامین بەم شێوەیە، سۆران جەوهەر گوتیشی: «خولەكە خولێكی دوورودرێژە و دوو قۆناغە پێویستی بە مەسرووفاتی زۆرە، ئەگەر هەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت و هیچ كەسێك ئاوڕمان لێ نەداتەوە، بە دڵنیاییەوە پاشەكشە دەكەین لە خولەكە و تیپەكەمان بەم شێوەیە بەردەوام نابێت، هیوادارم لایەنی حكومەت و بەرپرس هاوكارییەكی تیپەكەمان بكەن بۆ ئەوەی بتوانین لەو ئاستە بەردەوام بین، ئەگەر هاوكارییشمان بكەن، بێگومان دەتوانین كاری باشتر بكەین و كێبڕكێ بكەین لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەتر لە خولی نایابی یانەكانی كوردستان، گۆڕانكارییش دەكەین لەو هێڵانەی پێویستمان بە یاریزان هەیە، قۆناغی دووەمیش خولەكە ئاستێكی بەهێزی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت».



## کۆسرەت بایز یانەی نەورۆزی هەڵبژارد

هەر چەندە ئەم وەرزە کۆسرەت بایز گرێبەستی لەگەڵ یانەی وەرزشیی هەولێر هەبووە، لە سەرەتای خولی نایابی عێراقیش لەلایەن نزار مەحروسی ڕاهێنەری پێشووی یانەکەش بە شێوەیەکی باش پشتی پێ بەستراوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی غازی فەهد لە تیپی یەکەم دووخرایەوە بۆ تیپی خولی کوردستان، لەم ماوەیەشدا ئەم یاریزانە توانی لە خولی پلەیەکی کوردستان ئاستی شایستە پێشکەش بکات، یانەی نەورۆزی بەشدار لە خولی نایابی عێراقیش ماوەیەکی زۆرە گفتوگۆکانی لەگەڵ ئەم یاریزانە کردبوو، لە گواستنەوەی زستانە ئەم یاریزانە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یانەی نەورۆزی شاری سلێمانی مۆرکرد، لە بارەی چوونی بۆ یانەی نەورۆزیش کۆسرەت بایز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکە گرێبەستم کردووە لەگەڵ یانەی نەورۆز، بەڵام چاوەڕوانی گواستنەوەی زستانە بووم، ئێستاش بە فەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەکە کردووە تا کۆتایی ئەم وەرزە، ئەگەر ئاستمان باشبوو و بە دڵی هاندەران و دەستەی کارگێڕیی یانەکە بوو، دەکرێ گرێبەستەکەمان بۆ ماوەیەکی درێژتر بێت»، لە بارەی هەبوونی گرێبەستی دیکەش کۆسرەت بایز گوتی: «ماوەی سێ هەفتەیەك بەر لە کردنەوەی دەرگای گواستنەوەی یاریزانان من لەگەڵ یانەی نەورۆز گفتوگۆکانم بە کۆتا هێنابوو، بەڵام بۆ هەبوونی گرێبەستی دیکە هیچ شتێکی فەرمی نەبووە، دەکرا گرێبەستم پێشکەش بکرایە، بەڵام من زووتر لەگەڵ یانەی نەورۆز پێك هاتم، دەمەوێت ئەم وەرزە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم لەگەڵ یانە تازەکەم، بۆ ئەوەی ئاستی ڕاستەقینەی خۆم پێشکەش بکەم لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، دەستم بە یەکە مەشقیەکان کردووە لەگەڵ یانەکەم و دەمەوێ تیپەکە ببەینە قۆناغێکی باشتر لە خولی نایابی عێراقی، هیچ کێشە و گرفتێکم نییە و چاوم زیاتر لە سەر خولەکەیە، بۆ ئەوەی باشترین ئاست پێشکەش بکەم».

## یانەی برایەتی گۆڕانکاری دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی برایەتی ئەم وەرزە لە خولی پلە نایابەکانی کوردستان لە کۆی ئەنجامدانی ١٤ یاری لە قۆناغی یەکەمی خولەکە، خاوەنی ٢٠ خاڵە و لە پلەی شەشەم دێت، جگە لەوەش یانەکە هێشتا دەیەوێت کێبڕکێ لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات لە یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولەکە، لە بارەی خۆئامادەکاریش بۆ قۆناغی دووەم (هیشام چەلەبی) یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی برایەتی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە تیپێکی لاوانمان کۆکردووەتەوە بۆ یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کێشەی ئێمەش هێنانی چەند یاریزانێکە بۆ ئەو هێڵانەی کە تیپەکە لێی لاوازبووە تا ئامادەکاریی باشتر بکەین، ئەگەر بتوانین سێ بۆ چوار یاریزان بهێنین لەو هێڵانەی کە کارمان لەسەر کردووە، هیوای ئەوەمان دەبێت کە بتوانین بۆ یەکەمی یاری بکەین»، یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی برایەتی گوتیشی: «هیچ کێشەو گرفتێك لە یانەی برایەتی نییە، دەمانەوێت کەموکوورییەکانی هێڵی یاریکردنمان پڕ بکەینەوە، هیوای ئەوەمان هەیە کە کێبڕکێ بکەین لەگەڵ سەرجەم یانەکانی دیکە بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین لە خولی نایابی کوردستان، قۆناغی دووەمیش هەموو یارییەکانی بەهێزە و یانەکان نایانەوێت هیچ خاڵێك لە دەست بدەن».

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە برایەتی لە ١٤یاریی قۆناغی یەکەم تەنیا پێنج یاری بردووەتەوە و چوار یارییش دۆڕاوە و پێنج یاری یەکسان بووە، بۆیە هێشتا جیاوازییەکانی کەمە لەگەڵ تیپەکانی پێشەوی خولەکە و دەیەوێت ئاست و ئەنجامی تیپەکە بگۆڕێت.



# ئایا کەشی سارد هاندەرە بۆ نەخۆشی؟

پێشتر پسپۆران هۆکاری زیاد بڵاوبوونەوەی هەڵامەت و ئەنفلوەنزایان لە وەرزی زستاندا دەگەڕاندەوە بۆ زیاد کۆبوونەوەی خەڵك لە ژوورە داخراوەکانی ماڵەوەدا، بەڵام لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی زانکۆی نۆرتئیسترن لە شاری بۆستون هاتووە کە هۆکاری بایۆلۆژی لەپاڵ مەسەلەکەدایە، بەوەی کە کەشی سارد بەرگریی لووت بەرانبەر بە ڤایرۆسەکان لاواز دەکات، بۆنموونە دابەزینی تەنیا پێج پلەی سێلسیەس بەرگریی لووت بەرانبەر بە ڤایرۆسەکان تا نزیکەی ٥٠٪ کەم دەکاتەوە، ئەمەش پاساوە بۆ زیاتر تووشبوون بە هەڵامەت و ئەنفلوەنزا لە وەرزی زستاندا. پاش گەیشتنی ڤایرۆس بە بۆشایی لووت، خانە ناوپۆشەکان بە خێرایی چالاك دەبنەوە بۆ دوورخستەوە و فڕێدانیان، کەشی سارد ئەم کردارەی بەرگری لە لووتدا تێك دەدات، بەمەش توانای فڕێدانی ڤایرۆسەکان کەم دەبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، کە ڤایرۆس یان بەکتریا دەگاتە بۆشایی لووت، ئەوا خانەکانی ناوپۆشی بەشی پێشەوەی لووت بە خێرایی ملیۆنان بڵۆقی زۆر وردی پڕ لە شلە EV دەردەدات، کە گەردیلەی بکوژی ڤایرۆس و بەکتریا لەخۆدەگرن بە شێوەی microR-NA بەمەبەستی قەتیسکردنیان پێش دروستکردنی هەوکردن لە خانەکاندا، کەشی سارد ئەم کاردانەوەی بەرگرییەی لووت تێك دەدات و کوالێتی و ژمارەی بڵقەکان تا ڕێژەی ٤٠٪ کەم دەکاتەوە، ئەمەش ئەگەری هەوکردن بە ڤایرۆس و بەکتریا زیاد دەکات.




## چارەسەر بە کۆلاجین

کۆلاجین Collagen بە بڵاوترین جۆری پرۆتین لە لەشدا هەژمار دەکرێت لە شانە بەستەرەکانەوە بگرە تا دەگاتە ماسوولکە و بۆڕییەکانی خوێن، هەروەها پاراستنی تەندروستیی ئێسك و جومگەکان و پاراستنی توانای لاستیکیی پێست. لەگەڵ تەمەندا، کۆلاجین تێك دەشکێت و تونای لەش بۆ دروستکردنی قورس دەبێت، بۆیە زۆر جار پێویست بە وەرگرتنی کۆلاجین بە ڕێنمایی دکتۆر دەکات بە شێوەی پاودەر، کەپسول، شلە یان گیراوە، لەگەڵ دەرزیی ڕاستەوخۆی پێست یان فیلەری کۆلاجین Collagen fillers. بە گشتی بەکارهێنانی کۆلاجین بە ڕێنمایی دکتۆر بێ زیانە، سوودەکانی چارەسەر بە کۆلاجین: باشترکردنی تونای لاستیکیی پێست و کەمکردنەوەی لۆچبوونەکان لە بەساڵاچوواندا، بەهێزکردنی ئێسك، باشترکردنی گەشەی قژ، هاندانی گەشەی نینۆکەکان، کەمکردنەوەی ئازاری سەوەفانی جومگە و سخبوون، بەتایبەتی جومگەی ئەژنۆ، زیادکردنی بارستایی و هێزی ماسوولکەکان،، لەوانەشە کە ڕۆڵی هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن و ئاستی شەکری خوێ.



# زیانەکانی زیاد خواردنی خوێ

خوێ یان سۆدیۆم زۆر گرنگ و پێویستە بۆ لەش، بەتایبەتی بۆ پاراستنی قەبارەی پلازمای خوێن، هاوسەنگیی ترش و تفت، لەگەڵ فرمانی خانە و دەمار وماسوولکەکان. ئەگەرچی خوێ پێکهاتەیەکی سەرەکیی زۆربەی خۆراکەکانە، بەڵام بڕی زیاد کاریگەریی نێگەتیڤی بۆ تەندروستی هەیە. پێویستی ڕۆژانە خوێ بۆ کەسان پێگەیشتوو بریتییە لە تەنیا ٢،٣٠٠ ملگم، بڕی زیاتر لە خۆراکدا بە چەندان ڕێگە زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت، وەکو: قەتیسبوونی ئاو لە لەشدا، بەدهەرسی Indigestion و کۆبوونەوەی گاز لە کۆئەندامی هەرسدا، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، زیاد تینووبوون و وشکبوونی دەم، هەروەها ئەم نەخۆشییانە: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن چونکە دەبێتە هۆی زیادبوونی قەبارەی خوێن و فشاری زیاد لەسەر بۆرییەکانی خوێندا، نەخۆشیی دڵ، جەڵتەی مێشك، هەروەها نەخۆشیی گورچیلە و بەردی گورچیلە.






# پێستی دەستکرد بۆ چارەسەرکردنی برین

پێستی دەستکرد Artificial skin لە تاقیگەدا بەرهەم دەهێنرێت وەکو جێگرەوە بۆ پێستی سرووشتی، کە بەتایبەتی سوودبەخشە بۆ چارەسەرکردنی برینەکانی سووتانی سەختی پێست. لە تاقیگەدا چەند جۆرێکی پێستی دەستکرد دروست دەکرێت، کە هەموویان تا رادەیەکی زۆر هەمان فرمانەکانی پێستی سرووشتی دەبینن، بۆنموونە ڕێکخستنی پلەی گەرمیی لەش و فرمانی دیکە. پێستی دەستکرد گرنگە بۆ داپۆشینی یان داخستنی برین و ڕێگرتن لە هەوکردنی بەکتریایی و ونکردنی شلەی لەش و هاندانی زووتر چاکبوونەوەی برین. بوارەکانی بەکارهێنانی پێستی دەستکرد: چارەسەرکردنی سووتانی پێست لەجیاتی گواستنەوە یان چاندنی پێست Skin transplant، چارەسەرکردنی کولبوون Ulcer و برینی درێژخایەنی پێست، هەروەها بۆ حاڵەتەکانی ئەکزیمای درێژخایەن و نەخۆشیی سەدەف Psoriasis. ئەوە ماوە بڵێین کە پێستی دەستکرد لە ڕووی نرخەوە گران دەوەستێت، هەروەها لە ڕووی پێکهاتنەوە لە پێستی سرووشتی ناسکترە.




# لە زستانیش دژەهەتاو پێویست دەکات!

ئایا دەزانی کە هەتاوی زستان زیان بە پێست دەگەیەنێت؟ بۆیە لە وەرزی زستاندا لەکاتی چوونە دەرەوە بۆ پاراستنی پێست پێویست بە بەکارهێنانی ئاوێتەی دژەهەتاو دەکات. ئەگەرچی تیشکی خۆری زستان وەکو تیشکی خۆری هاوین گەرم نییە، بەڵام تیشکی سەروو وەنەوشەیی لەخۆدەگرێت، کە هەور و تەمومژ دەبڕێت و دەگاتە پێست، ئینجا زیانی پێ دەگەیەنێت بەتایبەتی زیادبوونی ئەگەری شێرپەنجەی پێست و زووپیربوونی پێست Photoaging کە بریتییە لە لۆچبوون، پنتی تاریك لەسەر پێست یان پنتی تەمەن Age spots، وشکبوونی پێست، شۆڕبوونی پێست لە ئەنجامی کەمبوونەوەی توانای لاستیکی یان تۆنی پێست، لەگەڵ تاریکبوونی ڕەنگی پێست لە دەوری سینگدا. بۆ پاراستنی پێست لە وەرزی زستان بەتایبەتی لە ماوەی نێوان کاتژمێر ١٠ی بەیانی و ٢ی پاش نیوەڕۆ کە تیشکی خۆر لە بەهێزترین ئاستدا دەبێت، پەیڕەوی ئەم هەنگاوانە بکە: ئاوێتەیەکی دژەهەتاو بەکار بهێنە کە فاکتەری پاراستن لە خۆر SPF تیایدا لە ٥٠ کەمتر نەبێت، لێوەکانیشت بپارێزە بە مەرهەمی تایبەتی دژەهەتاوی لێو Lip balm چونکە بە تیشکی خۆر تووشی وشکبوون و قڵیشان دەبن، جلی پاراستن لە تیشکی خۆر بپۆشە لەگەڵ دەستکێش و کاسکێت بۆ پاراستنی پێستی سەر و گوێیەکان لە تیشکی خۆر، هەروەها چاویلکەی دژەهەتاو کە چاو بکە تا ڕێژەی ١٠٠٪ لە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی بپارێزێت.



# مەشقی وەرزشی بۆ بەهێزکردنی بەرگریی لەش



مەشقی وەرزشی هەنگاوێکی ئاکتیڤە بۆ خۆپاراستن لە هەوکردن بە ڤایرۆس و بەکتریا، کە تەنانەت ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ دەگرێتەوە. لە توێژینەوەیەکی نوێی بەریتانیدا هاتووە کە مەشقی وەرزشیی رێك و رۆژانەی مامناوەند، سیستمی بەرگریی لەش بەهێز دەکات. باسی ئەمەش کراوە کە ئەگەرچی بەڵگەی زانستیی تەواو لە بەردەستدا نییە، بەڵام لەوانەیە کە مەشقی وەرزشیی توند Vigorous exercise سیستمی بەرگریی لەش بەهێز بکات و لە رووی تیۆرییەوە ئەگەری هەوکردن بە میکرۆب زیاد بکات. نموونەی ئەو مەشقانەی کە بەرگری بەهێز دەکەن بریتین لە: پیادەڕۆیی، مەشقە هەواییەکان Aerobics وەکو مەلە و لێخوڕینی بایسکل، راکردن، یاریی گۆڵف، هەروەها یۆگا.

# ئایا سەیکردنی تەلەڤزیۆن یان خوێندنەوە لە تاریکیدا زیان بە چاو دەگەیەنێت؟

لە رابردوودا وابیر دەکرایەوە کە خوێندنەوە، یان سەیرکردنی تەلەڤزیۆن لە تاریکیدا زیان بە چاوەکان دەگەیەنێت، بەڵام لە نوێترین لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژە بەمە کراوە کە ئەم بۆچوونە هەرگیز بنەمایەکی زانستی نییە و خوێندنەوە یان سەیرکردنی شاشەی تەلەڤزیۆن یان کۆمپیوتەر بە رووناکیی کەم یان لە تاریکیدا، زیانێکی ئەوتۆ بە چاوەکان ناگەیەنێت، جگە لە چەند نیشانەیەکی سووکی وەکو: هەستکردن بە ماندووبوونی چاوەکان، کەمبوونەوەی توانای تەرکیزکردنی چاوەکان، هەستکردن بە ناڕەحەتیی چاو و سەرئێشە، هەروەها وشکبوونی چاو لەبەرئەوەی کە لە تاریکیدا کەمتر چاوەکان دادەخرێن، هەندێك جاریش لێڵبوونی بینین. خۆشبەختانە ئەم نیشانانە بۆ ماوەیەکی کورت بەردەوام دەبن، پاشان لەخۆیانەوە نامێنن و هەرگیز نابنە ئەگەری زیانی درێژخایەن بە چاوەکان. پسپۆران رێنمایی دەکەن کە خوێندنەوە یان سەیرکردنی هەر شاشەیەك بە بوونی رووناکیی تەواو، یان هەتا رووناکییەکی کەم باشترە بۆ رێگرتن لە هیلاکبوونی چاوەکان.

# لەلاس ڤیگاس CES2023 پێشانگای ساڵانەی

هەمووسەرەتای ساڵێك واتە لە مانگی یەکەمی زستاندا، پێشانگای ساڵانەی CES کە کورتکراوەی (Consumer Electronics Show) واتە پێشانگای ئەلکترۆنی کەلوپەلی بچووك لە لاس ڤیگاسی ئەمەریکا دەکرێتەوە. ئەمساڵیششلە رۆژی پێنج شەممە (٥)ی مانگ تا ٨ی مانگ کرایەوە.

زیاتر لە ٣١٠٠ ژووری تێدابوو کە لە ١٧٠ وڵاتەوە بەشداریان کردبوو. لە پێشانگای ئەمساڵدا گەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی دیجیتالی بەشداریان تێدا کرد. کۆمپانیاکانی سامسۆنگ، ئێل جی، دێڵ، ئایسۆس، ئایسەر...تاد. بەسەدان بەرهەمی




## داتاشۆ دەبێتە تیڤیەکی کوالیتی بەرز

کۆمپانیای سامسۆنگ لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا داتاشۆ پریمەری خستەڕوو کە دەتوانێت بە کوالیتی 8K وێنەکان لە پانتایی ١٥٠ ئینج نیشان بدات و هەروەها سپیکەرێکی تایبەتی ١٠٠ واتی لەسەرە.

داتاشۆ تایبەتییەکەی سامسۆنگ بەمەبەستی جێگرەوەی تیڤی 8K بەرهەم هاتووە. لەراستیدا دەبێتە تیڤیەکی زیرەك. گشت پرۆگرامەکانی تایبەت بە تیڤی لەو داتاشۆیەدا هەن.

داتاشۆیەکە لەیەك کاتدا دەبێتە چەند شاشەیەکی لێکجیا، ئەو تایبەتمەندییەش بۆ گەیمەرەکان زۆر بەسوودە. دیارە تایبەتمەندی ناوبراو تەنیا بۆ گەیمەرەکان نییە، بەڵکو دەکرێت بۆ کەسانی دیکەش سوودی هەبێت، بۆ نموونە لە هەر شاشەیەکدا چەند تیڤیەك بکرێتەوە.

## سپیکەرێکی بچووک بەقەد میدالیایەک

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا کۆمپانیای JBL چەند سپکەرێکی بچووکی خستەڕوو. سپیکەرێك کە هەر بەقەد مەدالیایەك دەبن. لە نێو ئەو سپیکەرانەدا سپیکەری جۆری JBL Pulseە. دەنگی سپیکەرەکە زۆر بەهێزە.

مۆبایلە سمارتەکان زۆربەیان کوالیتی دەنگیان زۆر بەهێزە، بەڵام جار هەیە لە شوێنێك یا سەیرانێکی و پێویستت بەوە هەیە کە گۆرانی و ئاوازەکان بە دەنگێکی بەهێزتر ببیسی پێویستت بە سپیکەرە.

لەناو بڵندگۆکانی کۆمپانیای ناوبراو دوو جۆریان پورتێبڵن. واتە JBL Go3 و Clip4. هەروەها سپیکەری جۆری Pulse کە دەنگێکی بەهێزی هەیە و سەمای رووناکیشی تێدایە.



# CES 2023

خۆیان نیشاندا. خاڵی جێگای سەرنج ئەوە بوو کە ئەگەرچی لە ئەمەریکا بەڕێوە دەچوو، بەڵام کۆمپانیای ئەپل لەو پێشانگایەدا بەشدار نەبوو.

تەکنەلۆژییەکانی تایبەت بە وزە، ئۆتۆمبیل، تەندروستی، سەرگەرمی، تیڤی و شاشە، مۆبایل، کەلوپەلی زیرەکی ماڵەوە. رۆبۆت و هی دیکە نیشاندران. وەك لاپەڕەی (IT) لە گۆڤاری گوڵان بەگرنگییەوە بەرهەمەکانی نیشاندراو لە پێشانگاکەدا بە ئێوەی خوێنەری هێژا دەناسێنین.

## لە مۆبایلەکەتدا سەیر گەردوون بکە

لە پێشانگای ساڵانەی CES2023دا کۆمپانیای «یونیستلار» تەلەسکۆپە دیجیتالیە نوێیەکەی خۆی بەناوی Equinox2 خستەڕوو. کە بەهۆی هەستەوەری تایبەتەوە دەتوانێت وێنەی کوالیتی بەرز لە ئەستێرە و هەسارەکان و تەنە ئاسمانییەکان بگرێت. تەلەسکۆبەکە راستەوخۆ لە مۆبایل پەیوەند دەدرێت و بەهۆی ئەپێکی تایبەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. تەلەسکۆبی ناوبراو هەنگاوێکی گرنگە لە بە دیجیتال کردنی تەکنەلۆژیای هەسارەکان کە ساڵیان ساڵە بە شێوەی ئەنالۆگ بوو. تەکنەلۆژیایەکی نوێ لە گرتنی وێنەکانی تەلەسکۆبەکەدا هەیە کە دەکرێت مژ و تیشکی رووناکی زۆر لەنو ببات تا بکرێت وێنەگرە سەرەتاییەکانیش بتوانین وێنەی باش لە هەسارەکان بگرن.

شایانی ئاماژە پێدانە هەتا ئێستا ٣١ زانا لە ٩ وڵاتی جۆراوجۆرە سودیان لەو تەلەسکۆبە وەرگرتووە.






## شەحنکەرەوەیەکی شەش ئامێر پێکەوە شەحن دەکاتەوە

لە پێشانگای ساڵانەی CES2023دا کۆمپانیای Satechi شەحنکەرەوەیەکی بەهێزی خستەڕوو کە لەیەك کاتدا دەتوانێت چەندین ئامێر پێکەوە بە خێراییەکی بێ وێنە شەحن بکاتەوە. شەحنکەرەوەیەکە توانای شەحنکردنەوەی ٢٠٠ واتی هەیە.

شوێنی دانانی شەش USB هەیە و کێشی تەنیا نیو کیلۆ دەبێت. قەوارەکەی ئەوەندە بچووکە دەکرێت بۆ هەر گەشت و گەڕان و ئەو شوێنانەی وزەی پێویستی لێ نییە لەگەڵی خۆت ببەی.

شەحنکەرەوەکە جگە لە گشت ئامێرەکانی کە شوێنی USBیان هەیە شەحن دەکاتەوە، دەکرێت تەبلێتە گەورەکان و ئایپادەکانیش شەحن بکاتەوە. ئەوە یەکەم شەحنکەرەوەیە کە ئەم توانا بە هێزەی هەبێت و بتوانێت چەندین ئامێر پێکەوە شەحن بکاتەوە.



# شاشەی ئولترا و تایبەتمەندییەکانی

کۆمپانیای dell لە پێشانگای CESی ئەمساڵدا شاشەیەکی نوێی ئولترا شارپ بە کوالیتی نیشاندانی 6K خستەڕوو. مۆنیتۆری ناوبراو وێبکەمی 4Kی لەسەرە. شاشەکەی ٣٢ ئینجە. تایبەتمەندییەکی دیکەی مۆنیتۆرەکە ئەوەیە کە توانای شەحنکردنەوەی ئامێرەکانی دیکەی هەیە.

کۆمپانیای ناوبراو رایدەگەیەنێ کە UltraSharpە نوێیەکەی تەکنەلۆژیای IPS Blackی لەسەرە. بەهۆی تەکنەلۆژیای ناوبراو دەکرێت کۆنتراستی ورد لەسەر رەنگەکان بکرێت. مۆنیتۆری ناوبراو دەتوانێت لاپتۆپەکان شەحن بکاتەوە. دەتوانێت لە یەك کاتدا دوو کۆمپیوتەر لەیەك کاتدا بەو شاشەیە پەیوەند بدرێن و ببێتە دوو شاشەی لێك جیاواز و دوو دوو پرۆگرامی جیاوازی لەسەر بکرێنەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت گرفتێکم هەیە لەناکاو کۆمپیوتەرەکەم شین دەبێت و بە دەکوژێتەوەو ریستارت دەبێتەوە چ بکەم بۆ ئەوەی روو نەدات؟**

خوێنەری بەڕێز (screen blue) بە واتایەکی دیکە لاپەڕەی مەرگ، گرفتێکی هەرە سەرەکی کۆمپیوتەرە. دەکرێت هەم لایەنی پارچەکان واتە سەختەئامرازی هەبێت و هەم کێشەی سیستەم و سۆفت وێر بێت. کاتێك لاپەڕەکە هات، خێرا بە مۆبایل ئەو بارکۆدەی ناو لاپەڕە شینەکە سکان بکە، کێشەکەت پێ دەڵێت. بۆ چارەسەریش ئەگەر سیستەم بێت، ئەوە یان سیستەمەکە کەموکوڕی هەیە، وەك کێشەی لە درایڤەکان، یان پرۆگرامێك کێشەی بۆ دروست کردووە، یان پانکە و رامەکەی گەرم دادێت و لە شوێنی خۆیان جوڵاون. بۆیە پێویستە ببەی لای کەسێکی شارەزا لەو بوارەدا.



# رۆبۆتێکی بچووک دەکرێ ببێتە ئەندامێکی ماڵەوە

لە پێشانگای ساڵانەی CES2023ی ئەمساڵدا، رۆبۆتەکان شوێنێکی تایبەتیان هەبوو. گەرچی هێشتا رۆبۆت نەبۆتە ئامێرێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤەکاندا، بەڵام لە ئایندەیەکی نە زۆر دووردا، رۆبۆتەکان لەهەموو کاروباری ژیانماندا رۆڵی خۆیان دەگێڕن. رۆبۆتی بچووکی جۆری EBO X ئەو رۆبۆتە خنجیلانەیە بوو کە لە پێشانگای ئەمساڵی CESدا خرایەڕوو.

رۆبۆتەکە بەرهەمی کۆمپانیای Enabotیە، لەراستیدا رۆبۆتێکی زیرەکی ماڵەوەیە کە چەندین تایبەتمەندی هەیە. رۆبۆتەکە پاش ئەوەی کە نەخشەی دەوروبەرەکەی خۆی هەڵدەگرێت، دەتوانێت خۆکار بەدواتدا بێت بۆ هەر شوێنێك. لە رێگای کامێرایەکی جۆری ٤K لەگەڵ ئەندامانی ماڵەوە لە پەیوەندی دادەبێت و ئەگەر حەز بکەن و داوای لێبکەن گۆرانی داواکاریان پێشکەش دەکات. ئەوکاتانەی کە ماڵەوەش چۆل دەبێت دەکرێت وەك چاودێرێکی ئەمنی لە ماڵەوە بمێنێتەوە و دەوروبەر کۆنترۆڵ بکا.



# لینۆڤۆ و بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری بچووک

سەردەم سەردەمی بچووك بوونەوەی کەرەسەکانی تەکنەلۆژیای نوێیە، باوی کۆمپیوتەرە زەبەلاحەکان نەماوە کە شوێنێکی زۆر لە ژوورێك داگیر بکەن و دەنگە دەنگێکی زۆریشیان بێت. ئێستا سەردەمی mini computerە. لینۆڤۆ لە پێشانگای ساڵانەی CESدا کۆمپیوتەرێکی بچووکی بەناوی IdeaCen-tre Mini بەرهەم هێنا کە دیزانێکی مینیمالی هەیە.

کۆمپیۆتەری بچووکی لینۆڤۆ بۆ ماڵەوە یا ژووری نووستن دەبێت. مینی کۆمپیوتەرەکە شەحن دەبێتەوە و پاوەری ناوخۆی لە جۆری PSU لەسەرە. پێچەوانەی مینی کۆمپیوتەرەکانی دیکە، مینی کۆمپیوتەری ئاماژە بۆ کراو پارچەکانی بە ئاسانی دەردێن و دەکرێت گۆڕانکاری لە پارچەکانیدا بکەی و وەك رام و بیرگە و پارچەکانی دیکە.

مینی کۆمپیوتەرەکە بۆ کاروئەرکی دیزاین، گرافیك، سینەما و فیلم بۆ گشت ئەو ئەرکە قورسانەی بە کۆمپیوتەرێکی مەزن دەکرێت بەرهەم هاتووە.

یەکەی لێکدانەوەی Intel coreی لەسەرە، داتاگەی لە جۆری SSDیە و یەك ترابایتە، سیستەمی وای-فای ٦ی لەسەرە. جگە لەوەش لینۆڤۆ بۆ ئەم جۆرە کۆمپیوتەرە داتاگەیەکی هەوری بۆ تەرخان کردووە.




## ماڵپەڕی ئیمێل تەنیا بۆ دە خولەک

زۆربەمان کاتێك نیازمان هەیە ماڵپەڕێکی خزمەتگوزاری بکەینەوە، یان پرۆگرامێك دابەزینە سەر کۆمپیوتەر یا ئاپێك لەسەر مۆبایل دابەزێنین، هەندێك لەوانە پێویستیان بە دانانی ئیمێلی خۆتە. کاتێکیش ئیمێلەکەی خۆت دادەنێی، ئیدی لەمەوبەولا بەردەوام لەلایەن کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکەوە ئیمێلی ریکلام بۆ ئیمێلەکەت دێن. بۆ ئەوەی ئەو کێشەیەت تووش نەبێ. سوود لە ماڵپەڕی 10minutemail.com/ وەربگرە. کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە، دەستبەجێ خولەکەکانت دەست پێدەکا و لە بۆکسێکدا ئیمێڵێکت دەداتێ کە تەنیا بۆ ماوەی دە خولەك دەمێنێتەوە و پاش ئەو دەخولەکە ئیدی ئیمێلەکە دەسڕێتەوە. ئیدی تووشی کێشەی ریکلام هاتن بۆ ئیمێلت نابێ. جارێکی دیکە ناتوانی سوود لەو ئیمێلە وەربگریەوە.

## پرۆگرامێک بۆ خێراکردنی کۆمپیوتەر

خێرایی کۆمپیوتەر، جگە لەوەی بەشێکی سەرەکی پەیوەندی بە سۆفت وێر و پارچەکانی کۆمپیوتەرەوە هەیە، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی کۆمپیوتەرەکە. زۆرجاران سیستەمی کۆمپیوتەر بە هۆکاری جۆراوجۆر تووشی گرفت دەبێت و خێرایی کەم دەبێتەوە، وەك فایلی زیادی پەیدا دەبن، ئەو فایلانەی لە کۆمپیوتەر دادەبەزنە سەر کۆمپیوتەر کێشە دروست دەکەن. بۆ چارەسەری ئەم رێگایە پرۆگرامی AusLogics BoostSpeed پێویستە، پرۆگرامێك هەم خێرایی بووتی کۆمپیوتەر دەباتە سەرێ و هەم خێرایی ئینتەرنێت. چارەسەری کێشەی ریجیستەری دەکات، فایلە زیادەکان دەسڕێتەوە. هاردیسێك پاك دەکاتەوە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

یەکەکە بە فایلەکاندا دێتەوە و فایلە زیادییەکان و ئەو فایلانەی گرفتن بۆ کۆمپیوتەر دەستنیشان دەکات و بە ویستی بەکارهێنەر دەیانسڕێتەوە.




یارمەتیدەری سیستەمی کۆمپیوتەر دەدات و سکانی ویندۆزەکە دەکات و سیستەمەکە لە هەڵە و پەڵە دەسڕێتەوە.

خێراییەکی زۆری هەیە و تەنیا لە ماوەی چەند خولەکێکدا، چاو بە سیستەمدا دەخشێنێتەوە. لەگەڵ هەموو جۆرە سیستەمێکیش دەگونجێت.

# خشڵ و ئێکسسوارەکانی دەست و شیککردنی لەگەڵ پۆشاکدا



خشڵەکانی سەر دەست و مەچەك، نیشانەی ناسکی و سەرنجڕاکێشیان پێوە دیارە، هەمیشە هەوڵ بدە کۆلێکشنێکی زۆری دەستبەند و مەچەکەت هەبێت. خانمان لە زستاندا ئەوەندە بایەخ بە ئێکسسوارەکان نادەن، ئەو شوێنەی کە ئێکسسواری بۆ دادەنرێت دەستە، بۆ دەستیش دەتوانین چەندین خشڵ و ئێکسسوار هەڵبژێرین، وەك (کاتژمێر، بازن، دەستبەند، قایشی دەست) خانمانیش دەتوانن بەپێی چوونیان بۆ ئەو شوێنەی مەبەستیانە، یەکێك لەو ئێکسسوارانە لە دەست بکەن، چاکتریشە بزانن چ جۆرە ئێکسسوارێك بۆ چ شوێن و کاتێك گونجاوە، بۆ ئەوانەی دەوامی فەرمییان هەیە لە دامودەزگاکاندا وا چاکە کاتژمێر و دەستبەندێك لە دەست بکەن، بۆ ئەوای دەچنە زانکۆ، وا جوانە دەستبەند بە تەنیا لە دەست بکەن، بۆ چوونە دەرەوە و بازاڕیش دەستبەند و بازن گونجاوە، بۆ ئاهەنگ و زەماوەندەکانیش دەتوانن بازن و دەستبەند لە دەست بکەن. دەستبەند بۆ ئەو وەرزە شیاوە بەهۆی ئەوەی وەرزێکی ساردە و لە دەستکردنی بازن و کاتژمێر، بەتایبەت ئەوانەی لە ئاسنن، زیاتر د ساردن و بێزارت دەکات، بۆیە وا چاکە دەسبەندی لە پەڕۆ و قوماش و قایش لەدەست بکەن، هەم دەستت سارد ناکات و سەرنجڕاکێشە لە جوانیدا.



# پووت مۆدێکی سەرنجڕاکێشی لە کۆلێکشنی جلوبەرگدا




جوانترین مۆدەکانی پووت لەم پێنج جۆرەدا خۆیان دەبیننەوە، کە بریتیین لە نیوپووت و پووتی درێژ، زۆربەشیان لە پێست و قایش خوری دروست کراون، ئێوەش دەتوانن یەکێك لەو چەشنانە هەڵبژێرن: پووتی فەروە و پێست: یەکێکە لە مۆدەکانی پووت، بۆ ئەوانەیە کە هەردەم هەست بە ساردیی قاچەکانیان دەکەن، ڕەنگی ئەو مۆدە ڕەش و قاوەییە، پووتی قەیتاندار و داوداو، مۆدێکی سەرنجڕاکێشە، هەندێکیان بە قەیتانی سەر پێیەکانەوە ڕازاوەتەوە، هەندێکی دیکەش بە داو، کە زۆربەی قاچ دادەپۆشێت تا دەگاتە سەر ئەژنۆ، ڕەنگی ئەو مۆدە سوور و شین و سپی لە خۆ دەگرێت. پووتی کریستاڵ و ستراس شێوازێکی جوان و نایابە، بۆ ئاهەنگ و زەماوەند لەپێ دەکرێت، کە بە کریستاڵ و ستراسی وردە مووروو ڕازاوەتەوە، ڕەنگەکانی زیاتر پەمەیی و سەوز و نارنجییە. پووتی شاموا، مۆدێکی دیکەی پووتەکانی ئەو وەرزەیە، کە لە ماددەی شاموا دروست کراوە و بە قوماش داپۆشراوە، نەرم و نیانە، بۆ ئەوانەیە کە هەست بە گەرمیی قاچەکانیان دەکەن، زۆربەی ڕەنگەکانی بەردەستە، بە تایبەت زێڕی و خاکی و شەکەری. پووتی پاژنەبەرز و فلات، وەك چۆن پووت کورت و درێژی هەیە، هەروەها پاژنەبەرز و فلاتیشی هەیە و دەبنە مۆدی ئێستا، بەڵام زیاتر وا باشە پووت فلات بێت و پاژنەی نەبێت، تا شێوەی ڕۆیشتنی خانمان جوان و بێ گرفت بکات.





# دەستە جلی جیمبسووتی یەک پارچە

جیمبسووت، واتە جلێك لەسەرەوە تاوەکو خوارەوە کە لە قەمیس یان بلووز و لە خوارەوەش لەگەڵ پانتۆڵەکەی خۆی هاوڕەنگ و لە هەمان قوماشە بێت، مۆدێکی نایاب و ناسکە، دەستە جلی تەواو لە هەمان ڕەنگ و ستایل لە سەرەوە بۆ خوارەوە بە هەمان شێوە شیك دەکرێت و زیاتر لە وەرزی زستاندا دەپۆشرێت، بەهۆی ئەوەی جلێکی تۆکمە و پتەوە و بەرگەی سەرما دەگرێت، مۆدە باوەکانی ئەو جلە زیاتر لە ڕەنگەکانی: ڕەش و سپی و لە شێوەی چاپی ڕەنگاوڕەنگ، هەروەها ڕەنگی نیۆد-ە، سەرەتا مارکەی AREA جیمبسووتی ڕەنگی ڕەشی کردووەتە ئامانج بۆ گەشت و دەرچوون و سەردانی گونجاوە، کە مۆدی کلاسیکە و تاك ڕەنگە، لەگەڵ جلی دیکەی وەك چاکێت یان قەمسەڵە دەپۆشرێت، مارکەی GENNY گرنگیی بە ڕەنگی سپی داوە بۆ بۆنە و یادەکان، کە مۆدێکی باوە و دیار و بەرچاوە، لەگەڵ خشڵەکانی ڕەنگی زێڕین دەپۆشێت. مارکەی ROBERTO CAVALLI پێیان وایە بوونی نەخشونیگار لەسەر جیمبسووت زیاتر سەرنجڕاکێشتری دەکات، بەهۆی ئەوەی جلێکی درێژە و دیمەنێك دەبەخشێت کە بۆ گەشتکردن و دانیشتنی شەوانە و دەرچوونی کاتی بەکار دێت. مۆدی ڕەنگی نیۆد کە لەلایەن مارکەی THE STUDIO K کاری دیزاین و ڕەنگکردنی بۆ کراوە، بەکاتی ڕۆژدا لەبەر دەکرێت، مۆدێکی نایابە بۆ زانکۆ و دەوامی فەرمی خانمان. دوا مۆدەش بریتییە لە جیمبسووتی شەوانە، کە لەلایەن دیزاینەر Laquan Smith کاری لەسەر کراوە، بۆ کاتی شەوانە وەك ئاهەنگی شەوانە یان کۆبوونەوە لەگەڵ کەسانی نزیك، ڕەنگەکی دیاری کراو نییە و بەڵکو بەپێی خواستی ئەو خانمەیە کە دەیپۆشێت چ ڕەنگێك هەڵدەبژێرێت.


# عینادترین باڵندە





ئەو جۆرە باڵندەیە هاوشێوەی مرۆڤ کێبڕکێی و دژایەتیی نێوان نێر و مێی هەیە، کە هەندێك جار لە یەکتر تورە دەبن و بە پێچەوانەی یەکتر کار دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر یەکێك هێلانە بکات خۆڵی زەوی هەڵکەنێت، ئەوەی دیکە شوێنەکە پڕ دەکاتەوە، واتە ڕێك پێچەوانەی یەکتر کار دەکەن، ئەو باڵندە کێوییە و ناوی باڵندەی (malle fowl) باڵندەیەکە توانای فڕینی نییە، بۆ ڕێکخستنی پلەی گەرمیی لەشیان بە جووتە هەڵدەستن بە دروستکردنی چاڵێك لە زەویدا، بەڵام هەندێك جار ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان و یەکێکیان خۆڵەکە دەردات و ئەوەی دیکە دەیکاتەوە ناوی، ئەوەش لە زۆربەی ناکۆکییەکانی نێوانیاندا بینراوە، تەنانەت هەندێك جار دژایەتییەکە دەگاتە ئاستی ئەوەی قسە و مامەڵەش لەگەڵ یەکتردا نەکەن، ئەو باڵندەیە زیاتر لە کیشوەری ئوسترالیا دەژی و لە شوێنی ناوچەی خۆڵ و لمدا هێلانە دەکات.



# شەقامی شیرینی و نوقڵ







داهێنان لە کاری تازە و هەنگاوی سەیر لەلای چینییەکانەوە ناوەستێت، کۆمپانیای IFSی چینی بۆ دروستکردنی خانووبەرە و باڵەخانە بەرزەکان، بەبۆنەی کۆتاییهاتنی پرۆژەیەکی گەورەی تاوەرە بەرزەکان لە ڕۆژی تەواوبوونیدا، سەیرترین پێشکەشکردنی شیرینی و نوقڵی لە شوێنی گشتیدا ئامادە کرد، ئەویش بە دروستکردنی فەرشێکی سەر شەقامە لە شیرنەمەنی و شەکرۆکە، کۆمپانیای (ئای ئێف ئیس)ی تایبەت بە دروستکردنی شیرنەمەنی لەو وڵاتە، لە یادی ساڵانەی خۆیدا هەڵسا بە دروستکردنی گەورەترین و درێژترین فەرشی شیرنەمەنی، کە درێژییەکەی (٢٣) پێ بوو، واتە دەکاتە (٢٧٦) مەتر، ئەوەی جێگەی سەرنجە نزیکەی (٢٠٠٠) کارمەندی شیرینی ئەو کۆمپانیایە بەشداریی دروستکردنی ئەو شەقامە شیرینییە بوون، کارەکەش بە پێنج ڕۆژ تەواو بوو و بووە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان و گەشتیاران.

# خەڵاتی ئاڵتوونی ئاشتیی نێودەوڵەتی بۆ خانمێکی کەرکووکە



ئاسیا ئەلزەنگینی خانمە چالاکی شاری کەرکووك، توانی لە تەمەنی ٢٤ ساڵێدا وەك یەکەم ژن لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق مەدالیای ئاڵتوونیی ئاشتیی نێودەوڵەتی وەربگرێت و، وەك باشترین کەسایەتیی ساڵی ٢٠٢٢ دەستنیشان کرا، وەرگرتنی ئەو خەڵاتە نێودەوڵەتییە بەهۆی ئەوەی کە ئەو خاتوونە مانگانە هاوکاریی ٣٨ نەخۆشی شێرپەنجە دەکات و دەرمان و چارەسەریان بۆ دابین دەکات، تەنانەت دەرمانەکان لێرە دەست ناکەون، بۆیە لە وڵاتی هندستانەوە چارەسەرەکان بۆ نەخۆشەکان دەهێنێت، هەروەها ئەو خاتوونە توانیویەتی ٣٥٠ مۆبایل بۆ منداڵانی هەژارو کەمدەرامەت و نەخۆش دابین بکات، کە لە نەخۆشخانەی هیوا سەرپەرشتی چارەسەرکردنیان بۆ دەکرێت، ئەو خەڵاتە هێندە بە ئاسانی وەرناگیرێت کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ساڵانە بۆ ئەو کەسانە دابین دەکرێت، کە ڕۆڵیان هەبووە لە هاوکاریی خەڵك و کەسانی نەخۆش و هەژاراندا، ئاسیا وەك کەسێکی ئاسایی حەز بە یارمەتیدانی خەڵك دەکات و ڕۆژانەی ژیانی بە هاوکاری و بە هاناوەچوونی کەسانی لێقەوماو بەسەر دەبات، کە پێی وایە کارەکەی هێندە خۆشیبەخشە،کاتێك یارمەتیی کەسێك دەدات هەست بە ئارامیی ڕۆحی و خۆشییەکی ڕادەبەدەر دەکات.

**فۆتۆ دانا حەمە غەریب**

# نمایش لەسەر زەوی و وێنە لە ئاسمان



نمایشەکان هەمیشە لەسەر زەوی دەکرێن و هەر لەسەر زەوییش وێنەیان دەگیرێت، بەڵام ئەمەیان جیاوازە و لە ئاسمانەوە وێنەی گیراوە، چینییەکان وێڕای ئەوەی زۆرینەی جیهانن لە ژمارەی دانیشتواندا، گەورەترین و سەیرترین نمایشی مرۆڤیان لە ئاسمانەوە ئەنجام دا، دوای خۆئامادەکردن و مەشقی چەند ڕۆژە، قوتابیانی پەیمانگەی (تاگوا مارتاڵ)ی چینی، جوانترین و سەیرترین نمایشان پێشکەش کرد، کە نمایشەکە لە ئاسمانەوە بە گوریس بوو، نزیکەی (١٥٠) کەس بەشداریان لەم نمایشە کرد، لە نمایشەکەدا بە جۆرێك خۆیان دەجووڵاندەوە کە وێنەی بازنەیی و شێوەی ئەندازەییان دەنەخشاند، وەك ئەوەی بە دەست کێشرابێت، نمایشەکە ماوەی کاتژمێرێکی خایاند بەبێ هیچ گرفتێك، ئەو نمایشە بە ئامادەبوونی زۆربەی خەڵك لە یاریگەی (نانجیگ نیگ ) بەڕێوە چوو، کە بووە جێگەی سەرسامیی ئامادەبووانی نمایشەکە.

# منداڵی دروستکراو



بوون بە خاوەنی منداڵ پێویستە لە ڕێگەی هاوسەرگیری و پەیوەندیی نێوان پیاو و ئافرەتەوە بێت، بەڵام تەمبەڵی و نەبوونی حەزی ئەو کچە بۆ هاوسەرگیری، وای کردووە کە پەیکەری منداڵ دروست بکات وەك ئەوەی راستی بن. (بلێندا راگز) کچە پیکەرتاش لە وڵاتی ئیرلەندا چەندین کەرەستەی دروست کردووە کە وەك ئەوە وایە راستی بێت، ئەو کۆمەڵە منداڵەشی لە پلاستیکی نەرم درووست کردووە، شێوە و روخساریان تەواو لە منداڵی ئاسایی دەچێت، تەنیا ئەوە نەبێ کە رۆحیان لەبەر نییە و بووکەشووشەن، تەنانەت تا لە نزیکەوە دەستیان لێ نەدەیت، هەست ناکەی کە بووکە شووشەن و وادەزانی منداڵی راستەقینەن.

## یاسا



### دووبارەکردنەوەی دادگاییکردن (اعادە محاکمە)


ڕێگایەکە لەڕێگەکانی تانە، کە ئەوکەسەی حوکمی لەدژ دەرچووە، دەتوانێت داوای دووبارە سەیرکردنەوەی دعواکە بکاتەوە، بەهۆکاری بوون یان دەرکەوتنی ناڕاستیەك، یان غەشێك کە لە دەرکردنی حوکمەکەدا پشتی پێ بەستراوە، ئەو حوکمانەی کە دەکرێت داوای دووبارە سەیرکردنەوە، یان دوبارەکردنەوەیان بکرێت، بریتین لە: ئەو حوکمانەی دەردەچن لە دادگاکانی ئستیئناف، ئەوحوکمانەی دەردەچن لە دادگاکانی بەدائە، حوکمەکانی دادگای باری کەسی، حوکەکانی دادگاکانی ماددەی کەسایەتی، حوکمەکانی دادگای کار. هۆکارەکانی دووبارەکردنەوەی دادگایی، غەش: ئەگەر لایەنی بەرامبەر غش ئەنجام بدات و کاریگەریی هەبێت لەسەر حوکمەکە. ساختەکردنی بەڵگە: ئەگەر دوای حوکم دەرکەوت کە لایەنی براوە ئەوراق و بەڵگەی خاوەڕووی تەزویر کردبوون، یان خۆی ددانی پێدا نا، یان دادگا بڕیاری تەزویری ئەوراقەکانی دەرکرد. گەواهیی ناراست: ئەگەر حوکمەکە لەسەر ئەساسی شاهێدی دەرکرابوو، دواتر دەرکەوت کە شاهێدییەکە ناڕاستە. شاردنەوەی بەڵگە: ئەگەر داواکاری دووبارەکرنەوەی دادگایی دوای دەرچونی حوکم چەند بەڵگەیەکی گرنگ و کاریگەری پێشکەش کرد، کە تۆمەتلێدراو هۆکار بووە کە پێشتر نەخراونەتە ڕوو.

بەپێی ماددە (١٩٦) لە (قانون المرافعات المدنية)، کاتی داواکردنی دوبارەکردنەوەی محکمة (١٥) ڕۆژە و، لە ڕۆژەوە دەست پێ دەکات کە غەش دەردەکەوێت، یان ددان پێدانان بە غەش، یان حوکم بەغەش دەردەکرێت. بەپێی ماددە (١٩٨) لە (قانون المرافعات المدنية) ڕێکارەکانی دوای دووبارەکردنەوەی دادگایی یاداشتێك پێشکەش دەکرێت بۆ ئەو دادگایەی کە حکمەکەی دەرکردووە، لە داواکارییەکەدا دەبێت ناو و ناونیشانی داوکاریی دوبارەکردنەوەی دادگایی تێدا بێت، هەروەها ناو و ناونیشانی لایەنی بەرامبەر و هەرزانیارییەکی دیکە کە پێویست بێت، پوختەیەك لە ناوەرۆکی حوکمەکە لەگەڵ هۆکاری داواکردنەکە، م/١٩٩.



## کاریکاتێر

باس لە قەیرانی ئاو لە داهاتووی جیهاندا دەکات، لە کاریکاتێرەکەدا کەسێك خۆی بە بەلووعەی ئاوەوە کردووە و چاوەڕێی دڵۆپە ئاوێکە بێتە خوارەوە.



## کتێب

**چۆن خانوویەکی داواکراو دەفرۆشیت**
**How to Sell a Haunted House**

رۆمانێکی نووسەر و رۆژنامەنووسی رۆژنامەی نیویۆرك تایمز (گرەدی هێندرێکس)ـە، رۆمانێکە دەربارەی خانوویەك کە داواکراوە و باس لە رابردووی خێزانێك دەکات کە بە دوایانەوە بوون و راو نراون، پاشان پاڵەوانی رۆمانەکە دایك و باوکی دەدۆزێتەوە بە مردوویی، کتێبەکە لەم ساڵدا بڵاو دەکرێتەوە و بە ر یەکێك لە گرنگترین ٤٩٤ کتێبەکان بڵاو دەبێتەوە، نووسەری کتێبەکە لە دایکبووی شاری چارلیستۆن لە باشووری کارۆلینا و خاوەنی کتێبی دیکەیە وەك: 2014 Horrorstör، The Final Girl Support Group، The Southern Book Club›s، Dirt Candy.




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگەر ناکۆکیت لەگەڵ کەسانی بەتەمەنی ناو خێزانەکەت هەوڵ مەدە ناکۆکییەکان قوڵ بکەیتەوە، بەڵکو شێوەی دیبلۆماسیانە بەکار بهێنە بۆ چارەسەری گرفتەکان، ئاگاداربونی تەندروستیت هۆکارە بۆ ئەوەی بە باشی و وزەیەکی زۆرەوە بمێنیتەوە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەگەر پلانی گەشتت هەیە لەگەڵ هاوڕێکانت یان خێزانەکەت، ئەوا بەم زووانە کارەکان جێبەجێ دەبن، گرنگی بە جۆری خواردنەکانت بدە، ئەم ماوەیە کەمێك ناتەندروستیت، خۆت فەرامۆش مەکە و گرنگی بە وەرزش بدە.



### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەوڵ بدە پشتگیریی خێزانەکەت بکەیت لەم کاتەدا، بەهۆی سەرقاڵبونتەوە لە بازنەی کۆمەڵایەتیی چواردەورت دوور کەوتویتەتەوە، ئەمڕۆ رۆژێکی باشە بۆئەوەی لایەنی داراییت بەرەو پێشەوە ببەیت، ئاگاداربە کە هەنگاوەکانت بەپێی پلان بێت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەو چانسەت دەبێت کە تواناکانت لەلایەنی کەسانی دیکەوە ببینرێت، ئەمەش زیاتر وا دەکات کە بە کەسانی دیکە بناسرێیت، گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەت وا دەکات کە لایەنی داراییت بەرەو پێشەوە بڕوات و گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی بابەتە جیاوازەکان لە رووی پیشەییەوە هۆکاردەبێت بۆئەوەی هەنگاو زیاتر بۆ پێشەوە بنێیت، لە رووی تەندروستییەوە ئەگەر چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینەکانت دەکەیت، ئەوا ئەنجامەکان زۆرینەی ئەرێنی دەردەچن.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە روی پیشەییەوە کارەکان بە پێی ئەو پلانە دەڕۆن بەڕێوە کە داتناوە، هەروەها لە گەیشتن بە ئامانجەکەت نزیکیت، لە رووی تەندروستییەوە ئەگەر پلانی رجیمت هەیە، ئێستا کاتێکی گونجاوە، بەڵام بیرت بێت کە هیچ کارێك بەبێ راوێژ نەکەیت.

بۆ زانیاریت

# میکانیکی شلگازەکان

وانەیەکی زۆر چاکە بۆ تێگەیشتن لە سرووشت و، هەردوو ژینگەی (هەوا،ئاو)، وە ئەم دووانە دوو توخمی زۆر ناسراون لە پێکهاتەکانی سرووشتدا کە لە فەلسەفەدا زۆر ئاماژەی پێ دەدرا (ئاو،هەوا،ئاگر،خاك)، لە پاش تێگەیشتنمان بۆ شل (بە تایبەت ئاو) توانیمان، (بەلەم، پاپۆڕ، کەشتی فڕۆکە هەڵگر و کەشتیی جەنگی و... هتد) دروستبکەین، لە پاش تێگەیشتنمان بۆ گاز (بە تایبەت هەوا) توانیمان، (پایسکیل، ماتۆڕسکیل، ئۆتۆمۆبیل، هەلیکۆپتەر، فڕۆکە) دروستبکەین، هەموو ژینەگەیەك وەك یەك نییە، بۆیە بۆ ئەوەی سەرکەوتووبیت و بتوانیت کاری نوێ ئەنجام بدەیت، دەبێ سەرەتا لە ژینگەکە تێبگەیت، بیرکردنەوە لە بەدەستهێنانی وزە و لە ڕێگەی میکانیکەوە، بەرەو پێشووەچوونێکی زۆری بەخۆوە بینیوە، داهاتووش ناوەستێت، بەڵکو لە ڕێگەی میکانیکی شلەگازەکانەوە وزە و هێزی زیاتر بەدەست دەهێنرێت.






## پەند و وتە


هێلین ئەدامز کیلەر نووسری ئەمریکی لە ساڵی ١٨٨٠ لە ئەلاباما لە ئەمریکا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری کۆنتێکیت هەر لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی گرنگیپێدانی ئافرەت لای پیاو، دەڵێت: ئافرەتان ئەو شتانەیان لە پیاوان دەوێت و بە دڵیانە، کە پیاوان ڕاستگۆبن و گرنگییان پێ بدەن و بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن.

## فیلم

### خاکی سلۆمبەر
### Slumberland




فیلمێکی فانتازیا و سەرکێشییە، باس لە کچێك دەکات کە نەخشەیەکی نهێنی دەدۆزێتەوە، بۆ گەیشتن بە خاکی سلۆمبەری بەدیهێنانی خەونەکان، ئەویش بە هاوکاریی کەسێکی سەرشێت و دەرچوو لە یاسا، هەوڵدەدەن خۆیان بخەنە نێو ئەو خاکە، بە هۆیەوە تووشی چەندین نەهامەتی و دەردەسەری دەبنەوە، مەبەستیش لە چوونی بۆ ئەو خاکە، بینینی باوکە کۆچکردووەکەیەتی، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٧ خولەکە، لە دەرهێنانی فرانیسیس لۆرینس، لە نووسینی جۆ ویلیامز، بودجەی فیلمەکە ١٥٠ ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی: (جەیسۆن مامەوا، مارلۆ بارکلی، کەیلی چاندلەر، کریس ئۆدود، هەمبەرلی جۆنزالیز، ئیندیا دی بیافۆرت)ـە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا پاسێك هەیە و دەڕوات، چەند منداڵێکی تێدایە، بەڵام ئاراستەی پاسەکە دیار نییە کە چۆن دەڕوات، واتە ئاراستەی ڕۆیشتنەکەی دیاری بکە و بزانە بۆ کام لا دەڕوات.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسێکی کۆمەڵایەتیت، بەڵام بایەخ بە دۆست و ئازیزانت نادەیت، ئەمەش زیانی دەبێت و پێویستە هەوڵ بدەیت پەیوەندییەکانت چالاك بکەیتەوە، ڕەنگە ناسینی کەسێکی نوێ ژیانت بگۆڕێت و ئاسوودەبیت، ئایندەت لەبیر مەکە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەوەی لە ڕابردو روی دا تەواو بوو، کاتی ئەوە هاتووە سەیری داهاتو بکەیت، یەکسانی ڕابگرە لە نێوان هاوڕێکانتدا بۆ ئەوەی سوودت پێ بگەیەنن، پێویستە گرنگی بە بیرکردنەوەکانی خۆت بدەیت بۆ ئەوەی باشترین ڕێگە هەڵبژێریت

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەم ماوەیە زۆر کاتەکە گونجاو نییە بۆسەرکێشی، پێویستە لە دۆخی کارەکەت ئاگادار بیت، هەواڵێکی خۆش چاوەڕێت دەکات، خۆراکی تەندروست و وەرزشکردن بە تەندروستییەکی باشەوە دەتهێڵێتەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ئەو یارمەتییانەی بە کەسانی دیکەی دەگەیەنیت بەرز دەنرخێندرێت و ستایش دەکرێیت، لە رووی سۆزدارییەوە ڕێگەی دروست بدۆزەرەوە بۆئەوەی پەیوەندیی خۆت و خۆشەویستەکەت بەهێز بکەیت، تەندروستیت زۆر باشە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە رووی پیشەییەوە ناتوانیت باشترین هەوڵەکانی خۆت بدەیت و بەرەوپێش بچیت، ئەم ماوەیە زیاتر چاوت لەسەر چالاکییەکانی ناو خێزانەکەت بێت و خۆتی لێ دورمەخەرەوە، باشترە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێزتر بکەیت.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هێز و توانایەکی باشت هەیە و بارودۆخەکە جێگیرە، کەسانێکی زۆر داوای هاوکاریت لێ دەکەن، هەوڵ بدە بەپێی توانا هاوکاری پێشکەش بکەیت، چونکە دواتر ئەوان دەبنە پشتیوانت، هەوڵ بدە ئامانج و هیواکانی خۆت لەدەست مەدە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan January 16, 2023 Issue,No.1349


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626